کتێبخانەی (PDF)

GOLDEN BOOK

خۆت فەرامۆش بکە و

# لەگەڵ خودا بژی

لە چاپی (سی)یەمەوە وەرگێڕاوە

چاپی دووەم

مریم البلوشی

وەرگێڕانی: ئارام عوسمان

گروپی کتێبخانەی ( PDF )

ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان

وە بەرهەم و کاری نوێ




# کتێبخانەی ( PDF )

Public group · **100K** Members

خۆت فەرامۆش بکە و

# لەگەڵ خودا بژی

مریم البلوشی
وەرگێڕانی: ئارام عوسمان

# پێشکەشە بە:

*هەر دڵێک کەبەئاگابێت و تێبگات..

*بۆ هەموو ئەو رۆحانەی بەردەوام پرسیار لەخۆیان دەکەن..

*لێرە هەندێک وەڵام هەیە کەلەماوەی ساڵانێکدا بەسەرمدا تێپەڕیون..

*لەوانەیە لەیەک بچین، لەوانەشە جیاوازبین..!

# پێڕست


١. تۆ چۆزانیت کـێـیت؟.......... ١١
٢. بیرکردنەوەو وشـەکـان.......... ١٤
٣. براکەم (مـەدریـد)ییـە.......... ١٧
٤. بـەتـەمـەنـەکـان.......... ١٩
٥. کۆت و بەندی پـسـپـۆڕی.......... ٢٢
٦. ٣٠٠ درهــــەم.......... ٢٥
٧. باجی سـەرکـەوتـن.......... ٢٨
٨. پردی خۆکوشتن-لۆزان.......... ٣١
٩. پەککەوتەیی.......... ٣٤
١٠. ستەم تاریکستانە.......... ٣٧
١١. هـەسـتـەکـان.......... ٤٠
١٢. بەهرە نیعمەتە یان بـەڵایـە؟.......... ٤٣
١٣. کۆمەڵگەی دایـکـەکـان.......... ٤٦
١٤. نیشتمانەکەم نیعمەتە.......... ٤٩
١٥. خەفەت مـەخـۆ.......... ٥٢
١٦. کوپێک قــاوە.......... ٥٥
١٧. نــازنــاوەکــان.......... ٥٨
١٨. خۆشەویستی چــیـــە؟.......... ٦١
١٩. دەروونـەکـانـمـان.......... ٦٤
٢٠. ژیان وانــەیــە.......... ٦٧
٢١. میتسیوبیشی.......... ٧٠
٢٢. بەیەکگەیشتنی بـیـرەوەری.......... ٧٣
٢٣. عیشق.......... ٧٦
٢٤. داهێنەرەکان.. مـانـدوون.......... ٧٩
٢٥. ئەو ئاستەنگانەی سەما دەکــەن.......... ٨٢
٢٦.رەتـکـردنـەوە=داهـێـنـان=سـەرکـەوتـن.......... ٨٥

٢٧.هەستەکانمان.. لەگەڵ خـودا........................................٨٨
٢٨.تەرکیز ژانی داهێنـانـە.......................................................٩١
٢٩.خەفەت بخـۆ......................................................................٩٤
٣٠.ئەوانەی شوێنەکانیان ونکردووە...........................................٩٧
٣١.تامەزرۆیی وزەی هەستەکانە...............................................١٠٠
٣٢.مرۆڤ لەبیربکە.. لەگەڵ خودا بژی.......................................١٠٣
٣٣.رابردوومان........................................................................١٠٦
٣٤.کۆلیسترۆڵی ئـەرک...............................................................١٠٩
٣٥.وزەو هەستەکان.................................................................١١٢
٣٦.هاورێیەتیی جیهانی.............................................................١١٥
٣٧.گەلی لێبوردن.....................................................................١١٨
٣٨.روخسارانی گەشتکردوو.........................................................١٢١
٣٩.ئاژاوەی خێزانی..................................................................١٢٤
٤٠.لەدەستدانی ئەوەی خۆشماندەوێت........................................١٢٧
٤١.پێوەندی کۆیلایەتی..............................................................١٣٠
٤٢.جیهانیبوونی (جینگا) ..........................................................١٣٣
٤٣.خەون نامرێت....................................................................١٣٦
٤٤.کێ دەنووسێت؟....................................................................١٣٩
٤٥.خۆشەویستی پێویستییە........................................................١٤٢
٤٦.ژیانی دوای کۆچکردن...........................................................١٤٥
٤٧. سەیرو سەمەرە..................................................................١٤٨
٤٨. بۆیاخگەی (مەگدەلین).. پەند.................................................١٥١
٤٩. بێزاریی فیلمەکان................................................................١٥٤
٥٠. وزەی بەخشین....................................................................١٥٧
٥١. چیرۆکی دەوڵەتان لەپیاوێکدا...............................................١٦٠
٥٢. زیرەکانە تۆماری بکە..........................................................١٦٣
٥٣. خۆت دەکەیت بەچی.. ئەوەی ماوە بۆ خۆتانی جێدەهێڵم......١٦٥

# پێشەکی

ژیان بەردەوام گەشتێکی پڕلە هەڵوێست و هەڵبەزو دابەزە، ئەوەی بەسەرمان دێت هەمووی تیاماندا تۆماردەکرێت لەیادگەیەکی لەبیرکراودا، لەپشت ئەو دەرگایانەی کە هەندێجار نامانەوێت بێنەوە بیرمان، هەروەها حەزی زانین بزوێنەرمان دەبێت بۆئەوەی بخوێنینەوەو فێرببین، لەنێو لاپەڕەکانی ئەم کتێبەمدا درێژدادڕی و وتارەکانم بوونیان هەیە، کەلەخۆم دەچن و لەوانەیە لەتۆش بچن، حاڵەتێک لەنزیکبوونەوەی زۆرینە لەژیان، و رزگاربوون لەهەندێک هەڵوێست بەهۆی نوسینییەوە، لەنێو لاپەڕەکانمدا لێرە هەندێجار دڵخۆش بووم، ڕەشبین بووم، گریاوم و زۆرجاریش لەبیرم کردووە، لەڕابردوو و ئێستاشدا ئەزموونی فێربوونی بەردەوامە لەناوەڕۆکی ژیان، و ئەوەی پیایدا تێدەپەڕین، نەنووسراوە بۆئەوەی کەسێک فێری شتێک بکات، چونکە هێشتا خۆم فێردەبم و هەڵەش دەکەم.

لەنێوان لاپەڕەکان و حاڵەتەکانی دڵەڕاوکێدا، وشە پەیامهێنێک بووە لەنێوان من و تۆدا، زۆرمان وتووەو لەزۆریش ترساوین، بەڵام لێرەدا هەندێکمان دەخوێنینەوەو پرسیار لەهەندێکمان دەکەین، دەرمانێک هەیە بمانپارێزێت لەتای خوێندنەوە؟

بخوێنەرەوەو فێربە، وەکو نووسەرێکی پاک و بێهەڵە نین، یان لەچینێک بین جیاوازبێت لەوەی تۆ، بەڵکو ئەوە ئێمەین بڕیارمان داوە ئەوەی تیایدایە بمێنێتەوە بۆئەوەی لەکاتی بڵاوکردنەوەیدا

بگاتە دەستت، ئێمەی نووسەر مرۆڤین، هەروەکو تۆ، هەستەکانمان کارتێکراو دەبن و وردەکاریەکانی مرۆڤ ماندوومان دەکات، هەوڵدەدەین رووخۆش بین و لەهەمووشماندا ئازارێک هەیە کەدەمێنێتەوە، خەفەت مەخۆو هەندێجاریش خەفەت بخۆ، ئەوەی لەنێو دێڕەکاندایە لێی تێبگە، بابەیەکەوە گفتوگۆ بکەین.

١٥-٤-٢٠١٨

برسبن-ئوستراليا

## ١. تۆ چۆزانیت کێیت...!

پێکهاتەی مرۆڤ کەدووبارەم کردووەتەوەو پێشتریش وتوومە، پێکهاتەیەکی قورسە، بەڕاستی قورسە، پێکهاتەی مرۆڤ لەهەستەکانیدا ئاڵۆزە، لەوەی پیایدا تێدەپەڕێت، هەندێجار کەسمان نازانێت چی ڕوودەدات، یان ئەوەی هەستی پێدەکات چییە، ئازارەکان زۆر ڕوومان تێدەکەن و هەندێجاریش خۆشییەکان تەنانەت وادەکات پێکهاتەمان لەشەپۆلێک بچێت کەیاری بەعەقڵمان دەکات، دەیبات بۆ هەورازو نشێوی ماندووکەرو تاڕاددەیەک لەناوبەر.

داهێنانی مرۆڤ لەزۆرینەی ئەوانەی لەم دوایانەدا خوێندومەتەوە لەئەنجامی چەند تاقیکردنەوەیەکەوە دێتەئاراوە کەئاسان نین، ڕەنگە نەمری بۆ زۆرینەیان دوای کۆتاییەکی قورس بێت لەبەرزی و نزمی، کەدەروونی مرۆڤ پیایدا تێپەڕدەبێت، لەئازارو ناڕەحەتی و ناخۆشی، بەڵکو ئەوەی لەهەندێک دیمەندا بەسەر من هاتووە وایکردووە پرسیار بکەم: ئایا بەڕاستی داهێنان دۆخێکە لەناڕەحەتی، کەپێویستە پیایدا تێیپەڕین؟ ئایا وێنەیەکە کەلەهەموو کۆمەڵگەو سەردەمەکاندا دووبارە دەبێتەوە؟ تەنانەت لەوتەکەی تەیب ساڵح «ئەرکی من وەکو نووسەر بیرچوونەوە نییە، بەڵکو ئەوەیە بەبیری بهێنمەوە، کێشەکەش بەلای منەوە ئەوەیە شتانێکی زۆرم بیربکەوێتەوە کەبەتەواوی لەبیرم کردوون، بەلام بیرچوونەوە لەژیانی ئاساییدا قۆناغی ئازارە گەورەکەیە».

ئەم دەربڕینە زۆر رایگرتم، بـەردەوام دەمخوێندەوە لەزۆرێک لەدیمەنەکانی ژیانی نوسەرو هونەرمەندەکاندا. راڕەوی مەزن کەناوی دەنێم (راڕەوی ئازار) ئایا پێکهاتەیەکی بنچینەییە بۆ دۆخی ئەو نووسینەی پێویستمان پێیەتی؟ یان ئەو دۆخە هونەرییەی هونەرمەند تیایدا دەژی، وەک ئازاری (فنسنت ڤان کوخ) کەدوای بینینی یەکێک لەفیلمەکانی نارەحەتییە مرۆییەکانی هانیدام بۆئەوەی زیاتر توێژینەوە بکەم و لەبارەی خودی مرۆڤ و پێکهاتەیەوە بخوێنمەوە.

لەڕاستیدا تۆ کێیت؟ ئەمە ئەزمونێکی تایبەتییە کەلەڕێی زۆر شتەوە پێی ئاشنا دەبین، چەندە جوانە ئەو پەیوەندییەی بەهۆیەوە بەخۆت ئاشنا دەبیت لەشۆڕشی خوێندنەوەی دابڕاودا، هیچ نیە جگە لەدۆزینەوەی خودی خۆت و ئەوەی لەسەرتە، هەر گەردێک لەتۆدا ئینتیمای بۆ کێیە؟ لەوانەیە لەڕۆمانێکدا رستەیەک بدۆزیتەوە کەلەتۆ بچێت، یان لەوانەیە چیرۆکی یەکێک لەچیرۆکنووسە داهێنەرەکان بەرکەوتنی لەگەڵ تۆ هەبێت، نەک لەبەرئەوەی لەو دەچیت، بەڵکو لەبەرئەوەی لەلایەن ئەو نووسەرەوە بەڕاستگۆییەوە نووسراوە لەئەزمونێکی مرۆییدا، هەمووشمان لەم ژیانەدا پێویستمان بەوە هەیە کەتەنها سیفەتێکی گرنگمان هەبێت (مرۆڤ).

تۆ لەڕێی کتێبەوە ئاشنا دەبیت بەسیفەتی مرۆڤانەی راست، لەبەرئەوە بێهیوا مەبە، کاتێ دەخوێنینەوە ئەوا فێردەبین کەبەشێک لەئازارەکان تێپەڕێنین، ئێمە باوەڕمان بەخودا هەیەو بەوەی هەرشتێک بەسەرمان بێت خێرو باشەی تێدایە، هەر پەیام و بەڵگەو کتێبێک کەلەنووسەرەکانەوە دەمێنێتەوە گواستنەوەیەکی ویژدانیی فەلسەفییە، زۆر کەس لەنموونەییبوون دادەماڵێت و ئاگادارت دەکات کە؛ کەس ناوی نەمر نەبووەو ژیانی خۆشگوزەران بووبێت، تەنها لەبەرئەوەیە کەسەرەتا رۆڵی خۆی بەرجەستە کردووە، و هۆکاری بوونی زانیوە، هەروەها تامەزرۆیی و ئینتیمای، رۆژێک لەڕۆژان

لەخوێندنەوەکان یان کتێبەکانی کەسانیترەوە هیچ فێرنەبووم ئەوە نەبێت کە من زۆر لەوان نەزانترم، خۆت دەزانیت کەتۆ کێیت، ئەبێ کێ بیت!! با حەزی زانین لەناوماندا بەردەوام بێت بۆ ناسینی خۆمان، با بەردەوامبین لەخوێندنەوە.

هەموو رۆژێک فێردەبین کەخوێندنەوە پەیڕەوێکی راستەقینەیە بۆ ژیان، هەروەها بۆ چۆنیەتیی ئەو ژیانەی دەمانەوێت بژیین، مژدە بۆ ئەو نووسەرانەی بەوەی پێشکەشیان کردووە ناویان ماوەتەوە، هەروەها سوپاس بۆ هەموو ئەو دەزگاو لایەنانەی پشتیوانی خوێندنەوەو نووسین دەکەن.

با زیاتر بەژیان ئاشنا بین.

٢٠١٨-٣-٣١

## ٢.بیرکردنەوەو وشەکان

زۆرینـەی نـووسـەری سـتـون و راپـۆرتـەکـان هـەندێجار نووسینەکانیان بەوتەی بیانی یان پەند پشتئەستوور دەکەن لەڕاپۆرتەکانیاندا، ئەوەش لەفراوانیی خوێندنەوەیانەوە سەرچاوەی گرتووە، هەروەها شارەزاییانە لەکلتورە جۆراوجۆرەکان، بەڵام کرداری بەدواداچوونی هەندێک نووسەر ئەو تێگەیشتنەت لەلا دروستدەکات کەهەندێک بەبێ نموونەیەکی بیانی ناتوانن بنووسن، وەک ئـەوەی تەنها بۆ بەهێزکردنی بیرکردنەوەکانی خۆیان پەنایان بۆ بەرێت، من پێموایە ئەو کەسە سەرەتا بیری لەبابەتەکە کـردووەتـەوە کـەدەیـەوێـت بینووسێت پـاشـان دەسـتیکـردووە بەپرۆسەی (گۆگڵاندن) بۆ گـەڕان بـەدوای پەند یان وتەیەکدا، هەرلە منداڵیمەوە نووسەرانی ستوون سەرنجیان راکێشاوم، لەبەرئەوەی لەوتە چڕوپڕەکانیاندا شتی بەسودی تێدایە، و ئەوەی لەمێشکیاندایە یان بیری لێ دەکەنەوە وەریدەگێڕن بۆ خەڵک، بۆئەوەی بێ کەم و زیاد بیگەیەنن بەبەرپرسەکان، لەبەرئەوە بـەدواداچـوون بۆ هەندێک لـەنووسـەران ئـەو هەلەت پێدەدات بـەدواداچـوون بۆ زنجیرەیەک لـەڕووداوەکـان و ئـەنجامەکانیان بکەیت، بەشێوازێک کەکرداری تێگەیشتن و پەیوەندیکردنت لەلا ئاسان دەکـات، لـەزۆربـەی کاتیشدا دەبینیت بوویت بەکەسێک کەگرنگی دەدەیت بەوەی بزانیت لەکۆمەڵگەدا چی ڕوودەدات، تەنها

لەڕێگەی ستوونێکی سادەوە کەڕۆژانە بەدواداچوونی بۆ دەکەیت، تەنها چەند وشەیەکە کەواقیعەکەیان خستووەتەڕوو، و چووەتە ناو ماڵەکانەوە لەشێوەی پیت و لاپەڕەدا.

بابەتەکان هەمەڕەنگن و خۆیان چڕوپڕ کردووەتەوە لەزۆربەی کاتەکاندا، بەڵام هەندێک دەناڵێنن بەدەست هەڵبژاردنی بابەتی راپۆرتەکانیانەوەو هەندێکیش زۆر لەخۆیان دەکەن.

ژمارەیەک لەنووسەران دەبینیت کەلەتۆرە کۆمەڵایەتیەکاندا داوای بیرۆکە یان ناونیشانێک دەکەن، وەک ئەوەی تورەکەکەی هیچی تێدا نەمابێت و چاوەڕێ بێت خەڵکی بەفریای بگەن!! تەنانەت گەیشتمە ئەو بڕوایەی کاتی ئەوە هاتووە بۆماوەیەک ستوونەکەی دابخرێت (داخراوەو لەژێر چاککردنی فیکریدایە).

ئەی سەبارەت بەڕۆژەکانمان و ئەو هەڵوێست و ئەزموونانەی پیایاندا تێپەڕدەبین؟ ئەوەی دەیبیستین لەڕێی گفتوگۆو دانیشتنەکانەوە؟ ئایا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کەئامێرەکانیان پڕکردووین (تویتەر، فەیسبووک، ئینستاگرام) بێبەشیان کردووین لەچێژی تێکەڵاوبوون لەگەڵ مرۆڤەکان و گوێگرتن بۆ وردەکارییەکانی ژیانیان و ئەزموونەکانیان و وەرگێڕانیان بەپێنووسەکانمان؟ ئایا ئاسانکارییە ئەلەکترۆنییەکان ئەو خەیاڵەیان لەلا دروستکردووین کەگەیشتووینەتە شاری شکۆمەندی، و ئەو بابەتانەی پێویستە باسیان بکەین تەنها لەبارەی ئەو شوێنانەوە دەبێت کەلەو شارەدان؟ ژیانی مرۆڤی ئاسایی لەکوێدا دەخوێنرێتەوە؟ لەکوێ تابلۆی هونەرمەندەکان سەردانیان دەکرێت؟ چەندە لەکتێب دوورکەوتووینەتەوە؟! چەندە تەمەڵین لەسەردانیکردنی شوێنە کەلەپوری و مێژووییەکان؟! و کەی هێندەی ئەمڕۆ لەرۆژانەی شەقامەکان دوورکەوتووینەتەوە

کەگەورەی نووسەران (نەجیب مەجفوز) ڕۆژانە تێکەڵی دەبوو تائەوکاتەی دەگۆڕان بۆ چەند ڕۆمانێک کە لەگەڵ دڵ دەدوان؟! هەموو شتێکمان ئاسان کردووە تەنانەت نووسینیش، ئەمڕۆ کەم بەدواداچوونی بۆ دەکەین بەداخەوە. کێ خەتابارە؟ ئەمە تەنها قسەیە، بەڵام قسەیەک کەپێویستە بەقوڵی هەڵهێنجرابن، چونکە لەوانەیە ژیانی کەسانێک بگۆڕن.

٦-١٠-٢٠١٣

## ٣.براکەم (مەدرید)ییە

لەسەردەمی منداڵیماندا بەبەردەوامی لەدۆخی بەریەککەوتندا بووین لەگەڵ براکانماندا، بەشێوەیەکی سروشتی ئەمە فیترەتێکە کەهێشتا لەمندالانی ئەم سەردەمەشدا ماوە.

رۆژێک پرسیارم لەکچۆڵەیەک کرد کەناوی (ئ.ج) بوو: کەگەورە بوویت حەزئەکەیت ببیت بەچی؟ وتی کەشتیەوانی ئاسمانیی لەناسا، سەرسام بووم بەحەزو خولیای بەکارکردن لەناساو بەو پیشەیە. وتم: کەواتە تۆ بۆشایی ئاسمانت خۆشدەوێت و دەتەوێت لەوێ بژیت، وەڵامی دامەوە: پێم خۆشە لەبەرئەوەی دووربم لەبراکەم. پێکەنیم و زانیم ئەمە چیرۆکی بەردەوامی براو خوشکە، گرژی و ئاڵۆزی و ئاژاوەو لەکۆتاییشدا ئاشتبوونەوە. پێموت: تەنها لەبەرئەوەی بەردەوام ناکۆکن؟ وتی: نا.. لەبەرئەوەی ئەو هاندەری مەدریدە. سەرسامییەکە لێرەدا بوو.

لەڕاستیدا (ئ.ج) هاندەری بەرشەلۆنە بوو، بەردەوام لەگەڵ براکەی ناکۆک بوون، لەبەرئەوەی ئەو هاندەری ریاڵ مەدرید بوو، ئەم بابەتانە بەلای نەوەکانی رابردووەوە زۆر گرنگ نەبوون، بەدەگمەن یاریی تۆپی پێ یەکێک بووە لەئارەزووەکانی کچان، تەنانەت لەبەرنامەیاندا نەبووە.. بەڵام ئەمڕۆ دەبینین یاریگاکان کچانی تازەپێگەیشتوویان تێدایە، لەماڵەکاندا دەبینین ناکۆکی و دووبەرەکی هەیە، لەبەرئەوەی تیپەکەی ئەمان بەرامبەر تیپی ئەوان دۆڕاوە. وەرزش جوانە، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە کاتێ

هەردوو رەگەز حەزیان لەتۆپی پێ دەبێت. لەڕابردوودا ئەوپەڕی چێژوەرگرتنی لەیاریکردن بوو بە بوکەڵەکەی و لەبەرکردنی جل بۆی، هەروەها داوای لەباوکی دەکرد خانویەک بۆ بوکەکەی بکڕێت.
غەریزەی ناچاری دەکرد جلی بوک ئامادەبکات، هەندێجار خۆی بەدەستی خۆی دەیدوری، هەروەها دەچوو بۆلای بەرگدروویەک بۆئەوەی ئەو پارچە زیادانەی لەجلەکان لێی ماوەتەوەو پێویستی پێیان نیە بیداتێ، بۆئەوەی جلی بوکەڵەکەی لەگەڵ رەنگ و جۆری وەرز بگونجێت و رکابەری کچانی گەڕەکی پێبکات. ئەوکات ئەوە لەمێشکیدا نەبووە کەئارەزووی کچەکەی تەواو پێچەوانەی ئەم دەبێت. هەروەها لەمیزاجێکی دژدا دەبێت، تەنها لەپێناو یارییەکدا کەتایبەتە بەپیاوان (تەنها لەڕابردوودا).

ئێمە هاندەری ئەوەین گرنگی بەهەموو جۆرەکانی وەرزش بدرێت، ئەمڕۆش کچ چووەتە ناو زۆرینەی وەرزشەکانەوە بەشێوەیەک کەپێچەوانە نەبێت لەگەڵ دابونەریتەکانماندا، بەڵام ئایا گۆڕانی ئەو گرنگیپێدانانەی لەگەڵی لەدایکبووین وەکو کچان دیاردەیەکی تەندروستە؟ هەندێجار رەتیدەکەینەوە کچێکی بچوکمان بەشداری بکات لەتیپێکی تۆپی پێدا یان هیتر، چونکە ترسمان هەیە لەوەی رۆژێک بیرمان بچێتەوە کەئەمە کچە، یان رەفتارو رەوشتی بگۆڕێت لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دیاردەیەکی نەخوازراو لەکۆمەڵگەدا. پێویستە زۆر وریابین بەرامبەریان، ئەگەرنا ناچاریان دەکەین بەوازهێنان لەشتێک کەپێیان خۆشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بەشێوەیەک بیریان بخەینەوە کەئەوان پێیان خۆشبێت، بەڕاستیی فیترەتیان و ئەوەی حەزو ئارەزووەکانیان لەداهاتوودا رەنگدانەوەی سیفەتەکانی ئافرەت بێت.

٢٠١٣-١١-١٧

## ٤. بەتەمەنەکان

هیچ ماڵێک نیە پیاوێکی بەتەمەنی تێدا نەبێت، باوک یان باپیرە، یان ئافرەتێکی بەتەمەن، دایک یان نەنک، یان لەوانەیە برایەکی گەورە یان خوشکێکی گەورە بێت. ژیان لەروخساری ئەو بەتەمەنانەدا چیرۆکی تەمەنێکی درێژ دەگێڕێتەوە کەتیایدا ژیاون، لەپێناوی ئەوەی ئەمڕۆ بەو تەمەنەوە بیانبینین. چیرۆک و کات لەلای ئەوان وەستانی نیە، هەموو وشەکان سادە دەبنەوە کاتێ تەماشای چاویان دەکەیت، ئەو شتێک دەزانێت کەتۆ نایزانیت و لەپێش تۆدا ژیانی تاقیکردووەتەوەو زۆر شتی زانیوە، هەندێکیش ئەمڕۆ بەردەوامە لەگەڵ بیرەوەریی سەردەم.

هەرکەس ئەمڕۆ سەرێک لەنەخۆشخانەکان بدات دەبینێت کەزۆرینەی بەشەکان بەکەسانی بەتەمەن پڕبوونەتەوە، ژنان بن یان پیاوان، حاڵەتی جۆراوجۆرو نەخۆشیی جیاواز کەدەیزانین و هەندێکیشیان نازانین، بەڵام هەموومان ئەوە دەزانین کەئێستا ئەوان لاوازبوون، ئەوان لەپەککەوتەییدان، هەندێجار کەسێکی نزیک ئەمدیواو ئەودیویان پێدەکات و زۆرینەی کاتیش نەناسراوێکە کەبریتییە لەپەرستارێک. ماوەیەک لەمەوبەر چیرۆکی پیاوێکی بەتەمەنم بیست کەدوو ساڵبوو لەژوورێکی نەخۆشخانەکەدا بوو و پەرستارێکی تایبەتی هەبوو، هیچ دەسەڵاتی نەمابوو، ئامێری هەناسەدان و بێدەنگییەکی رەها.

ئێمەش ئافرەتێکی دراوسێمان هەبوو، لەکۆڵانەکەدا سەردەمێک کەمۆبایل بوونی نەبوو ئەو سەرچاوەی یەکەمی گەیاندنی هەواڵەکان بوو. پرسیاری لەگەورەو بچوک دەکرد، ناوەکانمانی دەزانی و شارەزای بەسەرهاتی چیرۆکەکانی ژیانمان بوو، ئەمڕۆ لەگۆشەیەکی نەخۆشخانە کەوتووەو لەشی پڕکراوە لەلوولەو سۆندە، هەندێکیان بۆ هەناسەدان و هەندێکی تریش بۆ خواردن، هێشتا دەتناسێتەوە، دەستت دەگرێت بەڵام قسە ناکات.

ئەمە ژیانەو ئەوانەش لەپێناو ئێمەدا ماندوو بوون، نازانم چۆن هەندێجار ڕێگا بەخۆمان دەدەین کەلەنێو کەسانی نەناسراودا جێیان بهێڵین؟ چۆن جێیان بهێڵین و لەتەنیایی و نامۆییدا بژین، بەرلەوەش لەتامەزرۆییدا دڵ و چاوەکانیان بگرین؟ چۆن جێیان بهێڵین بۆئەوەی هەست بەسەرشۆڕی بکەن لەکاتێکدا بوونەتە بارێکی قورس؟ زۆربەیان لەوێ چاوەڕێی بەزەیی خودا دەکەن تا ئەم جیهانە جێبهێڵن، لەبەرئەوەی بەدەست تەنیاییەوە دەناڵێنن، هیچ هاودەم و هاوخەمێک نیە، با بیر لەخۆمان بکەینەوە کاتێک کەمنداڵ بووین، ماندوو دەبووین و نەخۆش دەکەوتین، جێیانهێشتین؟ وازیان لێهێناین؟ هەندێک باوک هەبوون کەچەندین مانگ و ساڵدوورکەوتوونەتەوە لەوڵات بۆ چارەسەرکردنی کوڕەکەی یان کچەکەی. هەندێکیش هەیە کەخۆشیی لەموچەکەی نەبینیوە لەپێناوی ئەوەی ژیانێکی شکۆمەندانە بۆئەوان دەستەبەر بکات!!

ئێستا چۆن دەبێت لەپەککەوتەییدا بن و تامەزرۆی بیستنی دەنگی کوڕو کچەکانیان بن کەبەمنداڵی زۆر نازیان هەڵگرتوون؟! ئایا بەهۆی سەرقاڵیی ژیانەوەیە؟ یان ئەوەیە کەوامانلێهاتووە کەنەزانین کێ شیاوی ئەوەیە ژیان و کاتەکانی خۆمانی بدەینێ؟ چۆن شەو بخەوین و باوک یان دایکمان لەوێ لەبەشێکی کراوەو ئاشکرادا ماوەتەوەو بەدەستی نەناسراوان ئەمدیواو ئەودیو دەکرێت؟ چۆن ژیانیان پێنەدەین و بڵێین کاتمان نیە لەکاتێکدا ئەوان تەمەنی خۆیان

دا بەئێمە؟ چۆن سەرقاڵ بین بەمنداڵەکانمانەوە لەکاتێکدا دوێنێ ئێمەش بۆئەوان منداڵ بووین؟ چۆن بۆ منداڵێکی نەخۆش بگرین و فرمێسکی بەتەمەنێکمان لەبیربچێت کەئاواتەخوازە لەماڵەکەی خۆیدا لەنێو منداڵەکانیدا بوایە؟ با دڵمان نەرم بێت و دڵڕەق نەبین بەرامبەریان، با نەخۆشخانەکان و بەشی بەتەمەنەکانیش وێران بێت و ئەوانی تێدا نەبێت، شوێنی ئەوان لەناو ماڵەکانیاندایە لەنێو ئەوکەسانەی پێیانگەیاندوون. با بەزەییمان بەرامبەریان هەبێت بۆئەوەی بەزەیی هەبێت بەرامبەرمان کاتێک پیردەبین، با لەبیرمان نەچێت کەئەوان خێرو فەڕی ژیانن بەرلە مردن.

٢-٣-٢٠١٤

## ٥.کۆت و بەندی پسپۆڕی

دڵخۆشیی تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی، جوانترین قۆناغە کەمرۆڤ لەژیانیدا پیایدا تێدەپەڕێت، ئەوە دەرگای جیهانێکی نوێیەو ئاسۆیەکی بۆ دەکرێتەوە کەدوورترە لەتەنها کورسیی خوێندن و جلی قوتابخانە، ئەوە هەنگاوی یەکەمە بۆئەوەی مرۆڤ حەزو ئارەزووەکانی ئاشکرابکات و دەستبکات بەهەوڵدان بۆی، بۆئەوەی قۆناغی زانکۆ دەستپێبکات لەساڵی یەکەمدا، هەموو ئەوانەی خەونی پێوە بینیوەو لەدڵی خۆیدا بیری لێکردووەتەوە لەبارەی پیشەو ناونیشانی داهاتوویەوە، چی دەبێت ئەگەر ئەو ناونیشانە کۆتوبەندێکی نوێ بێت کەحەزی پێ نەکات؟

بەسەر مندا هات، تائێستاش بەردەوامە، چیرۆکی کەسانێکی زۆر هەیە کەچەندین ساڵپسپۆڕییەکیان خوێندووە کەحەزیان لێی نەبووە، هیچ چێژیان لێ نەبینیوە، یان لەڕێگەیەوە هەستیان بە بەهای زانستیی راستەقینەی ئەوە نەکردووە کەدەیخوێنن، بەڵکو ماندووبوون و نارەحەتیی زۆریان بینیوە بۆئەوەی دەربچن و لەو پرۆسەیەدا بەردەوام بن تاکو خوێندن تەواودەکەن.. لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی یەکێک لەدایک و باوک ئەوەیان پێ باش بووە. ئەوە جوانە کەمنداڵەکان خەونی دایک و باوکەکانیان بهێننەدی، ئەوەش جوانە کەئەوان ببنە پردێک بۆئەوەی خۆیان حەزیان پێکردووە، جوانیشە دایک و باوک شانازی بکەن بەبەرهەمی ماندووبوونەکانیانەوە، بەڵام دوای ئەوە چی دەبێت؟ کوڕە یان

کچەکە لەهەمان ڕێڕەودا بەردەوام دەبێت، لەگەڵ ئەوەی ئەوان حەزیان بەم پسپۆڕییە نەبووە، و ڕۆژێک لەڕۆژان بەشێک نەبووە لەخەونی ئەوان، بەڵام حەزیان کردووە منداڵێکی چاکەکاربن و چاکەی ئەوان بدەنەوە، خوێندن تەواودەکەن، دەچنە ناو پیشەکەوە کەوادەکات لەناخەوە بخنکێن و بازنەی ڕۆتین لەژیانیاندا دەستپێبکات، داهێنان نیە، نایاببوون نییە، هەرکەس فریای خۆی دەکەوێت. هەندێکیش خۆیان لەم دۆخە دووردەخەنەوە بەگۆڕینی پیشەکانیان لەپاش ماوەیەک، هەندێکیش سەرلەنوێ گەشتی خوێندن دەستپێدەکاتەوە لەو پسپۆڕییەدا کەپێیخۆشە، هەندێکیش دەستدەکات بەکاری خۆبەخشی لەو پیشەیەی خەونی پێوە بینیوە، لەوانەشە دوای ماوەیەک داهێنان بکات و ڕێگاکە تەواوبکات لەدوای چەند ساڵێک ونبوون و نائاسوودەیی.

بۆچی هێشتا ئەو عەقڵانە ماون کەئەمە دەسەپێنن؟ بۆچی تائێستا پسپۆڕی پەیوەستە بەئاستی کۆمەڵایەتییەوە؟ بۆچی تەنها ئەوە بڵێین کەبازاڕ چیی دەوێت؟ هاوسەنگی لەشتەکاندا جوانە، لێکۆڵینەوە لەبازاڕ ئەرکە، زانینی حەزەکانی هەر تاکێکیش زۆر گرنگە بۆ دروستبوونی کرداری هاوسەنگی و دانانی چەند بژاردەیەک کەلەبنەڕەتدا بەڕێژەیەکی زۆر سەرەتا پەیوەست بێت بەوەی کەسەکە چی ئارەزوویەکی هەیە. پزیشکێک لەپشت مایکرۆفۆنەوە داهێنان دەکات، چونکە هەرلە سەرەتاوە ئارەزووی ئەوە بووە، بەڵام دواتر بەدەستی هێناوە دوای ئەوەی خەونی کەسێکی بەدیهێناوە کەخۆشی دەوێت. ئەندازیارێک لەسەر شوێنی کارە بەڵام حەزی لەجل و بەرگە تەنها لەبەرئەوەی لەسەر شوێنپێی بنەماڵەکەی بڕوات و زنجیرەکە نەپسێت. کەسانێک هەن پزیشکن و ڕۆبی سپییان لەبەردایە لەپێناو نەخۆشەکاندا خۆیان هیلاک دەکەن، دەچنە دەرەوە بۆ خوێندن و پسپۆڕی وەردەگرن و هێشتا لەناخیانەوە خەونی بازرگانییان هەیە. هونەرمەندێک

هەیە کەلەبەرچاوی خەڵک خۆی ون دەکات و سەرقاڵی هونەرە بەوپێیەی هونەر لەو پسپۆڕییانە نیە کەمرۆڤ شانازیی پێوە بکات، کەسێکیش هەیە وازی لەهەموو شتێک هێناوە لەدوای زنجیرەیەک ململانێ لەبارەی ئەوەی ئەم چی دەوێت و ئەوان چییان دەوێت. لەپاش چەند مانگێکی تر رووبەڕووی لێشاوێکی تر لەدەرچووانی ئامادەیی دەبینەوە، ئیتر تاقیکردنەوەکانی وەرگرتن دەستپێدەکات و کەسەکان بڕیار لەسەر زانکۆو پسپۆڕییەکانیان دەدەن، بۆیە با نەرم بین لەگەڵیان. بەڵێ هەمووان لەپەروەردەکردنیاندا ماندووبووین، بەڵام ئایا وەڵامدانەوەی جوان ئەوەیە ژیانێکیان بۆ دابین بکەین کەبەتاڵ بێت لەداهێنان لەو جیهانەدا کەدەیانەوێت و پێیان خۆشە؟ ئایا بەوە دەبێت ئەوەی خۆتان دەتانەوێت بەسەریاندا بیسەپێنن؟ ئایا هەر بەتێڕوانینی تایبەتی ئێمە دەبێت بۆ ژیان؟ هیوادارم ئەو چیرۆکانەی هێشتا دەیانبیستم و ئازارم دەدەن کەم ببنەوە، چونکە چێژی ژیانی زانکۆ بەوەوەیە کەخۆمان پێمان خۆشبێت، چێژی کارەکانیشمان لەوەدایە بتوانین داهێنانی تێدا بکەین و رۆژێک لەڕۆژان نەبێتە کۆت و بەندێک کەبمانخنکێنێت.

١٦-٣-٢٠١٤

## ٦- ٣٠٠ درهەم

زۆر دەچینە دەرەوە، چێژیش لەزۆر شت دەبینین لەژیانماندا، گەشت دەکەین، سەردانی چێشتخانەکان و سینەما دەکەین، دەچینە بازار، دیاری دەکڕین، قاوە داوادەکەین، یاری دەکەین، هەموو شوێنێکی نوێ و هەموو مارکەیەکی نوێ تاقیدەکەینەوە، حەزدەکەین لەهەندێک شوێن بین کەتیایدا قاوە بەنرخێکی چەند قات دەفرۆشرێت، تەنها لەبەرئەوەی بوونی خۆمان لەو شوێنانەدا تۆمار بکەین، زۆرجار لەسەروو ٣٠٠ درهەمەوە خەرج دەکەین. کەسانێکیش هەن کەلەدەوروبەرماندا دەژین، لەسەعاتەکانی کارکردنی ئێمە زیاتر کاردەکەن، بەرگەی ئەوە دەگرێت کەزۆر شت ببیستێت، ئەو وشانەی هەندێجار بریندارکەرن، هەندێجاریش دەنگی بەسەردا بەرزدەکرێتەوە، هەندێجاری تر دەخرێتە ناو بازنەی (تۆ لەکوێیت؟) لەکاتێکدا بەناو ڕاڕەوەکاندا لەم نووسینگە بۆ ئەو نووسینگە دەڕوات بۆ وەڵامدانەوەی داخوازییەکان.

کاری ڕۆژانەی لەشەشی بەیانیەوە دەستپێدەکات، هەموو جۆرەکانی قاوەو چایی ئامادەدەکات بۆ وەڵامدانەوەی داخوازییە جۆراوجۆرەکان و حەزە گۆڕاوەکان. بەزەردەخەنەیەک پێشوازیت لێدەکات کەبەرگێکە بۆ شاردنەوەی هەموو ئەو خەم و کێشانەی هەڵیگرتووە. دەیەوێت حەزی تۆ جێبەجێ بکات بەقاوەیەکی بەیانیان، تا ڕۆژەکەتی پێ دەستپێبکەیت، تۆش زۆربەی کات

پێویستت پێی نیە.. بەڵام ئەمە بووە بەخو. لەنزیک تەلەفۆنەکەیەوە دەمێنێتەوەو چاوەڕێی لێدانی زەنگەکەیەتی، ئەگەر وەڵام نەداتەوە لێی تورە دەبن و بەکەمتەرخەمی تۆمەتباری دەکەن، لەکاتێکدا ئەو سینییەکی بەدەستەوەیەو چەند خواردنەوەیەکی لەسەرە کەدەیگەیەنێت بۆ ئەم نووسینگەو ئەو نووسینگە. وازناهێنن. دۆسیەکان پاکدەکاتەوەو لاپەڕەکان جیادەکاتەوەو هەڵیاندەگرێت، دیارییەکانیش رێکدەخات، و ئۆتۆمبێلەکان دەشوات. لەم بینا بۆ ئەو بینا کاغەزە جۆراوجۆرکان لەگەڵ خۆی خەڵدەگرێت و دەیانگەیەنێت، ئامادەکاری بۆ ئاهەنگەکانی خوانی بەربانگ دەکات و کەسیش بەقاپێک خواردن بیری ئەوی نیە، شوێنەکە پاکدەکاتەوە، و چاوەڕێ دەکات تاکو هەموان دەڕۆن بۆئەوەی جلەکانی بگۆڕێت، بۆئەوەی ببێتە کرێکاری شەفتێکی نوێ و هەموو نووسینگەکان پاک بکاتەوە، سەعات ١٢ تەواودەبێت و دەگەڕێتەوە تەنها بۆئەوەی بخەوێت و رۆژی دواتر بگەڕێتەوە.

ئێمە ناومان ناوە کرێکاری نووسینگە (office boy)، ئەو فەرمانبەرەی وەکو من و تۆ ناونیشانێکی وەزیفیی هەیە، بەڵام جیاوازییەکەمان ئەوەیە ئەو وڵاتی خۆی جێهێشتووە بۆئەوەی خواردن بۆ خێزانەکەی پەیدابکات و لەداهاتوودا بتوانێت خانوویەک دروستبکات، بۆئەوەی هاوسەرگیری بکات ئەگەر لەچارەی نووسرابوو، ئەوەی بەئێمە دەدرێت بەئەوان نادرێت، هەندێکیشیان داهاتیان لە٣٠٠ درهەم تێپەڕناکات، پاش ئەو هەموو لێبڕینانەی کۆمپانیا کەئەمان کاری تێدا دەکەن، بێئەوەی رۆژێک سکاڵا بکات، رۆژێک روویان ناخۆش نەبووە بەرامبەرت، بەزەردەخەنەیەک بەخێرهاتنت دەکات و بەدانەیەکی تر ماڵئاواییت لێدەکات، رۆژێک پێی نەوتوویت ناتوانم یان کاری زۆرم هەیە ئەمڕۆ، نەڕۆیشتووەو کارێکی تۆی بەجێهێشتبێت.. کەواتە ئەی چۆن دڵەکانمان بەزەیی و سۆزیان تێدا نەماوە؟ پێویست دەکات بانگی بکەین تاپلاکێکی

کارەبامان بۆ پێوە بکات؟ پێویستمان بەوە هەیە بێت و تاکو لای ئۆتۆمبێلەکە جانتاکەمان بۆ هەڵبگرێت؟ پێویستمان بەوە هەیە لەچاپکەرەکەوە لاپەڕەکانمان بۆ بهێنێت؟ پێویست دەکات بێت و وێنەی کاغەزێکمان بۆ بگرێت؟ پێویستمان بەوە هەیە ئەو بەپێوە بوەستێت و تەنها چاوەڕێی فەرمان بکات بەتێکردنی کوپێک قاوە یان نا؟

لەوانەیە لەهەندێک خەرجیی رۆژانەدا دەست بگرینەوە، بەڵام کەسانێکی تری ناچارکردووە تابتوانن بەرگەمان بگرن، هەروەها ناچاری کردوون بێدەنگ بن، با بەزەییمان پیایاندا بێتەوەو ماندوویان نەکەین و خۆمان لەئاست ئەواندا بەگەورە نەزانین، با بەزەییمان هەبێت بەرامبەریان و بەدیاریی سادە بەسەریان بکەینەوە، بەوتەی جوان، باهەستە گرنگەکەیان پێببەخشین، ئەوانیش وەکو تۆو من مرۆڤن، باسوپاسگوزاری نیعمەتەکان بین و بەرامبەر مرۆڤ بەبەزەیی بین.

٢٠١٤-٣-٣٠

## ٧.باجی سەرکەوتن

فەرموودەکانی پێغەمبەری نازدارمان (درودو سڵاوی خودای لەسەربێت) چەندە جوانن:»کەستان باوەڕی تەواونابێت تاکو ئەوەی بۆخۆی پێی خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆشبێت»، واتای ئەم فەرموودەیە چەندە مەزنە، لەڕێیەوە هاوسەنگی لەکۆمەڵگەدا بەدیدێت. چاوچنۆکی و غیرە نامێنێت، بەڵکو دڵخۆشبوونە بەدڵخۆشبوونی دەوروبەرمان، بەختەوەربوونە کاتێ ئەوان بەرزترین پلەکان بەدەستەهێنن و لەژیانیاندا سەرکەوتوو دەبن. دڵ چەندە ئاسودە دەبێت لەڕق و کینە، کاتێ بەم فەرمودەیە دەژیین، بەهەموو وردەکاری و واتا جوانەکانییەوە، تاک چەندە دەژی بەبێ موبالاتی و بێ خەمی، لەبەرئەوەی کەسانیتر بەشێکیان بەدەستهێناوە کەئەم بەدەستی نەهێناوە، ئەوەی لای براکەیەتی لای ئەمیشە، ئەوەی براکەی دڵخۆش دەکات ئەمیش دڵخۆش دەکات، ئەوە چۆن دڵێکە واتای برایەتی نەزانێت و شارەزای دەرگای رەوشتی مسوڵمان نییە؟! زۆر خەفەتبار دەبیت کاتێ دەبیستیت ئەوەی بەهاوڕێت زانیوە دڵخۆش نیە بەدڵخۆشییەکەت، بەڵکو رقی لێت هەڵگرتووەو چەندین ڕێگا دەگرێتەبەر بۆئەوەی دڵخۆشییەکەت لێ تێکبدات. ئەوانە چۆن کەسێکن کەدونیا چاوی کوێر کردوون و بیریان چووە کەلەناودەچێت و ئەوان هیچ خەمێکیان نییە جگە لەوەی چۆن فلانەکەس لەسەر ڕێگاکەی لابدەن؟!

چیرۆکەکانی سەرکەوتن زۆرن، وردەکاریی ژیانی هەندێک

کەس وادەکات شانازییان پێوە بکەیت، ئەویش ماندووبووە، کۆششی کردووەو ئارامی گرتووە، ساڵ لەدوای ساڵتێپەڕیوەو ئەو بەردەوام فێردەبێت و لەهەوڵ و کۆششدایە، بۆئەوەی تایبەت بێت، لێهاتووییەکانی زیاتر دەکات، هەموو ئەو ڕێگایانە فێردەبێت کەبەهۆیەوە لەکارەکەیدا باڵادەست دەبێت، ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی، ئەو کەسە چییە کەچیرۆکێکی سەرکەوتن دەخوێنێتەوەو بانگەشەی ئەوە بکات کەئەوەی تیایدایە جگە لەڕێکەوت هیچی تر نیە؟! لێرەوە جەنگە تاکییەکان، هەندێجاریش کۆمەڵییەکان دەستپێدەکات بۆ دوورخستنەوەی فلان. چیرۆکی وا دەبینین ناتوانین بیهێنینە بەرچاومان جگە لەناو فیلم و زنجیرەکان، هەروەها چیرۆک و گێڕانەوە دەبینین لەبارەی ڕێگاو شێوازەکانی سڕینەوەی دەستکەوت و شوێنەوارەکانی مرۆڤ.

پرسیاری من: چیمان دەستدەکەوێت کاتێ لەم ژیانەدا دەژین کەنەخۆشیی دەروونی تیایدا دەدرەوشێتەوە؟ ئایا دڵخۆش دەبین؟ ئایا ژیانمان ئاسان دەبێت پێشئەوەی بیر لەڕزگاربوون لەکەسانیتر بکەینەوە، با بیر لەخۆمان بکەینەوە؟ هەرکەس خۆی بەوانیترەوە سەرقاڵ بکات بەردەوام خەمبار دەبێت، ئەوکەسە بەردەوام لەبیرکردنەوەی ناهاوسەنگدایە، بەردەوامیش لەبازنەیەکی تەسکدا دەسوڕێتەوە.

بۆ ئەوکەسەش کەسەرکەوتنی بەدەستهێناوەو پێی دڵخۆش بووە دەڵێم: ئەمە باجی سەرکەوتنە، هەندێک کەس نازانێت ئەم سەرکەوتنەی تۆ بەدەستتهێناوە چۆن هەندێجار لەدوای زنجیرەیەک تاقیکردنەوەی سەرنەکەوتوو بووە، بۆیە دەکەونە فێڵکردن لەخەڵکی و لەبیریان دەچێت کەتۆڵەی خودا بەهێزترە، ئەوەی بەستەملێکراوی ڕۆژ بکاتەوە باشترە لەوکەسەی بەستەمکاری ڕۆژ بکاتەوە، دڵخۆشبە بەسەرکەوتنەکانت، باەوانیش بەداخەوە بژین، ئەو غەمانە بچننەوە کەبۆ کەسانیتر دەیخوازن، ژیان بۆ کەس

نامێنێتەوە، پۆستەکانیش بەردەوام نابن، کورسییەکان چەسپاو نین، ناوی خێزانەکانیش نەمر نین، هەمووومان رۆژێک دەبینەوە بەخۆڵ و بەرهەمی کارەکانمان دەچنینەوە. بایەکترمان خۆشبوێت، با هەر شەوێک سەعاتێکمان هەبێت بەتەنها لەگەڵ خۆمان، تیایدا لەهەموان ببورین و ئاواتی بەختەوەرییان بۆ بخوازین، داوای رێنمونی بۆئەوان و رزگاربوون بۆ خۆشمان بکەین لەدڵەڕاوکێ و رق و کینە، باسەیر بکەین بزانین چەند کەسمان ناسیوە کەکۆچیان کردووەو تەنها یادەوەرییەکانیان ماون، با یادەوەریمان بۆنخۆش بکەین و کەسانیترمان خۆشبوێت، باسوپاسی خودا بکەین لەوەی پێی داوین.

٢٠-٤-٢٠١٤

## ٨. پردی خۆکوشتن-لۆزان

لۆزان شارێکی جوانی سویسرایە، بەدەریاچە سەرنجڕاکێشەکانی جیادەکرێتەوە کەبەرامبەر شاخەکانی ئەلب-ی فەرەنسییە، کەشوێنی سەرچاوەی ئیڤیان-ی ناسراوە، کەئاو دەنێرێت بۆ هەموو جیهان و بەگرانترین نرخ دەفرۆشرێت. لەوێ سەرچاوە سەرەکییەکە تەنها بەگەشتێکی ئاوی بۆ چوون و هاتنەوە یەک کاتژمێر لێت دوورە، شارێکە کەتیایدا کۆن و نوێ تێکەڵ بوون، هێشتاش کۆنە، لەبەرزیدا دەخوێنێت لەناو ماڵ و کۆشکەکاندا، لەڕێگا کۆنەکان و گەڕەکە نوێیەکاندا کەتیایدا روکەشی بیناکان رازێنراونەتەوە کەماوەی چەند سەدەیەک تەمەنیانە، کەشێکی هێمن و هونەری بەرزی تێدایە کەپێی جیادەکرێتەوە، هەروەها بەوە جیادەکرێتەوە کەژمارەیەکی زۆر هونەرمەندی تێدایە، لەهونەرمەندانی خۆی و ئەوانەش کەکۆچیان بۆئەوێ کردووە، لەمیانەی رۆیشتنتدا پردێکی جوان لەبەرزاییەکی زۆرەوە سەرنجت رادەکێشێت، شارەکە لەسەر چەند شاخێک بنیات نراوە، پردەکە لەناوەڕاستی شارەکەدایەو ناوی پردی خۆکوشتنە، بەداخەوەیت بۆ ئەو ناوە!

وەک بۆیان باسکردووم: ژمارەیەک کەس لەسەری کۆدەبنەوە لەوانەی لەژیانی خۆیان بێزاربوون و دەیانەوێت خۆیان کۆتایی پێبهێنن، چەند کۆمەڵەکەسێکیش لەوێ کۆدەبنەوەو چادر هەڵدەدەن بۆئەوەی ئامۆژگارییان بکەن و لەبڕیارەکەیان پاشگەزیان بکەنەوە، بەڵام لەکۆتاییدا پێیان دەوترێت ئەوە بڕیاری خۆتە! سەیرە ئەوەی

بەسەر ئەم پردەدا دەڕوات هەست بەخۆشەویستیی بۆ ژیان دەکات. سەیری خوارەوە دەکات بۆ ئەو شوێنەی تیایدا دەمرن، دەبینێت گۆڕەپانێکی گەورەیە وەکئەوەی بۆئەوان ئامادەکرابێت، وەک ئەوەی پێیان بوترێت وەرن لێرە کۆتایی بەژیانتان بهێنن بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەک، پاشان بەبازدانێک لەبەرچاوی خەڵکەکە کۆتاییدێت کەڕێز لەبڕیارەکانیان دەگرن، ئەوە لەتێڕوانینی ئەواندا ئازادییەکی تاکەو نابێت کەس پێشێلی بکات.

خوای گەورە نیعمەتی ئیسلام و نیعمەتی ژیانی پێبەخشیوین، کەس مافی ئەوەی نییە هەرکات ویستی کۆتایی بەژیانی بهێنێت لەبەرئەوەی ئەو خاوەنی نییە، چونکە ئێمە باوەڕمان وایە ئەوەی بەسەرمان دێت بۆمان نووسراوە، هەر ناڕەحەتییەکیش بەسەرمان بێت خێری تێدایە بۆمان. دەژیین، خودامان خۆشدەوێت، ئەو ژیانەشمان خۆشدەوێت کەپێیبەخشیوین، ئێمە مافی ئەوەشمان نیە هەرکات ویستمان پێی بڵێین خوات لەگەڵ.

ژیانی پێبەخشیوین بۆئەوەی بیکەین و چێژی لێ وەربگرین و ئەو ئەرکانەی لەسەر شانمانە رایپەڕێنین، شارەکان زۆرن و چیرۆکەکانیشیان زۆرن، بەڵام چیرۆکی مسوڵمانی باوەڕدار بەخودای خۆی و بەچارەنووسی لەهەموو شوێنەکان و هەموو شارەکان وەکو یەکە، ئێمە دەژیین بۆئەوەی خودا بپەرستین و بزانین بەهەرچی تاقیبکرێینەوە خۆشەویستیی خودایە بۆمان، کەواتە خودا هەرکات بەندەیەکی خۆشویست تاقییدەکاتەوە.

ژیان هەموو رۆژێک دڵخۆشی و بەختەوەری نییە، بەڵکو هیچکات بێ خەم و خەفەت و فشارو هەورازو نشێو نییە. زنجیرەیەکە دەسوڕێتەوەو رۆژانێکە کەگۆڕانیان بەسەردا دێت و ئێمەش لەگەڵی دەگونجێین و دەژیین، لەبەرامبەردا شتی زۆر جوانی تێدایە بۆ ژیان، جوانیی بونەوەرو سروشتەکەی، ئارامیی دەروون و سەقامگیرییەکەی، خێزانەکانمان و ئەوانەی خۆشیان

دەوێین.

کۆچکردنیش فەرمانی خودایە، و نازانین کەی کۆچ دەکەین و هەمیشە دەپاڕێینەوە کە «خودایە کۆتاییەکی باشمان پێ ببەخشە» بۆئەوەی بەپێوەرەکانی پەروەردگاری جیهان بژیین، ئەرکەکانمان بزانین و جێبەجێی بکەین، بەهەرچییەک کەهەمانە هەوڵبدەین لەخۆمانی رازی بکەین، ئەو لەئێمە بەبەزەییترە بۆ خۆمان، با کۆتاییشمان یادەوەرییەکی جوان بێت، بۆئەوەی کەسانێک کەلەگەڵمان ژیاون بەبیری بهێننەوەو نزامان بۆ بکەن، با لەنێوان ئێمەو خودادا پردێک هەبێت لەنزیکبوونەوەو خۆشەویستی و گوێڕایەڵی، ئەو بەردەوامەو کۆتایی نایەت.

٢٠١٤-٤-٢٧

## ٩.پەککەوتەیی

ژیان نیعمەتێکی گەورەیە کەخودا بەئێمەی بەخشیوە، زۆر ئاستەنگ و نارەحەتیی تێدایە هەرلە لەدایکبوونەوە تاکو مردن. خودا فەرموویەتی: «مرۆڤمان لەنارەحەتی دروستکردووە» واتا لەنارەحەتی و ماندوویەتی، هەر لەیەکەم رۆژەوە کەتیایدا هەناسە دەدات تاکو دەیخەنە نێو گۆڕەکەیەوە.

ئەمرۆ لەهەر ماڵێکدا بەتەمەنێکی تێدایە، کەبەدەست لاوازی و بێهێزییەوە دەناڵێنێت، یان بەهۆی زەهایمەرەوە، کەهەموو ئەوەی لەژیانیدا هەیبووەو پیایدا رۆیشتووە لەبیری دەباتەوە، زۆر شتی لەبیرچووەتەوە جگە لەهەندێک لەوردەکارییەکان کەتیایدا چەسپاون بەهۆی چاکەی خوداوە وەک نوێژو یادی خودا. ئەو بەتەمەنانە لەحاڵەتێکی لاوازیدا دەژین کە هەندێجار لەخۆت دەپرسیت ئەو کەسێتییە بەهێزە چی بەسەرهات؟ گەورەی ماڵ بوو کەقسەی سەرەتاو کۆتایی هەر هی ئەو بوو.

کوا ئەو دەموچاوەی هەمووان ئاهەنگیان دەگێرا کاتێ فلانە کەس دەهاتە ژوورەوە، و فلانە کەس خاوەنی ناوبانگە، خاوەن ناوو خاوەن پلەو پایەیە؟ لەچرکەساتێکدا هەموو شتێک کۆتاییدێت، بۆئەوەی بچێتە تەمەنێکی پەککەوتەییەوە؟ لەهیچ تێناگات، پێویستی بەهەموو جۆرێک لەخۆشەویستی و چاودێرییە، وەکو منداڵێکی لێدێت و پێویستی بەوەیە بەردەوام لەلای بیت، دەستی بگریت، هەستکردن بەئارامیی پێببەخشیت و بەوەی تۆ لەپێناو ئەودا

لەوێیت، گرنگیی پێبدەیت، بەتەندروستیی، بەخاوێنیی، وەڵامی هەموو پرسیارەکانی بدەیتەوە، و هەندێجار چیرۆکی خەیاڵیی بۆ بگێڕیتەوە، وەک چۆن لەمنداڵیدا ئەو بۆ تۆی دەکرد، ڕەنگە ئەم دیمەنانە بەئازار بن بۆ هەندێک لەوانەی ڕۆژانە لەگەڵی دەژین، بەڵام ئەمە سوننەتی خودایەو لەسەر زەوی. لەقورئانەکەشیدا باسیکردووە: «والله خلقكم ثم يتوفاكم ومنكم من يرد الى ارذل العمر لكي لايعلم بعد علم شيئا ان الله عليم قدير» .

لەدوای ئەو هەموو زانستە هیچ نازانیت، لەدوای ئەو هەموو ئامادەگییە زیهنییە لەهیچ تێناگەیت، و لـەدوای ئـەو هەموو کۆبوونەوەیە لـەدەوروبـەرت ئێستا کەست لـەدەور نییە، مەگەر هەندێکی کەم نەبێت، دەبیتەوە بەمنداڵێک کەهیچ دەسەڵاتێکی نییە، کەواتە چۆن دەبێت لەمە بێئاگا بین..؟

ئـەمڕۆ کـەسـانێک کـەلـەوپـەڕی تـەنـدروسـتـی و گـەنـجی و تێگەیشتنیاندان دەپرسن: ئایا منداڵەکانمان باش دەبن بۆمان؟ ئایا ئەوەی بۆ باوانمانی دەکەین ئەوانیش بۆمان دەکەن؟ و ئایا لەو ناڕەحەتییانە تێدەگەن کەئێمە لەپێناویاندا چەشتوومانە؟ ڕۆژانە ئەم وتانە دووبـارە دەبنـەوە، ئەمڕۆ کۆمەڵگا کینەو ئازاردانی تێکەوتووە، بەجۆرێک وادەکات مرۆڤ کارێک بۆ کۆتایی تەمەنی خۆی بکات، و بەو ترسەوە بژی کەلەوانەیە ڕۆژێک بمرێت و کەس پێی نەزانێت، یان ژیانێکی سەرشۆڕی و سوکی هەبێت، لەوانەیە کۆتاییەکەی لەخەڵوەتگای پیراندا بێت، ئـەوەی لەم قسانەی من تێناگات باسەرێک لەبنکەیەکی بەساڵاچووان بدات و گوێ بۆ چیرۆکەکان بگرێت، بۆئەوەی چاوەکانی فرمێسک بڕێژن و دڵی خوێنی لێ بچۆڕێت. چیرۆکەکە تەنها هی کەسانێک نییە کەهەژارن و شوێنی نیشتەجێبوون و مانەوەیان نەبێت، بەڵکو کەسانێکی تێدایە کەڕۆژێک خاوەنی ناوبانگ و پارەو شکۆ بووە، بەمنداڵانێک تاقیکراوەتەوە کەئەوەی ئەم بۆی کردوون ئەوان

بۆیان نەکردووە، بۆئەوەی بزانین کەسزا لەشێوەی کارە، و کردەوەکانمان کۆتاییمان دیاریدەکەن و لەوانەشە ئێمە باش بین و بەڵام بەئازاردان تاقیبکرێینەوە، یا لەوانە بین کەخودا خۆشی دەوێن و تاقییان دەکاتەوە!

خودایە کۆتاییەکانمان بەباشە بگێڕە، لەکاتی پەککەوتەییماندا کەسانێکمان پێ ببەخشە کەشکۆمەندیمان بپارێزن و بەزەییان بەلاوازیماندا بێتەوە.

٢٠١٤-٥-١٨

# ١٠ستەم تاریکستانە

مرۆڤ بەچەندین هەستی جۆراوجۆردا تێدەپەڕێت، لەنێوان دڵخۆشی و خەفەتدا، ئازارو رەزامەندی، لەهەموو ئەو هەستانە قورستر ئەوەیە مرۆڤ هەست بەستەم بکات و نەتوانێت ئەو ستەمەی لەسەریەتی بیگۆڕێت. ئەوەی سەیرەو وادەکات مرۆڤ سەرسام بێت ئەوەیە: چۆن کەسێک ستەم دەکات و شەویش بەئاسودەیی خەوی لێدەکەوێت و گرنگی بەهیچ شتێک نادات؟ ستەم تاریکستانە، ئەگەر هەریەکێکمان بەستەملێکراوی بخەوێت باشترە لەوەی ستەم لەکەسێک بکات و نزای ستەملێکراوێکی لێ گیرابێت کەلەنێوان ئەوو پەروەردگاری جیهاندا هیچ پەردەیەک نییە، سەرم لەوانە سوڕماوە کەلەسەر زەوییەک دەژین کەلە هەر ساتێکدا دەلەرزێت، کەلەتوڕەیی و دەسەڵاتی خودای گەورە ترسی نەبێت؟

خاوەن کورسیەکان هەندێجار وادەزانن کورسییەکانیان ئەو مافەیان پێدەدات کەلەسەروو مرۆڤەکانی ترەوەبن تا بیانپەرستن، یان ئەو هەستەیان پێدەبەخشێت کەژیان و کاتەکانیان بەدەستی ئەمانە، لەسەرو ئەوەشەوە سەرشۆڕیان دەکەن بەوەی خەیاڵێکیان لادروستدەکەن کەواهەستدەکەن کەئەوان خاوەنی بڕیارن لەژیانیانداو بیریان دەچێت کەرۆزیبەخش هەر خودایە، رۆزیبڕیش هەر خودایە، ئەوان هۆکارێکن لەدنیایەکی بڕاوەدا، لەوانەیە ستەملێکراوێک بمرێت و ئازار بچێژێت و ئەوەی ستەمیشی

لێکردووە ئاوڕی لێ نەداتەوە یان لەهەستی تێنەگات، یان لەبارەی سەرەنجامی ئەو بڕیارەی لەژیانیدا دەیدات، بەڵام پەروەردگاری بونەوەر گوێبیستی هەموو سکاڵایەکەو وەڵامی هەرکەسێک دەداتەوە کەلەدەرگای دەدات، لەبەرئەوە ئەوکەسەی کەستەم دەکەیت لەلایەن پەروەردگاری بەندەکانەوە سزا وەردەگریت.

مرۆڤ چۆن لەوە تێناگات کەهیچ شتێک بەردەوام نابێت؟ و ئەوەی بەسەر خەڵکی دێنێت بەسەر خۆشی دێت؟ لەوانەیە دوای چەند ساڵێک بێت و لەوانەشە دوابخرێت بۆ رۆژی دوایی، کەواتە مرۆڤ چۆن بەرگەی ئەو بیرۆکەیە دەگرێت کەئەوەی تۆڵەی لێ دەکاتەوە پەروەردگاری هەموو بوونەوەرە؟

لەژینگەی کار یان لەهەر شوێنێک بێت، مرۆڤ پێویستە هەست بەئارامی و ئاسایش بکات، هەروەها بەوەی ئەو دەبەخشێت و لەهەمانکاتدا کەسانێک نین کەخاوەنی ئەمان و قوتی خۆیان و منداڵەکانیانن، تەنها لەبەرئەوەی لەشوێنێکدایە کەهی خۆی نییەو خاوەنی کارەکە خاوەنی ئازادی و کاتەکانی و ژیانی نییە، تەنها لەوکاتەدا بەخۆشەویستیی راستەقینەوە دەبەخشێت لەبەرئەوەی شوێنەکەو ئەوانەی لەگەڵی کاردەکەن خۆشی دەوێن، لەبەرئەوە دڵسۆزی دەنوێنێت و ماندووبوون و کاتی زیادەی بەلاوە گرنگ نییە، تەنها لێرەدا ئەو چەمکانە بەڕاست دەگەڕێن کەدەیانبیستین، چەمکەکانی ژینگەی کاری خاوێن، چەمکەکانی بەردەوامیدان، کەلەگرنگترین رەگەزەکانی بریتین لەمافی فەرمانبەر، و ژینگەی کارەکەی، هەسانێک هەن کەتەنها لەدۆسیەکان و لەهەواڵی رۆژنامەکاندا لەم چەمکانە تێدەگەن و نازانن ئەوەی دەینوسن لەسەری تووشی لێپرسینەوە دەبن، لەوانەیە بڕۆین و گۆڕانمان بەسەربێت و لەزۆر شوێندا بسوڕێینەوە، کار بکەین، دەموچاوی تازە بناسین، خەڵکی تازە بناسین، کاتێکیش دەڕۆین بیری رەفتارو رەوشتەکانمان و مامەڵەی باش و دادوەری و خۆبەکەمگری و

هەستەکانمان بەرامبەر کەسانیتر بکەینەوە.

کەسانێک کەکارەکەیان جێدەهێڵن و ستەمیان کردووەو خۆیان بەگەورە زانیوەو دەرگاکانیان داخستووەو خۆیان حەشارداوە، بەخێرایی کۆتاییان پێدێت، پلەکانیان تەواودەبێت، ژیاننامەیان لەبیرەوەرییەکاندا دەسڕێتەوە، دەبنەوە بەکەسانێکی ئاسایی، کەس گرنگییان پێنادات لەبەرئەوەی بەکورسییەکەیانەوە نووساون و لەبیریان چووە کەژیان مرۆڤەکان و هەستەکانی تێدایە، شعورو بەهای تێدایە، رەوشت و جێهێشتنی شوێنپێی چاکە لەناو دەروونی مرۆڤەکاندا!

ئەوەی بەردەوامبێت بائاگاداربێت کەڕۆژێک دەبێتە نەناسراو، نەکورسی بەردەوامە نە پلەوپۆستیش داهاتوو مسۆگەر دەکات، زۆرکەس هەبوون کەناوبانگیان هەبووەو تائێستاش ناویان ماوە، تەنها لەبەرئەوەی رۆژێک خاوەنی پۆستێک بوون، بەخۆبەکەمگرییەوە لەنێو مرۆڤەکاندا ژیاون و خۆیان لەستەم پاراستووە، پشتیوان بوون بۆئەوانەی لەگەڵیدا کاریان کردووەو خۆیان زاڵ نەکردووە، کەسانێکی تریش کۆچیان کردووەو هیچ رۆژێک کەس ناوی نەهێناون بەهۆی ئەو ستەمەی کردوویانە، بۆیە تۆش هەڵبژێرە کەدەتەوێت لەدوای کۆچکردنت لەکام جۆرەیان بیت.

٨-٦-٢٠١٤

## 11. هەستەکان

کاتێ منداڵ بووین هەستەکانمان سادە بوون و پەیوەست بوون بەدایک و باوک و خوشک و براکانمانەوە، هەستی منداڵێکی پاک کەنارەحەتییەکانی ژیان لیڵی نەکردووە، نەماندەزانی وشەی بەرپرسیارێتی و خەم و جەنجاڵی واتای چییە، هەموو ئەوانە وشە بوون کەبەهۆی تەمەنمانەوە جێمانهێشتبوو بۆ باوک و دایکمان، ئێمە لەو ماوەیەدا تەنها سەرقاڵی ئاژاوە بووین، بێزار بووین لەقوتابخانە، خواستەکانمان هەندێجار جێبەجێدەکران و هەندێجاریش نا، حەزەکانمان بۆ چوون بۆ باخچە لەکاتی پشوودا، دڵخۆشیمان بە رەمەزان و جەژن و جەژنانە، هۆگریمان بۆ باپیرەو داپیرەمان، دڵخۆشیمان بەهەموو شتێکی بچوک و جوان، هیچ بیرۆکەیەکمان نەبوو لەبارەی ئەوەی سبەینێ واتای چییە کاتێ گەورە دەبین، یان ژیان چۆن دەبێت.

گەورەبووین، هەستەکانمان گۆڕان، پێگەیشتن، هەوڵدەدەیت تێبگەیت کەژیان چییە، بەرپرسیارێتی چییە، واتای (گەورەبووین) چیە، مووەکانمان سپی بوون و چرچەکانی روخسار بەرەوڕوومان دێن، تەمەن خەریکە راومان دەنێت، منداڵی بووە بەڕابردوومان، گەنجێتی بەخێرایی جێمان دەهێڵێت و رۆژەکانیش هەموو رۆژێک بەکۆچکردنی کەسێک ئازارمان دەدەن، بەلەدایکبوونی کەسێکیش دڵخۆشمان دەکەن، هەستەکانمان ئەمڕۆ خێرابوون و ژمارەیان زۆر بووە، نازانین چۆن تەمەن لەئێمەو ئەوانەی پەروەردەیان

کردین وەردەگیرێتەوە، بەرتەسک بووەتەوە لەکاتێکدا پێشتر پێشبڕکێمان لەگەڵ دەکرد، بەڵام ئێستا بەهێواشی دەڕوات ئەویش بەیارمەتیی گۆچانێک، لەوانەیە نەتوانێت بڕوات و ڕەنگە لەسەر کورسییەک هاتوچۆ بکات.

ئەوەی گەورەبووە، پێشتر منداڵ بووەو دواتر بووە بەگەنج، ئەمرۆش ماندوو و بەتەمەنەو بەرگریی هەموو جۆرەکانی ماندووبوون دەکات، شەونخونی، هیلاکی، خەفەتخواردن بۆئەوەی لەدەستچووە، لەوانەشە لەوپەڕی دڵخۆشیدا بێت، منداڵەکانی لەدەوروبەرین و لەگەڵ گەورەبوونی ئەمدا ئەوانیش گەورەبوون بۆئەوەی پشتی بگرن، و نەوەکانی لەدەورن لەگەڵیدا گەورەبوون بۆئەوەی دڵخۆشی بکەن و ببنە دەست و قاچ بۆی، لەوکاتەدا گوێ بەهیچ نادات، چونکە ژیان زۆر لەشتە جوان و باشەکانی پێداوە، لەخۆشیی خۆیدایە، هەموو رۆژێک لەبەختەوەریی خۆیدایە تاکو رۆژێک دەکەوێتە سەر جێگا، تەمەنی پێگەیشتوویی جێدەهێڵێت و پیری دەبێتە هاوڕێی، بەیادەوەرییەکی لاوازەوە تائەوکاتەی تەواو هێواش دەبێتەوەو تەنها دەیەوێت لەئەزموونی ڕابردوودا بژی. کاتێک لەگەڵی دادەنیشیت باسێکی کۆنت بۆ دەگێڕێتەوە، یان چیرۆکی کەسانێک کەزۆرینەیان لەنێوانماندا نەماون، هێشتاش خۆشی دەوێن و یادیان دەکات و یادی خۆیشی لەگەڵ ئەوان دەکاتەوە، چیرۆکی مێژووی رابردووت بۆ باس دەکات، سەرەتا قورسەکان، ئەزموونە دڵڕەقەکان، هەروەها ئەو خواردنە سادەیەی کەبەختەوەری دەکردن، لەوانەیە سەیری بکەین و بڵێین: »خودا بەزەیی پیایدا بێتەوەو رەحمی پێبکات« و نامانەوێت بڵێین: »خودایە ئێمەش بەو رێگایەدا ببە کەئەو پیایدا رۆیشت«، ژیان لەتەمەنی ئەوەی پیربووە ئاسان نەبووە، رۆژێک ئەو فەرمان و رێگریی کردووەو هاتووەو رۆیشتووە، بەخشیویەتی و وەری نەگرتووە، باری کردووەو بار نەکراوە، ئەمرۆش تێکشکان لەڕوانینەکانیایەتی،

کەس ناتوانێت بەرزی بکاتەوە، خواردنی پێ بدات. ئەمە سوننەتی خودایە لەژیاندا. ئێمەش بێئاگاین و نەزانین وەک ئەوەی بەردەوام بەبچوکی بمێنینەوە..

تەمەن جوانە بەهەموو هەستەکانییەوە، بەهەموو ساڵەکانییەوە، بەهەموو ئەو چیرۆک و ئەزموونانەی تیایەتی، بەڵام دڵڕەقی ئەوەیە کاتێ دڵڕەق دەبین بەرامبەر کەسێک کەلەبەردەمماندا پیردەبێت، هەوڵدەدەین پشتگوێی بخەین و لەبیری بکەین لەناو بازنەی ژیاندا، دڵڕەقی ئەوەیە کەسێک لەبیربکەین کەشەونخونیی کێشاوە، ئەوەی ماندوو بووە، ئەوەی بەزەیی پیاماندا هاتووەو ئێمە بەزەییمان بۆی نییە، با بەزەییمان بۆیان هەبێت بەوەی لەگەڵیان بین، با بەوشەکانمان بەبەزەیی بین لەگەڵیان، بەمامەڵەمان لەگەڵیان، بەنەرمیمان لەگەڵ روانینەکانیان کەدەڵێت «بەزەییتان بەبێدەسەڵاتیمدا بێتەوە». دەسا خودایە بەزەییت پیایاندا بێتەوە وەک چۆن ئەوان بەمنداڵی ئێمەیان پەروەردە کرد.

٢٤-٨-٢٠١٤

## ١٢. بەهرە نیعمەتە یان بەڵایە؟

بەهرە نیعمەتێکە کەخودا دەیبەخشێت بەزۆر کەس، موڵکێکە کەخەڵکی دەبنە خاوەنی کەپێی دەردەکەون و لەکەسانی دەوروبەریان جیادەبنەوە. نیعمەتە لەبەرئەوەی ژیان و سروشتێکی تر دەدات بەمرۆڤ، لەدۆخێکەوە دەیباتە دەرەوە بۆ دۆخێکی تر، لەکاتێکەوە بۆ کاتی تازەتر، وزەیەک کەلەوانەیە خواستراو نەبێت تەرخانی دەکات بۆئەوەی ئەرێنیبوونێکی باڵاو ئاگاییەکی جیاوازی پێ ببەخشێت، ئەوە موڵکێکی تایبەتە کەکەسێک پێی جیادەکرێتەوە لەکۆمەڵێک کەسی تر کەلەناو کۆمەڵگەکەیدا دەژین، لەوان جیاوازەو داهێنانی کردووەو بووە بەکەسێکی تاقانەو هەندێجار حاڵەتێکی دەگمەن.

ئارەزوو تەنها نیعمەتێک یان تایبەتمەندێتییەک نییە کەلەناو خۆماندا ئاشکرای بکەین، بەڵکو توانای ئێمەیە بۆ وەبەرهێنان تیایدا، بەڕاهێنان و فێربوون و بەردەوامیدان بەدووبارەکردنەوەی بەشێوەیەکی بەردەوام. پێش ئەوەش متمانەمان هەبێت بەوەی نیعمەتێکە کەلەچەند ڕوویەکەوە خودی خۆمان بۆ دەسەلمێنێت، پێویست ناکات ڕۆژێک بێت مەبەستمان تەنها دەستکەوتی مادی یان بازرگانی بێت، کەئەوەش عەیبەی تێدا نیە ئەگەر بەپێی پێوەرو بنەماکان بێت.

منداڵەکانمان، چەند تواناو بەهرەکانیان دەدۆزینەوە؟! هەروەها کات چەندە خزمەتیان دەکات؟! چەندە ئەو پێداویستییانەیان بۆ

دەستەبەر کراوە کەلەڕابردوودا بۆ ئێمە نەبوو؟! تابخرێنە خزمەت ڕاهێنانیان و بەخشینی تواناوە کەلەداهاتوودا ببێتە دەرچەیەک بۆیان، بەڵام؛ تائێستاش ئەو دۆخی داهێنانەی دەمانەوێت سنوردارکراوە، هێشتاش بیرکردنەوەکان لەباکورو باشورەوە کەسوکارەکان دێنن و دەبەن.

چەند منداڵ هەیە کەلە خێزانێکی ڕۆشنبیر لەدایکبووە، زانستخواز بوون، بەڵام نەیانزانیوە کە لەپاڵ لایەنی ئەکادیمیدا چەند لایەنێکی دیکەش هەن کەپێویستە گرنگییان پێبدەین، منداڵ کاتێک وێنە دەکێشێت ئەوە حاڵەتێکی داهێنانە بۆ داهاتوو، کاتێکیش بیر لەتوانایەکی کاری دەستی دەکاتەوە یان وەرزش یان خوێندنەوەیەکی تایبەت، ئەوە نیشانەی بلیمەتییە لەو بوارانەدا، بەڵام زۆرێک لەکەسوکار ئەمڕۆ بڕوایان وایە (شکۆی کۆمەڵایەتی) گرنگترە. چەند منداڵ هەیە کەتوانایەکی دیاریکراویان هەیە، بەڵام کەسوکاری لەبیریان کردووەو گرنگییان پێ نەداوە؛ چونکە خۆیان هەمان بەهرەیان نەبووە لەمنداڵیداو لەبەرئەوە خۆیان پێوە ماندوو نەکردووە، لەبیریان چووە کەبەو کارەیان هەلێکیان بۆ داهێنان لەدەستداوە، مەرج نیە منداڵەکانیان وەکو خۆیان بن.

چەند منداڵ هەیە کەبەهرەیەکیان هەیەو ئەمڕۆ لەناوچووە، بەهۆی تێڕوانینی ئەو دایکانەی جگە لەبەدەستهێنانی خەڵات هیچی تر نازانن، منداڵەکەی هیلاک دەکات لەژمارەیەک بەشدارییپێکردنی ناڕێک کەهیچ خزمەتێکی ناکەن، تەنها بۆئەوەی بڕوانامەکانی زۆر بن و بەدۆسیەیەک کێبڕکێی پێبکات تاخەڵاتێک وەربگرێت و بیباتەوە، لەدوای ئەوە پشتگوێی دەخات و ڕاستییەکەی لەبیردەچێتەوە کەئەو داهێنەرەو خاوەنی بەهرەیەکی مرێنراوە.

هەوڵ دەدەین بۆ گۆڕینی بەهرەی منداڵەکانمان بۆ تەنها چەند بڕوانامەیەک کەهەڵواسرێن بەدیوارەکانەوە، بۆئەوەی بوترێت فڵانە کەس منداڵەکەی زیرەکە؟ یان باوەڕمان پێی دەبێت و باوەڕمان

وایە کەمنداڵەکانمان خودا نیعمەتێکی پێبەخشیون کەتیایدا لەوانیتر جیاوازن؟

چەند منداڵ هەیە کەبەهرەکەی لەلایەن کەسوکارییەوە قۆستراوەتەوە، منداڵیی زیندەبەچاڵ کراوە بۆئەوەی ببێتە ئەو مریشکەی کەهێلکەی ئاڵتون دەکات، ئەمرۆش منداڵەکە گەورەبووەو سکاڵای لەباوانی هەیەو هەر پارەو خەڵاتێکیشی لەبیرکردووە، تەنها لەبەرئەوەی زانیویەتی کەرۆژێک لەرۆژان منداڵ نەبووە.

لێرەدا ناڵێین کەمنداڵەکانمان پشتگوێ بخەین و هانیان نەدەین بۆئەوەی نایاب بن، بەڵکو پێویستە حاڵەتێکی مامناوەند هەبێت، هەروەها نەخشەکێشانێکی راست کەدووربێت لەوەی من چیم دەوێت و بۆچی دەمەوێت. با منداڵ تەوەری یەکەم بێت وەک مرۆڤێکی داهێنەر، با ببێتە ئەو وێنەیەی دەمانەوێت، با ئێمەش وەکو کەسوکارەکەی لەگەڵی بین لەوەدا کەدەیەوێت ئەوکات دەبێتە وێنەیەکی جوان کەبەهۆیەوە ئێمەی دێتەوە یاد، و سبەینێ لەبارەی ئێمەوە دەڵێت: ئەوان بەهرەکەیان گەشەپێدام ئەمرۆش چاکەی ئەوان بەسەرمەوەیە لەژیانمدا، با بەهرەکان نیعمەتێک بن نەک بەڵا.

٧-٩-٢٠١٤

## ١٣. کۆمەڵگەی دایەکان

کاتی خۆی کچانێکی بچوک بووین هەمیشە خەونمان بەماڵی بوکەڵەکانەوە دەبینی و چۆن جلیان بۆ ئامادە بکەین، دەچووینە بەردەم ماڵی بەرگدروو لێی دەپاڕاینەوە کەپاشماوەی قوماشی ئەو جلانەمان بداتێ کەتەواوبووە، بۆئەوەی خۆمان جل بۆ بوکەڵە تایبەتییەکانی خۆمان بدورین. چەند کانتۆرێکمان لەهیچ دروستکردبوو، گۆشەیەک لەماڵەکەمان تایبەت کردبوو بەخۆمان کەلوپەلمان تیا دانابوو و کردبوومانە ماڵی تایبەتی خۆمان، کەچیرۆکە تایبەتیەکانی خۆمان تیادا دەهۆنییەوە، ڕێگامان بەکەس نەدەدا کەتایبەتمەندێتیمان بشێوێنێت، چووینە قوتابخانەو زۆر هونەری خێزان فێربووین، بەرگدوری، چێشت لێنان و هەندێک ئەتەکێت، شتانێک کەئێستا ناخوێندرێت و ئاماژەیان بۆ ناکرێت، لەگەڵ ژیانی قوتابخانە تێهەڵکێش بووین، گەورەبووین و هەستمان نەدەکرد کەگەورە بووین و چووینە قۆناغەکانی هەرزەکارییەوە ئەو گۆڕانکارییانە دەستیانپێکرد کەڕقمان لێیان بوو لەسەرەتاوە تاکو دواتر فێربووین کەئەمانە سروشتین، لەوانەیە هەڵسوکەوتی وامان کردبێت کەدەوروبەرمان پێی هەراسان بوون، کەسوکارمان، مامۆستاکانمان، دراوسێکانمان «دوکاندارەکەو بەرگدروو»، بەڵام هەستمان نەکرد کەلەنێوان شەوو ڕۆژێکدا چیتر منداڵ نەماوین.

کاتێ هەریەک لەئێمە بیردەکاتەوە لەوەی بەسەری هاتووە لەژیاندا، لەهاوڕێیانی قوتابخانە، زانکۆ، چالاکییە جۆراوجۆرەکان،

دەبینێت کەژمارەیەکی زۆر لەڕوخسارەکان، کەسایەتییەکان، دەروونەکان، هەڵسوکەوتەکان، حەزەکان، رەوشتەکان، فکرو رۆشنبیری هەیە، بەلاّم لەقۆناغێکی تەمەندا لەگەڵ یەک تێکەڵ بوون، پاشان جیابوونەتەوە.

لەو ڕۆژەوە کەچاوم بەهەندێک لەوانە کەوت کەلەزانکۆ بەیەکەوە خوێندبوومان، ساڵانێکی دوورو درێژ بوو نەمدیبوون، لەیەکەم رستەو گفتوگۆوە پێموابوو کەئەمڕۆ لەگەڵ ئەو خوێندکارانەی زانکۆ کۆنابمەوە کەخەمیان ئەوەبوو چی دەخوێنن و کەی تەواوی دەکەن، و کەی کاردەکەن!! چاوم کەوتەوە بەهەمان ئەو روخسارانە، بەلاّم ناونیشانەکە گۆڕابوو، ئەو کۆمەڵگایەی لەناویدابووم بووبووە کۆمەڵگایەک کەخەمەکانی لەسەر چەماوەیەکی نوێی ژیان جێگیرکردووە. زۆرێک لەو کچانە گۆڕابوون، شێوەیان، فکریان، تەمەنیان، لەیادەوەریی مندا هەمان ئەو رۆژانەیە کەتێپەڕیبوون بەهەڵەشەیی و ئاژاوەگێڕییەکانییەوە. ئەمڕۆ ئەوەی لەتەمەنی زانکۆدابوو کەبیرکردنەوەم لەبەرامبەریاندا دەوەستا، ئێستا لەکۆمەڵگایەکی دیکەدایە کەهەمووی بەرپرسیارێتی و قوربانیدانە، دڵەڕاوکێ و ترسە، چاودێری و چاوەڕوانییە، کەمیی خەوو پلاندانان، کۆمەڵگەی دایکەکان!

قسەکردن لەماڵ و منداڵەکان، بەوردی گوێم بۆ هەموو ئەوانە گرت کەدەوتران، گوێم لێ نەبوو هیچکامیان بڵێت (من)، لەو سەعاتانەدا ئاستی حەزەکانیان دابەزیوە، باسی خۆیان نەدەکردو تەنها بۆ منداڵەکانیان تواببوونەوە، ترسیان هەبوو لەکرانەوە، لەهاوڕێکان، لەخێرایی کات و گۆڕانکارییەکانی، لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. هەریەکەمان دەیویست ئەوانەی دەوروبەری بپارێزێت و لەبیرمان چووبوو کەئێمەش مرۆڤین و وزەمان هەیە. و رۆحین و حەزو ئارەزوومان هەیە.

دایکی رۆشنبیر سەرنجم رادەکێشێت، خوێندەوار، هۆشیار،

ئەوەی کەخۆی فەرامۆش ناکات، ئەو دایکەی ئەگەر ژنی ماڵەوەش بێت بەڵام لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بڕوات و لەگەڵ کاتدا بێت بۆئەوەی لەدنیای منداڵەکانی دوورنەکەوێتەوە. دایکی جەسوورو هاوسەنگ سەرسامم دەکات، ئەوەی کەدەزانێت چۆن سەرنجی هەستەکان بۆخۆی رادەکێشێت لەماڵەکەیدا. ئەو دایکە سەرسامم دەکات کەتێدەگات خۆیشی مافی لەسەر خۆی هەیە، هەروەها پێویستی بەکاتێک هەیە بۆ خۆی بۆئەوەی دەروون و وزەی خۆی نوێ بکاتەوەو بەردەوام بێت لەبەخشین.

ئەو دایکە سەرسامم دەکات کەتێدەگات هەرچەندە دیوارێک دروستبکات و دەرگاکان دابخات هێشتا رزگاری نابێت، ئەو دەستپێدەکات بەئاراستەکردن بەرەو لای دەرگا راستەکەو تێگەیشتنەکان بەپێی رۆشنبیریی سەردەم.

ئەو دایکە سەرنجم رادەکێشێت کەهێشتا پەیوەندییەکان بەهێزدەکات و حەز بەبینینمان دەکات، و تێدەگات کەرابردوو بەشێکە کەپێویستە لەژیاندا بەردەوام بێت بۆئەوەی ورەو ویستەکان نەپچڕێن، ئەو کۆمەڵگایەش سەرسامم دەکات کەدایکانێکی تێدایە کەهاوڕێن، هێشتا پێکەنینەکانیان هەروەکو خۆی ماوە، ئەوان ئەگەرچی شێوەو ژیانیان گۆڕاوە، هێشتا بۆ من هاوڕێی سەردەمی خوێندنن.

١٤-٩-٢٠١٤

## ١٤. نیشتمانە کەم نیعمەتە

نیشتمان لەو چامە قورسانەیە کەدەکرێت بینوسیت و واهەست بکەیت هێشتا مافی خۆت پێنەداوە هەرچەندە دەربڕینی بۆ بکەیت، هەرچەندە بیری لێ بکەیتەوە، چەندی پێ ببەخشیت، هێشتا هەستی زۆر لەناختدا دەمێنێت کەبەلای خۆتەوە پێت وانییە دەرتبڕیوەو بەوانیترت وتووە، خۆشەویستیی نیشتمان لەرۆحدا نیشتەجێیە، ئەگەر نیشتمانێکت هەبێت تیایدا بژیت بەئاسایش و ئازادی و پێداویستییەکانت جێبەجێ بکات، ئەوە نیعمەتێکی گەورەیە کەکەس هەستی پێناکات، مەگەر ئەوەی گەشت بکات و چیرۆک و ژیانی کەسانیتر ببینێت. لەزۆربەی گەشت و کارەکانماندا لەگەڵ رۆشنبیریی تازەو کەسانی تازەدا تێکەڵاو دەبین، ژیانیان دەبینین، بەشەقامەکاندا دەڕۆین و دەزانین ئەوان چیان بەسەردێت، و ئەو نارەحەتی و کێشانەی رووبەڕوویان دەبێتەوە، تاکو بتوانن قوتی رۆژانەیان بەدەستبهێنن، و بتوانن خۆیان و منداڵەکانیانی پێ تێربکەن، ئەی سەبارەت بەفێربوون و پێگەیاندنی نەوەی داهاتوو. زۆرێک لەکەمتەمەنەکان و گەنجان دەبینیت کەکاری بچوک دەکەن بۆ خزمەتکردنی گەشتیاران، ئەوانەی هاتوون بۆ وڵاتەکەیان بەهۆی جوانیی سروشتەکەیان و کەمیی نرخەکانەوە، دڵخۆش دەبن و کاتێکی خۆش بەسەردەبەن، ئەوانیش هەڵدەستن بەخزمەتکردنیان بەرامبەر بەدەستهێنانی بڕەپارەیەکی کەم بۆئەوەی بتوانن بژین.
ئێمە لەنیعمەتدا دەژین کاتێ بەیانیان هەڵدەستین و دەتوانین نانی

بەیانی بخۆین، لەوانەیە هەندێک کەس پێیانوابێت من زیادەڕۆیی دەکەم، بەڵام لای بێبەشەکان ئەمە بریتییە لەخۆشگوزەرانی. ئێمە لەنیعمەتداین کاتێ برەپارەیەکمان پێبێت و قاوەیەکی بەیانیان یان چایەکی پێ بخۆینەوە، چونکە نرخەکەی لەهەندێک شوێن لای خێزانێک بەسە بۆ خەرجیی رۆژێک یان زیاتر، پێمان سەیر نەبێت کاتێ بزانین کەسانێک هەن کەبەداهاتی مانگانەی یەک دۆرلار دەژین، هەندێک لەمنداڵەکانیشمان خەرجیی رۆژانەیان لە١٠ دۆلار تێپەڕیوەو ناشزانن چۆن بڵێن سوپاس بۆ خودا. نیعمەتەکانی خودا زۆرن، شەقامەکانمان فراوانن ئەگەرچی لەهەندێک کاتدا قەرەباڵغیشیان تێدابێت ئەمە بابەتێکی جیهانییە. ئەی چی دەڵێن بۆ وڵاتێک کەچەند هێندە قەرەباڵغیی تێدابێت؟! ئێمە لەچێشتخانە جیهانییەکان نان دەخۆین بۆ هەندێکیش تەنها بۆئەوە کراوە خزمەتی تێدا بکات، لەکۆتایی رۆژەکەشدا بەهۆی هەژارییەکەیەوە بڕوات بۆ چێشتخانەیەکی ترو لەوێ نان بخوات.

لەنیشتمانەکەماندا ژیان جوانە، بەختەوەری ئەوەیە لەماڵێکدا بیت کەکەسوکارەکەت و خێزانەکەت لەخۆبگرێت و کەسانێتر وڵات جێدەهێڵن بۆئەوەی خێزانەکەی بتوانن لەماڵێکدا بژین کەئەم بەشێک نەبێت لێیان، کاتێکیش دەگەڕێتەوە لەوانەیە ژیانی لەدەستدابێت و تەنها چەند رۆژێکی کەمی مابێت. لەنیشتمانەکەماندا بەتەمەن رێزی لێدەگیرێت و پێگەی خۆی هەیەو خزمەت دەکرێت، کەسانێکیش هەن کەگەیشتوون بەتەمەنێک بەڵام هێشتا ماندوون و ژیانیان سەختە؛ بەهۆی ئەوەی منداڵەکانیان گەورەبوون و کۆچیان کردووەو بیریان چووە کەکێ پەروەردەی کردوون و پێوەیان ماندووبووە. لەنیشتمانەکەماندا شکۆی ئافرەت دەپارێزرێت و مافی پێدەدرێت لەخوێندن و ژیانێکی شکۆمەندانە لەسایەی خێزانەکەیدا، پاشانیش لای هاوسەرەکەی بەبێ قۆرخکردن و خۆزاڵکردن و خۆبەخاوەنکردنی ناڕەوا. پێش ماوەیەک رستەی جوانی زۆر وتران

لەڕادیۆو تەلەفزیۆنەوە؛ کەقوتابیان و گەنجانی هان دەدا لەسەر گرنگیپێدانی چەمکی خزمەتی نیشتمانی، بەڕاستی ئەم نیشتمانە شایستەی زۆر شتە کەپێی ببەخشین، ئێمەش دەڵێین بەبێ قسەو بەبێ بوونی پرۆگرامی تایبەت بەهاندان، نیشتمانەکەمان نیشتمانێکە بەختەوەریی پێ بەخشیوین، حەزی ژیانی پێ بەخشیوین، بۆئەوەی خولیاو بەخشینمان بەردەوام بێت بێ ئەوەی بیرمان بچێت کەڕێگاکە هێشتا درێژە. بۆ نیشتمانەکەمان دەڵێین: خزمەتی نیشتمانی تەنها وێنەیەکە بۆ وەڵامدانەوەی چاکە بەچاکە، ئێمەش هەموو ڕۆژێک ئەرکمانە کەلەهەموو شوێنێک خزمەتی نیشتمانی ئەنجام بدەین. تۆ نیشتمانێکیت کەناتوانین دەستت لێ هەڵبگرین.

٢٨-٩-٢٠١٤

## ١٥.خەفەت مەخۆ

زۆرکات مرۆڤ واهەستدەکات لەتەنگانەدایەو خنکێنراوە. زۆرجار ڕۆژانێکی بەسەردا دێت هەستبکات کەتاقەتی کردنی هیچ کارێکی نییە، یان وزەی تەنانەت بۆ قسەکردنیش نییە. زۆرجاری واهەیە کەمرۆڤ تیایدا دەیەوێت خۆی لەجیهان دابڕێت و بەتەنیا بمێنێتەوەو هیچ نەکات. زۆرجاریش ئاواتەخوازین بۆ چەند ڕۆژێک بخەوین بۆئەوەی بیرمان بچێتەوە کەلەکوێدا بووین، ئەمە ژیانە، ئەمەش دنیایە کەتیایدا دروستکراوین بۆئەوەی لەناڕەحەتیدا بژین. دروستکراوین بۆئەوەی لەناڕەحەتیدا بژین کەمخەوو ماندووین، شەکەتین و هەوڵدەدەین، ژیان وا دروستنەکراوە کەئاسان و خۆشکرابێت ئەگەروابێت «ئایا ئەوانەی دەزانن و ئەوانەی نازانن وەکو یەکەن؟».

بۆچی خەفەت دەخۆین؟ لەکاتێکدا لەهەر هەنگاوێکدا پاداشتمان هەیە، ئەگەر نیەتمان پەیوەست بێت بەخوداوە؟ بۆچی خەفەت بخۆین کاتێ بەهەر هەنگاوێک لەپێناوی خودادا چاکەیەکمان بۆ دەنووسرێت؟ ئەمەش تەنها بۆ پەرستشەکان نییە، بەڵکو بۆ هەموو کارێکە کەتیایدا نیەتەکە بۆ ڕەزامەندیی خودا بێت؟

بۆچی خەفەت دەخۆین لەکاتێکدا لەنێو کەسوکارماندا دەژیین بەسەلامەتی و ڕۆزیی ڕۆژەکەمان هەیە، سەقفێک سێبەرمان بۆ دەکات، ئاسایشێک کەدەمانگرێتەوەو نیشتمانێک کەلەباوەشمان دەگرێت؟ بۆچی خەفەت دەخۆین و لەدڵیشماندا خەونمان

هەڵگرتووە، خولیای هەموو رۆژێکیش لەگەشەکردندایە بۆئەوەی باشترین بین، هەروەها بەرزببینەوەو خێزانەکانمان لەچاکەو نیعمەتدا بن؟

بۆچی خەفەت بخۆین لەکاتێکدا لەسەر زەوییەک دەژیین کەخودا پاراستوویەتی لەبەڵاکانی جەنگ، لەمەرگەساتی تینوێتی و برسێتی، لەترس و سام، لەفیتنەکان، کردوویەتییە زەوییەک کەدوورو نزیک دەپارێزێت؟

بۆچی خەفەت بخۆین کاتێ پیرەکانمان رێزو پێگەیان هەیە، ئەو پارێزراوە لەلایەن سەرکردەکانی و گەلەکەی و خێزانەکەیەوە؟ بۆچی خەفەت بخۆین کەبەخۆڕایی فێردەکرێین، دەنێردرێین بۆ پێشکەوتووترین زانکۆکان و هەرکات تەواوبووین هەلمان پێدەدرێت کەئەوەی پێمانە پێشکەشی نیشتمانی بکەین؟

بۆچی خەفەت بخۆین کاتێ هەموو رۆژێک لەرۆژێکی نوێدا دەژیین، لەهەموو رۆژێکدا چەند ئەزموونێک لەژیاندا کەزیاترو زیاتر لەبەجیهانیبوون نزیکمان دەکاتەوە؟ بۆچی خەفەت بخۆین کاتێ لەهەژارییەکی قاتوقڕیدا نیین و ئاوات بۆ شتێک ناخوازین کەلەوانەیە بەدەستی نەهێنین؟

ئایا بەهۆی ژیانی قورس، و فشارەکانی رۆژانەوە خەفەت دەخۆین؟ یان ئەو دۆخە مادییەی کەخۆمانی تێدەخەین؟ ئایا خەفەت دەخۆین بەهۆی بێکارییەکی کاتییەوە کەبەخێرایی تێدەپەڕێت، ئەگەرچی دوای چەند ساڵێکیش بێت کەئەمە رسقێکەو خودا دەینووسێت؟ ئایا خەفەت دەخۆین بەهۆی ئەوەی نەخۆشین و لەهەر خولەکێکی نەخۆشیەکەماندا تاوانەکانمان دەسڕێنەوە؟ ئایا خەفەت دەخۆین بەهۆی ئەوەی قوتابیی زانستین و فشارەکانی خوێندن لەسەرمان زۆربووە لەکاتێکدا لەپێناوی خوادایەو سبەینێ زانستێکە کەسود دەگەیەنێت؟ ئایا خەفەت دەخۆین بەهۆی ئەوەی کارمەندین و سەرۆکەکانمان لێمان تێناگەن یان ناڕەحەتیمان

تووش دەکەن لەکاتێکدا ئەوان مۆڤن و بەردەوام نابن؟ ئایا خەفەت دەخۆین بەهۆی ئەوەی هەندێجار لەخانوویەکی بچوکدا دەژیین و سبەینێ لەبەهەشتدا خانوو و کۆشکمان دەبێت؟ ئایا خەفەت دەخۆین بەهۆی ئەوەی نەگەیشتووینەتە قۆناغێک کەچاومان بەسەرۆکێک یان شێخێک بکەوێت و سبەینێش چاومان بە پادشای پادشاکان و پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی دەکەوێت، ئەوەی لەبارەی ئێمەوە هەموو شتێکی گەورەو بچوک دەزانێت لەرۆژی لەدایکبوونمانەوە تا کاتێک پێی دەگەین؟ خەفەت بۆ مرۆڤێک بخۆین کاتێ ئێمە بەڵێنێکمان هەیە بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ پاکترین مرۆڤەکان موحەممەد (درودو سڵاوی خودای لەسەربێت)؟

خەفەت مەخۆ، پەروەردگاری بەندەکان ژیان دەگۆڕێت بەچاکە بۆ تۆ، هەر بەڵایەک چاکەیە، هەموو ناڕەحەتییەک لەلایەن ئەوەی خۆشی دەوێت بۆئەوەی دەرکەوێت ئایا ئارامگریت یان بێهیوایت- خەفەت مەخۆ ژیان شیرینی و تاڵیی تێدایە، جوانترینی ئەوەی تیایدایە پەروەردگارێکی بەخشندەو بەبەزەییە، کەبەزەیی پیاماندا دێتەوە کاتێ مرۆڤ ئازارمان دەدات. پێبکەنەو بەردەوام بڵێ سبەینێ جوانترە، چونکە پەروەردگارێکم هەیە کەپادشای پادشاکانە.

٢٦-١٠-٢٠١٤

## ١٦. کوپێک قاوە

بەیانییەک خۆرێکی جوان هەڵدێت، کە بەتاڵە ئاڵتونییەکانی دڵمان دەبات، کار لەو کەسانە دەکات کە لەدڵیانەوە بەهەستەکان دەژین، و دێتە سەر ئەوانەی دەپارێنەوەو ئاوات دەخوازن لەکڕنوشێکدا. لەبەیانیدا هەموو دڵەکان دادەنیشن بەرامبەر ئەو روخسارانەی خۆشیان دەوێن، لەڕۆژنامەیەکی بەیانیاندا هەواڵەکانی جیهان دەخوێنیتەوە کەلە هەموو شوێنەکانەوە نێردراون و بەمەرەکەبی ئەمڕۆ چاپکراون، بۆئەوەی لەنێوان هەموو شوێنەکاندا بڵاوبکرێنەوە.

بەیانییەک کاتێ قاوەیەک دەکەیتە ناو کوپێکەوە، هیچ نازانیت لەژیان، جگە لەدەستەکانت کەهەموو رۆژێک پێیان راهاتووە، چیرۆکەکەی لەگەڵیدا دەستپێدەکات و بەبێدەنگی لەگەڵی دەدوێ، لەگەڵ هەر قومێکدا دەزانێت چۆن دەبێت، لەتامی شەکرەکەو تاڵیی قاوەکەوە دەزانێت چیتە.

کاتێ بەکەسێک دەگەیت کەخۆشت دەوێت و داوای کوپێک قاوە دەکات و بەنەرمی و بەهێمنی دەیخواتەوە، بۆئەوەی بەردەوامبێت درێژە بدات بەقسەکردن و شیرینییەکەشی بەردەوامبێت، کوپەکەت دەزانێت کەئێستا تۆ لەبەردەم حەوانەوەو لەبەردەم دڵێکدایت کەسوکناییت پێدەبەخشێت و خۆشت دەوێت، زەردەخەنە دەکات و بەسۆزەوە چرپەت لەگەڵ دەکات، و سەیری ئەو چاوانە دەکات کەلەئارامیدا دەگەشێنەوە.. پێت دەڵێت: ئەوەتا تۆ باشیت.

کوپێک قاوەی ئێواران.. لەنێوان تۆو دەروونتدا، لەوانەشە دەروونێکی دیکە بێت کەعاشقی بوویت. لەخزمەت قاوەدا گفتوگۆی لەگەڵ دەکەیت و پێی دەڵێیت چەندە تامەزرۆی بوویت، لەژیاندا چەندە تامەزرۆدەبین بۆ ئەو هاوەڵانەی لەگەڵماندا لەبارەی کوپێک قاوەوە ئاڵوگۆڕی قسەیان دەکرد.

ژیان بەتاڵییەکەیەوە جوانە، ڕەنگەکەی دەدرەوشێتەوە بەڕەنگی شەوێکی درێژ.

قاوەش بەتاڵییەکەیەوە خۆشە، و ڕەنگە تاریکەکەی ختووکەی هەموو هەستەکان دەدات..

بەوردی نازانم کێ دایهێناوە، بەڵام دەزانم کەئەوەی عاشقی قاوە دەبێت دڵی جوانە، سەرەڕای دڵڕەقییەکانی بەڵام ژیانی خۆشدەوێت، عاشقی ڕەنگەکانە سەرەڕای ڕەنگی ڕەشیش، و حەزی لەشەومانەوەیەکی جوانە لەباوەشی شەوو ئارامییەکەیدا. نازانم لەکوپێکی قاوەدا تاچەند وردەکارییەکانی ژیان گێڕدراوەتەوە؟! هەروەها لەسەر مێزێک کەقاوەی لەسەربووبێت نازانم چەند لەخۆشەویستان بەیەکگەیشتوون و لەیەک جیابوونەتەوە؟! لەنێوان هەر دوو قومێکدا زەردەخەنەیەک هەیەو لەوانەشە ئازار بێت.. بەڵام ئێمە هێشتاش لەهەر کات و بۆنەیەکدا بەشداریی خواردنەوەی قاوە دەکەین.. ئەو هاودەمێکە کەغیرەت لێ ناکات و بۆ چەندین ساڵهاوڕێیەتییەکەی ناگۆڕێت.. هاوڕێی زستانەو بەهاوینیش تامەزرۆی دەبێت.

خۆشەویستی هونەرمەندان و هاوەڵی عاشقان و شەومانەوەیە، چیرۆکی دێوانەکانە لەگێڕانەوەی چیرۆکەکانی گەشت و سەرکێشییەکانی بەفری تەزیودا، ئارەزووی بچوکەکانە بۆئەوەی تامێک بۆ ژیان تاقیبکەنەوە کەلەکارنامەی گەورەکان و ئالودەبوونیاندا دەنووسرێت. ئەو منداڵێکی نازدارە لەبەردەستی نووسەرێک کەعاشقی پیتەو شەو دەمێنێتەوە بۆئەوەی بنووسێت،

ئەو هاودەمی وێنەکێشەکەیە کەسەما بەڕەنگەکانی دەکات و ئەویش بۆنە خۆشەکەی بڵاودەکاتەوە، کەسانێکی زۆر بەیانیان چاوەڕێی دەکەن ئێوارانیش پەلەدەکەن بۆئەوەی لەگەڵی بدوێن، ئەوە کەهەن وڵاتانێکی بۆ داگیردەکەن و هەندێکیش ئازاد دەکەن، ئەوە کەلەپێناویدا ناوەکان داهێنراون و بۆ تامکەرەکانیشی چیرۆکی نەمر لەمێژوودا نووسراوە.. لەهەموو شێوەکانی جوانیدایە، لەوانەیە دێوانە ببیت کاتێ پیاهەڵدان بۆ کوپێک قاوە دەکەم، بەڵام ئەوە ئەو دیمەنە گەورەیەیە کەلەهەموو شوێنێک دووبارەدەبێتەوە، لەهەر گۆشەو کۆلانێکدا.

ئەو هێمایە بۆ ژیانێکی نوێ، بەدڵنیاییەوە ئەو چەندین جار بەکوپی چای وتووە: زۆرکەس کۆچ دەکەن، لەتۆم داو هەندێک لەعاشقەکانتم برد بۆخۆم. ئەوە تۆیت عاشقی ژیانی خۆت دەبیت و دەبیتە خاوەنی، بەمەش هەموو شتەکان تەنها دەبنە هاودەم، ئەویش دەبێتە هاوڕێیەکی خۆشەویستی نزیک، منیش لەبەیانییەکدا بەبێدەنگی بۆی دەنووسم: »کوپێک قاوەم دەوێت«.

٢٠١٥-١-١٤

## ١٧. نازناوەکان..!

ئەمڕۆ لەکۆمەڵگەکەماندا هەموو شتەکان زۆربوون، شوێنەکان، روخسارەکان، ژیان، خەڵکی، رەگەزنامەو نازناوەکان. هەرکەس هەوڵدەدات نازناوێکی جوانی هەبێت و ئەمەش هیچ عەیبی تێدانیە، هەرکەس لەلێکۆڵینەوەیەکی دیاریکراودا ماندووبوو، شایستەی ئەوەیە ئەو نازناوەی پێبدرێت کەهەوڵی بۆ داوە، بەڵام ئایا ئەو نازناوە تەوەری سەرەکیی ژیانیەتی؟ لەئێستاو لەڕابردوو و داهاتوویدا؟ ئایا ئەو کەسەیە کەلەپشتی ئەمەوە دەژی؟ ئایا هەموو ئەوەی دەیناسین ئەوەیە؟ واقیعی ئەمڕۆی لەکوێیە، ئەزموونەکانی، هێمنی و تەواوی ژیانی؟؟

جوانە ئەگەر بەسادەیی بژیین، و خاڵی بین لەهەر شتێک، هەندێجار ئەو ژیانەی ئاڵۆزی و ناولێنان و رێکخستنی زۆری تێدا بێت شەکەتمان دەکات، هەروەک ئەوەی ناچاربکرێین کەسێک بەنازناوێک بانگ بکەین یان پشتمان تێبکات و قسەمان لەگەڵ نەکات، ماندوومان دەکات؛ بەگومانی ئەوەی لەپێگەی کەمکراوەتەوە، بگرە ئەوە کەموکورتییە لەعەقڵیدا سەرەڕای ئەوەی کەبەدەستی هێناوە!

هەموومان لەگەشتێکداین بۆ دۆزینەوەی خۆمان، زانینی راستیی ژیان و ئەوەی چۆن بەسەری دەبەین. هەموومان حەزدەکەین لەهەموو شتێک دابڕێین لەشوێنێکدا کە کەس نایزانێت، ئەمیش تەنها بژی لەگەڵ ئاوو هەواو دایک و زەوی. ماوەی ئارامیی دوورکەوتنەوە لەهەموو ئاڵۆزی و بەرپرسیارێتییەکان، ئەو

ماوەیەی کەزۆر کەس بەدرێژایی ساڵچاوەڕێی دەکات کەتەنها پێی دەوترێت پشوو..!

ئایا لەتەواوی ساڵدا تەنها پێویستمان بەیەک مانگە؟ بۆچی هەموو ڕۆژەکان وەک ئەو ڕۆژە نەبین؟ ئێمە دەروونی خۆمانین، ئەو دەروونــە ســادە هەڕەمەکییە خۆشەویستە ڕاستگۆیەی کەهەموومانی قبوڵەو لەپێناو هەمووانیشدا دەژی.

مرۆڤایەتی چـۆن دەبێت کاتێ هەست بەهـەموو ئـەوانەی دەوروبەرمان بکەین و لەگەڵیان بین؟ ڕۆژەکە چۆن دەبێت لەدوای ماوەیەکی کارکردنی ماندووکەر لەگەڵ دەروونێکی لەسەرخۆی هاوسەنگ و خۆبەکەمگر، بەوشێوەیە دەژی کەپێی خۆشەو ئەوە دەکات کەپێی خۆشە. هەرچی شتێک نەرێنی بێت دایدەماڵێت و دەرگاکانی دڵەڕاوکێ دادەخات لەهەموو شتێکداو پشت بەخودا دەبەستێت لەکارەکانیدا، نهێنی و ئاشکراکانی.

ئەی کاتەکان لەگەڵ ئەوانیتر چۆن دەبێت؟ هەموانیش تەنها خودی خۆیان لەگەڵت بن بەبێ زۆرلێکردن و نازناو، با بەقوڵی هەناسەبدەین و ڕۆبچینە ناخمانەوەو خۆی بهێنینە دەرەوە نەک شتە کاتییەکان . باعاشقی ئاشتبوونەوە بین لەگەڵ هەموو شتێک، با هەموو شتەکانمان خۆشبوێت کە بەجوانی دروستکراون و خودا هێناویەتە بوون بۆئەوەی چێژی لێوەربگرین، با هەموو شتێک قبوڵ بکەین و سوپاسی خودا بکەین و هەمووانمان قبوڵ بێت و لەبیرمان بێت کەخودا هەموویانی دروستکردووە. با لەبیرمان بێت جیهان لەدەرەوەی ئێمە چۆن پێویستی بەمرۆڤایەتییە..!

ژیان شەکەتمان دەکات بۆیە باسادەی بکەینەوە، ماندووکەرە باسووکتری بکەین، فشاری زۆری تێدایە، بالەتوانای خۆمان زیاتر لەکۆڵ نەگرین. باهەموو ڕۆژێک بەشتە جوانەکانەوە بژیین کەلەبارەی ئێمەوە پەیام بدات بەخەڵکی؛ بەمەش لەناخیاندا خۆشەویستی و نازناوی جوان بەدەستبهێنین و لەبیرمان بێت؛

ئەزموونی کات هەموو ڕۆژێک پێمان دەڵێت کەئێمە نامێنینەوەو نەمر نین بەڵکو کۆچ دەکەین و یاددەکرێین هەرچەند پلەو نازناوی دنیاییمان بەرزبێت لەگەڵ خۆماندا نایبەین! بەهێوری و بەبێدەنگی جێیدەهێڵین، لەپاش خۆشمان یـادەوەری لـەگـەڵ زۆرکـەسدا جێدەهێڵین، لەیادەوەرییاندا دەبینە چیرۆک و ئەزموون و گێڕانەوە، کات بۆ هیچ شتێک نیە جگە لەگێڕانەوەی ئـەوەی جوان بوو و ڕۆیشت، ئەوەی ڕاستی بوو و مایەوە، دڵێکی پاکیش کەنەمر بوو... ئایا زۆر دوردەکەوینەوە؟!

٣٠-١-٢٠١٥

## ١٨. خۆشەویستی چییە..؟

خۆشەویستی زۆر ناوترێت، کاردانەوەیەکە ناوترێت، هەستێکە ناوترێت، خۆشەویستی لەزۆر روخسارو وێنەدا رەنگدەداتەوە، خۆشەویستی ئەو چیرۆکە ئەزەلییەیە کەدایکێک تیایدا دەژی لەکاتی لەدایکبوونی منداڵێک کەهۆگریەتی لەوکاتەوە کە لەتاریکیدا رۆحی بەبەرداکراوەو بەردەوام خۆشەویستی لەگەڵیدا دەمێنێتەوەو گەورەدەبێت و دەبێتە چیرۆکی ئەو دووانـەو عیشقێک کەلە دیوانی عاشقەکاندا کەمێک نەبێت وەرناگێڕدرێت. خۆشەویستی ئەو گەرماییەیە کەباوکێک دەیبەخشێت بەمنداڵەکانی، لەهەموو کاتێک و هەموو بارودۆخێکدا، دڵێک کەهەمووان لەخۆدەگرێت و ماندوودەبێت لەپێناو هەمووانداً، خۆشەویستییەک کەسنور نازانێت یان کەم نابەخشێت، بەڵکو دەتوێتەوەو رۆژێک لەڕۆژانیش سکاڵا ناکات یان بڵێت چۆن و بۆچی..!

خۆشەویستی چیرۆکێکی جوانە، نووسەرەکان نووسیویانەو ئاوازدانەرەکان ئاوازیان بۆ داناوە لەخۆشەویستیی نیشتماندا، هەروەها چیرۆکی ئەو قوربانیدانانەی کەبەنرخ پێوانە ناکرێن. خۆشەویستی ئەوەیە کەسەربازێک لەگۆڕەپانی جەنگدا شەهید دەبێت بەخشەری گیان و خۆشەویستییە بۆئەوەی بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە لەپێناو زەوی و کەسەکانی بەختی بکات، لەداستانی هۆنراوەیەکدا کەهەموو وێنەکانی خۆبەختکردن و نووسانی جەستەیەک بەزەوییەوە دێت کەمرۆڤ تەنها ئەوەی هەیە. چیرۆکێکە

کەدوودڵی و خۆخەڵەتاندن نازانێت، خۆشەویستێکی نیشتمان تیایدا بەزەردەخەنەوە هاندەدرێت بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن یان شەهیدبوون، لەهەمووشیاندا دڵخۆشی و بەختەوەری هەیە.

خۆشەویستی ئەو سەرکردەیەیە کەخۆی بەکەم زانی و دابەزی بۆئەوەی لەنێو گەلەکەیدابێت، گوێ لەچیرۆکەکانیان بگرێت و لەگەڵ ئەوان بژی، لەخۆشییاندا بەشداربێت و لەخەفەتەکانیاندا سەبورییان بدات، و پاڵپشت بێت بۆ هەرکەسێک کەپێویستی پێی بێت.

خۆشەویستییەک کەوێنە دەقگرتووەی سەرۆکی وڵاتانی گۆڕی، بوو بەخۆشەویستییەک کەهەموو ئەوانەی لەسەر زەویی نیشتمان دەژین خۆیانی بۆ بەخت بکەن، بەردەوام دێت و دەچێت بەتەنهاو بەبێ ترس و بەبێ هیچ سەربازێک، چونکە پادشای دڵەکانەو لەدەروونەکانیش بێترسە..!

خۆشەویستی بریتییە لە خۆشەویستی فەرمانبەر بۆ کارەکەی و هەستکردنی بەوەی مرۆڤێکی گرنگەو مافی خۆی وەردەگرێت و ئەوەشی لەسەریەتی بەزیادەوە جێبەجێی دەکات، وەک خۆشەویستییەک بۆئەوەی زۆرتری داوەتێ، ئەوەش کە-لەدوای خودا- ئارامی و ئاسایشی پێ بەخشیوە، و رزقەکەی بۆ ئاسان کردووە-لەدوای خودا- رزقی داوەو ئاسایشی بۆ دابینکردووە بۆ ترس و پێداویستییەکانی، بۆیە دوودڵ نییە لەوەی لەکات و هەوڵدانی خۆی ببەخشێت بۆئەوەی زەردەخەنە بکات، بەڵکو بەهەر سەعاتێک دڵخۆشبێت کەتیایدا بەرێکردنی ئەرکەکانی تیایدا ڕێگای بێت..!

خۆشەویستی بریتییە لە خۆشەویستی پیاو بۆ ژنەکەی، ئەو خۆشەویستییەی وادەکات هەریەکەیان ئەویتر بناسێت و لەپێناویدا دەستهەڵبگرێت و ڕێگاکەی لەگەڵ تەواوبکات، هەموو ناکۆکییەکان لەبیر دەکات بەڵکو هەموو قوربانیدانەکان دەنرخێنێت،

و دڵخۆشدەبێت بەهەموو قەیرانەکان کەتیایدا خۆشەویستییان زیاد دەکات و بەهەمیشەیی دەمێنێتەوە، خۆشەویستییەک کەلەپێناویدا خێزانەکان دامەزراون و نیشتمانیش سەقامگیر بووە، سەرکردە دڵخۆش دەکات و گەل بەهێزدەکات بەو نەوانەی دەبنە پاڵپشت و نوێنەر، ئەوەی ڕێڕەوی گەل تەواودەکات ناتوانێت مەگەر بەنارەحەتی و ماندووبوون نەبێت!

خۆشەویستی تۆیت، کاتێ دڵێکی پڕ خۆشەویستیت هەیە، دڵت لەپێشدا، ئەو دڵەی دەزانێت چۆن خۆی خۆشبوێت، دەیدات و بەڕاستی ڕژدیی تێدا ناکات، دەزانێت بەختەوەری سەرچاوەیەکە لەناخەوە، ئەوانەش کەشایستەی نین بابەخێرایی چۆڵی بکەن.

خۆشەویستی تۆیت کاتێ دەیبەخشیت بەکەسێکی تر بەئارەزوومەندانەو بێ هیچ مەرجێک، بەڵکو بەڕێزگرتن لەهەموو سنوورەکان، ئەو خۆشەویستییەی کەلەپێناویدا هاوڕێیەتییە ڕاستەقینەکان بنیات دەنرێن، پەیوەندییە ڕاستەقینەکان، دەروونەکانیش لەڕاستگۆیی و خۆشەویستیدا هۆگری یەک دەبن! خۆشەویستی ئەوەیە کەڕۆژێک دڵت عاشقی کەسێک ببێت، بەڵام نەینووسێت و وەرینەگێڕێت، بەڵکو لەخەیاڵی شاعیراندا ئازادی بکات، کتێبی ئەدیبەکانی هەبێت، دێڕەکان لەبەربکات و گۆرانی بڵێت، ئەم خۆشەویستییە وەک چیرۆکێک دەمێنێتەوە کە وەرناگێڕدرێت مەگەر لەکاتێکدا کەپەروەردگاری بەندەکان بیەوێت.

٦-٢-٢٠١٥

## ١٩. دەروونەکانمان..!

دەروونەکانمان، ئەوەی نیشتەجێی ئێمەیەو ڕۆحەکانمان لەخۆپارێزیدا بەڕاست دەزانێت، ئەوە دەمانژێنێت و وادەکات لەگەڵ زۆر کەسداو ئەو وەرزانەی لەدەروونی زەریادان، تێکەڵ ببین. ئەوەیە کەلە وەرزی پایزدا ئارامی و لەسەرخۆیی بەرزی دەکاتەوە بۆئەوەی چاودێریی گۆڕانکاریی ژیان و تەمەن بکات لەجیاوازییەکان و هەنگاوەکاندا. لەزستانیشدا پێویستی بەوانەی دەوروبەری هەیەو پێویستی بەوەیە هەست بەگەرمایی و ئاسایش بکات.

دەروونەکانمان ئەوەی عاشقی هەموو جوانییەکە، لەهونەرو ئەدەب و پێنووس، کەشەوو ڕۆژ ئەوەی لەناخماندایە دەینووسێت و بۆ فیکرێک وەریدەگێڕێت کەئەوانەی لەدەوروبەرمانن دەیخوێننەوە، دەروونەکانمان ئێمەین لەهەموو ئەوەی تیایدا دەژێین و تاقیدەکرێینەوە، لەگەڵ هەموو داڕنراوییەکانی خودی خۆمان لەناڕەحەتی و گۆڕانکارییەکان، قورسترینیشی ئەوەیە کاتێک لەنێوان زۆر کەسداین و هەوڵدەدەین هاوسەنگ بین و خۆمان بگونجێنین، هەرچی دەوترێت و دەبیسترێت وەریبگرین، لەهەموو ئەو بڕیارانەی هەندێجار بەسەرماندا دەسەپێنرێت و هەموو ئەوەی ڕووندەکرێتەوە بەبێ گەڕانەوەو گوێگرتن..!

دەروونەکانمان ئێمەن کەبمانەوێت هەرچۆنێک بن و چۆن لەکۆمەڵگەدا بژین، چۆن دەمانەوێت هەر بارودۆخێک و کێشەیەک

بێتەڕێی گەورەی بکات، هەموو ناڕەحەتییەکانی ژیان بۆئەوەی پوختەی بکات و بەهێزی بکات لەپرۆسەیەکدا تا کۆتایی تەمەن. ئێمە بێتاوان نین و هیچ نین جگە لەمرۆڤێک کەگۆڕانکاریی زۆرمان بەسەردێت، هەندێک هەڵوێست بەسەرماندا هەڵدەکات کەبۆماوەیەک دەمانگۆڕێت، بەڵام لەوە ناگۆڕێت کەئێمە کێین و کێش دەبین، قورسترینیش ئەوەیە بەو زریانەدا تێپەڕیت و دەوروبەرەکەت ئەوانەی بەلایانەوە گرنگ نیە تۆ کێیت و زریانی لەسەرخۆ دەگۆڕێت بۆ هوروژم، تامی تاڵی کاتێ گەورەترە کەلەگەڵ کەسێک بێت کەدەیناسیت، بەمەش هەموو شتێکێ جوانت وەک زریان هەڵدەکات و هەستەکانی هێمنی و دڵنیاییت تێدا دەکوژێت..!

ئێمە لەم جیهانەدا ژیانێکی نموونەییمان نییەو لەهەموو کاتەکانماندا لەسەر هێڵێکی راست رێ ناکەین. لەکوێی ژیانماندا خوارو چەوت نابین؛ ئەوە پەیوەستە بەهەڵوێستەکان و دەروونەکانی دەوروبەرمان و ئەوە دۆخی هاوسەنگ و ناهاوسەنگی ئێمەیە، فێردەبین و راهێنان دەکەین لەسەرئەوەی لەهەموو کاتەکاندا زیندووبێت و بەرگەی هەرشتێک بگرێت کەبەسەری دێت، فێردەبێت لەگەڵ هەمووان‌دا بژی، و دەروونی رابهێنێت لەسەر هەموو حاڵەتە گۆڕاوەکانی کەسانیتریش.

ئێمە لەم ژیانەدا نامۆین و نەمر نین و سبەی دەڕۆین، دەبێ وێنەمان چۆن بێت و خەڵکی چۆن یادمان بکەنەوە کەڕەنگە لەژیاندا لەگەڵمان بووبێت و لێی قبوڵ نەکردبین، یان کاتێ قبوڵمان دەکات بەبچوکترین هەڵسەنگاندن و هەڵوێست رەتماندەکاتەوە، ئایا دەروونەکانمان بەرگەی هەموو ئەمانە دەگرێت لەکاتێکدا خودا دروستی کردووەو ئەوەی لەتوانای خۆی زیاتربێت نەیداوە بەسەریدا؟ بەڵام ئێمە خۆمان ئەوەی لەتوانای خۆی زیاترە دەیدەین بەسەریدا!!! پەیوەست دەبین بەوەوە کەئازارمان دەدات لەبەرئەوەی خۆشمان دەوێت، هۆگری کەسێک دەبین کە هەندێجار

ئاسودەییمان لێ تێکدەدات لەبەرئەوەی خۆشمان دەوێت، سوورین لەسەرئەوەی گوێی لەئاستماندا داخستووە لەبەرئەوەی خۆشمان دەوێت، ئەبێ ژیان بەبێ ئەوان چۆن بێت؟ ئەی دەروونی ئێمە بەبێ ئەوان چۆن دەبێت؟ ئایا شایستەی ئەوەن بمێننەوە لەلامان؟ ئایا ژیانمان شایستەی هەموو ئەم ئاڵۆزکارییانەیە، لەگەڵ ئەو کاتانەی لەدەستدەچن و ئێمەش لەکاتێکدا بیریان لێ دەکەینەوەو کەلەوانەیە ئەوان لەوکاتەدا بیر لەئێمە نەکەنەوە؟!

با کارەکانمان هاوسەنگ بکەین و بزانین کێ دەمێنێتەوەو کێ دەڕوات، بەردەوامین، "زۆر کەس تاقیبکەینەوەو زۆریش بناسین، ئەوکات تەنها ئەوانە دەمێننەوە کە لەخامێکی جوانن و رەوشتیان رەسەنە، و گیانێکی بەرزیان هەیە کەتەوقە لەگەڵ ئاسمان دەکات بەبەخشین و دڵخۆشییەوە.

٦-٣-٢٠١٥

## ۲۰. ژیان وانەیە..!

هەموو ڕۆژێک وانەیەکی نوێ فێردەبین، لەوانەیە هەندێکیان قورس بن و هەندێکیشیان لەتوانادا نەبن، بەڵام پێیدا دەڕۆین و تێیدەپەڕێنین و لەوانەیە هەندێکیشمان لەوێدا بوەستین و تووشی داڕوخـان ببین. ئەزموونی زۆر هەیە، کەسانێکی زۆریش هەن کەبەلایاندا تێدەپەڕین، هەندێکیان کارمانتێدەکەن و شوێندەستی خۆیان جێدەهێڵن، هەندێکیشیان ژەمۆکەیەکی زۆر لەشۆکمان پێدەدەن لـەوەی دەیڵێت و ئـەوەی دەیکات! لـەوانـەیە کارێک نەبێت، بەڵکو وشەیەک بێت کەجێیدەهێڵێت یان لەهەڵوێستێکدا دەریدەبڕێت و لەزیهندا دەمێنێتەوە، بەمەش لەناوماندا دەمێنێتەوەو کاریگەرییەکەی دەمانجوڵێنێت. لەڕۆژێکدا لەوانەیە کەسانێک ببینین کەلەناخی خۆماندا پێمان وابێت ئەوان هیچ زیادەیەکمان پێ نابەخشن، بەڵام زۆریان لێوە فێردەبین و ژیانیش لەتێڕوانینی ئەوانەوە واتا چەمکێکی جیاواز. بەها لەتێڕوانینی ئەواندا جیاوازە، بەڵام هەر بەبەهایی دەمێنێتەوە، لەوانەیە گۆڕانکاریمان تێدا بکات، یان لەوانەیە وابکات لەژیانە نوێیەکەماندا فێری چەند وانەیەک ببین.

وانەکان تەنها لەناو جانتای فێرخوازەکاندا نین، ڕاوێژکاران، پسپۆڕان، بگرە لەوانەیە لەکۆبوونەوەیەکدا بێت لەگەڵ کەسێکی سادە، لەگەڵ پیاوێکی بەتەمەن، لەگەڵ خاتونێک کەناڵاندوویەتی و ماندووبووە بۆئەوەی منداڵەکانی باشترین زانکۆو پسپۆڕییەکان تەواوبکەن، لەوانەیە لەمنداڵێکدا بێت کەبەدەورتدا دەسوڕێتەوە

لەجوڵەیەکدا کەوادەکات بوەستیت لەسەرئەوەی دەبێ ئەو منداڵە بیر لەچی بکاتەوە، لەچیدا سەرزەنشتمان دەکات و فێری خۆشەویستییەکمان دەکات بۆ خۆمان و ترسێک لەخۆمان.

وانەکان بریتین لەکورتکراوەی ژیان لەئەزموونەکانی زۆر کەسدا کەپیایدا رۆیشتوون، زانیویانە چۆن رووبەڕووی دەروونە جۆراوجۆرەکان ببنەوە، هەمووانیان ناسیوەو باوەڕیان بەکەمێکیان هەبووە بەوانەی بەڕۆحیانەوە پەیوەست بوون. فیکرێکە کەلەکەسێکەوە دەچێت بۆ کەسێکی ترو سودی لێ وەردەگرێت، ئەویش کەسێکە کەبەختەوەری پەخش دەکاتەوە بۆ ئەوانیتر لەڕێی ئەو شتانەی بۆیان دەستەبەردەکات بۆئەوەی ئەوانیش بەو ژیانەدا نەڕۆنەوە کەئەم پیایدا رۆیشتووە.

وانەکان لەئافرەتێکدان کە لەوانەیە لەدژیەکەکاندا بژی، لەوانەشە تووشی داڕووخانی زۆر ببێتەوە، و بڕیار بدات لەسەریان نەوەستێت و بگەڕێتەوە بۆ یەکەمجار لەپێناو خۆی و دەوروبەرەکەی، لەپیاوێکدایە کەلەپێناو خێزانەکەیدا تێدەکۆشێت، و لەبەرئەوەی ئەوان باشبن ئەگەرچی ئەو خۆی بناڵێنێت و جگە لەخۆی کەسیش ئاگای لەناڕەحەتییەکانی نەبێت.

وانەکان لەکاتێکدان کەلەگەڵ خۆمان بەسەری دەبەین، لەهەموو شتێک دادەماڵرێین و بەمرۆڤایەتیی راستەقینەمانەوە دەژیین، لەگەڵ ئەوانیتر دەژیین بەبێ هیچ زۆرلەخۆکردن و خۆنواندنێک. لەڕۆژێکدا دەژیین کەدەبەخشین بەخەڵکی وەک چۆن ئەوان پێیان بەخشیین، زۆرێک هەن کەدەناڵێنن و ئاگامان لێیان نییە نازانین چییان پێویستە بەهۆی ئەوەی خۆمان لەئاسودەییداین، چەندین چیرۆک هەیە لەبارەی بەرەنگاربوونەوەو ئیرادە کەشیاوی ئەوەن بنووسرێنەوەو لەبیرەوەریدا بمێننەوە تەنها بۆ خاوەن پلەو پۆستەکان.

وانەکان ئەو کاتانەن کەکەسێک تیایدا دەژی لەگەڵ

تایبەتمەندێتییەکانی خۆی، دەیدوێنێت و دەنووسێت و وەریدەگێڕێت بۆخۆی، خودی خۆی دەپشکنێت، بۆئەوەی خۆی بێت بەرلەوەی خەڵکی دیکە بیخزێننە گۆشەیەک یان چوارچێوەیەکی تایبەتەوە. وانەکان ئەوانەن کەلەبارەمانەوە دەوترێن و ئێمەش وەریدەگرین بۆئەوەی لەوەی دەوترێت فێرببین، لەوانەیە ماندوو و شەکەت بێت و لەوانەیە وزەی زۆرمان لێ ببات، بەڵام وەک وانەیەک دەمێنێتەوە کەتێیدەپەڕێنین و لەبیرەوەریی کاتدا یادی دەکەینەوە، تیانووسی مێژوو، بەسەرماندا هاتووەو بووە.. وەک وانەیەک دەمێنێتەوە..!

٦-٣-٢٠١٥

## ٢١. میتسوبیشی..!

هەمووما بەتەواوی دەزانین کەلۆگۆی میتسیوبیشی چییە، رۆژانە لەسەر شەقامەکان دەیبینین، ئەو ئۆتۆمبێلەی لۆگۆیەکی سووری هەیە، کەلەسەر شێوەی سێگۆشەیەکەو لەسێ چوارگۆشە پێکهاتووە، هەندێکمان لەئاستی خۆی و ئەوەی لێیدەخورێت کەمدەکەینە، پێمان وایە لەهەموو ئۆتۆمبێلەکان کوالیتی و داخوازی لەسەری نزمترە، لەکاتێکدا یەکێکە لەلۆگۆی ئۆتۆمبێلەکانی یابان! یابانیش شتی ئاسایی و سادە دروستناکات، ئەوێ وڵاتی بەشێک لەپەرجووەکانە، وڵاتێکە کەچیرۆکی وای تێدایە دەتوەستێنێت و ناچارت دەکات بیربکەیتەوەو بپرسیت هۆکاری جیاوازی و داهێنانەکانیان چییە..؟!

لەگەشتێکی کاریدا پێیان وتین دەچین بۆ سەردانی کارگەیەکی بەستنی میتسیۆبیشی، بابەتەکە نامۆ بوو! وارانەهاتبووین کەرۆژێک لەرۆژان گرنگی بۆ ئەم لۆگۆیە دابنێین، ئەمرۆش ئێمە کۆبوونەوەکەمان لەشاری (ناگۆیا) گرێدەدەین نەک لە(تۆکیۆ)، ئەو شارە پیشەسازییەی رێژەیەکی سەرسوڕهێنەری ئۆتۆمبێل بەرهەم دەهێنێت، ئەوەی بەلای بەندەرە دەستکردەکەیدا دەڕوات سەرسام دەبێت؛ چونکە ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی وەستاون و چاوەڕێی بارکردن دەکەن ترسێنەرە، کەشتیی بارهەڵگر بەقەبارەی نائاسایی، هەناردەی جیهان دەکرێت و جیهانی ئەمرۆش تەماشای بلیمەتیی ئەم گەلە دەکات! هەموو ئەوانەش هەستدەکەیت کەبەهێمنی روودەدەن..!

شاندەکە لەژووری کۆبوونەوەکان چاوەڕێیان دەکرد، ژمارەکە لەسەرو (٦٠)ەوە بوون لەکەرتە جۆراوجۆرەکانی فڕۆکەوانییەوە لەجیهاندا... یەکێک لەتیمی میتسیۆبیشی یابانی بەزاراوەیەکی لاوازی ئینگلیزی قسەی دەکرد، بێ ئەوەی شەرم بکات کەیەکێک بوو لەبەڕێوەبەرانی ئەم کارگەیە، بەمتمانەوە قسەی دەکردو لەگەڵیشیدا پێدەکەنی و هیچ گرنگییەکیشی بەلاوازیی ئینگلیزییەکەی نەدەدا، بەڵکو بەمتمانەوە قسەی دەکردو لەبارەی وەرگێڕانی هەندێک لەوشەکانەوە دەیپرسی ئەگەرچی بنەماکانیشی جیاواز بوو! گرنگ نیە لەبەرئەوەی زمانی دایکی نییەو ئێمەش پێویستە فێرببین کەشەرم نەکەین لەهەندێک هەڵە کاتێ قسە دەکەین. ئەوە زمانی دووەممانەو شوناسی ئێمە نییە کەهەندێک کەس دەیانەوێت تیایدا بژین و بەردەوام بیڵێنەوە، ئەمەش بەپێوەرێک دابنێن بۆ پێشکەوتن و گەشەسەندن..!

هەروەها لەهۆڵی کۆبوونەوەکانیش سەرمان سوڕما؛ فیلمێکی کورت لەبارەی ئەم کۆمپانیا گەورەیەوە نمایش کرا، لەبارەی تەمەن و کارەکانییەوە، هەروەها داهێنانەکانی؛ میتسیۆبیشی لەچوار وێستگەدا لەیابان پەیکەری فڕۆکە دروستدەکات، پاشان هەڵدەستێت بەکۆکردنەوەو هەناردەکردنی بۆ کۆمپانیا گەورەکانی وەکو بۆینگ و ئێرباس! نوێنەری ئەو کۆمپانیایانەش لەهۆڵەکەدا هەن.

زیاترلە ٣٠ هەزار کارمەند کاریان لەگەڵ دەکات، کاتێ چووینە ژوورەوە بێدەنگییەکی تەواو هەبوو، وەک ئەوەی شوێنەکە کەسی تێدا نەبێت. ئەمە مارکەیەکی گرنگە لەبواری فڕۆکەوانی، بەشێکی گرنگی فڕۆکە دروستدەکات کەبریتییە لەپەیکەرەکەی، ئەی چۆن ئۆتۆمبێل دروست ناکات؟! تەنها ئەمە نەبوو... لەساڵی ٢٠١٧دا فڕۆکەی تایبەتی خۆی خستە بازاڕەوە. ئێستاش فڕۆکەی جەنگی بۆ حکومەت دروستدەکات، سەرەڕای ئەوەش مانگە دەستکردەکان

دروستدەکات. گەورەی ئەندازیارەکان ناتوانێت بەباشی بەئینگلیزی قسە بکات، جێگری بەڕێوەبەری کۆمپانیا رستەیەک تەواو ناکات بەبێ وشەی یابانی و ئێستاش ئەوان لەریزبەندی پێشەوەی پیشەسازین لەجیهانداو ئێمەش هەندێجار نازانین لەپشت بەشێک لەمارکە بازرگانییەکانەوە چی هەیە..!

ئای تێڕوانینمان بۆ هەندێک شت چەندە سنووردارە!! چەندە بەهەندێک شتیش واق وڕماو دەبین و لەقەباری خۆی گەورەتری دەکەین!! گرنگیش بەوە نادەین کەفێربین چۆن گەل و شارستانیەتی بنیات دەنرێت!! چیرۆکی پشت هەندێک لەناوو لۆگۆکان چین؟! بەهەندێک بابەتی روکەشانە سەرسام دەبین، خۆشمان بەڕووکەشانە دەژین و هەندێجار خۆشمان بەگەروە دەبینین..!

لەبارەی ژمارەیەکی زۆرەوە کەلەم شوێنە چوونەتە دەرەوە بەلام لەناخیاندا رێزێکی زۆریان هەیە بۆی، وەک ئەو فرۆکە کۆنەی لەبەردەم شوێنی چوونەژوورەوەیاندا وەستاوەو مێژوویان دەژمێرێت، هەروەها شایەتی لەسەر پێشکەوتن و دەستکەوتەکانیان دەدات...!

٢٨-٣-٢٠١٥

## ٢٢. بەیەکگەیشتنی بیرەوەری..!

دڵە بچوکەکانمان چەندە خۆشحاڵ دەبن کاتێ بیردەکاتەوە لەوەی لەژیانی و ئەزموونەکانی تەمەندا زۆر هاوبەشی بووە!! کاتێ بەڕێکەوت لەشوێنێک یەکێکیان دەبینین چەندە دەروونمان گۆڕانی بەسەردا دێت، گەشتی یادەوەری و ژیانەوەی دەروون بۆ جوانترین کاتەکان دەستپێدەکات. ئەوکاتانەمان بیردێتەوە کە وننابن، بەڵام بەخێرایی دەگەڕێنەوە. ڕۆحەکانمان دروستبوون بۆئەوەی لەنێوان خەڵکیدا بن، هۆگر دەبێت لەگەڵیان و لەنێویانداو لەگەڵیاندا دەژی. ئەمڕۆ بیری زۆرێک لەوانە دەکەین کەلەسەر کورسیی خوێندن لەگەڵماندا بوون و ئاواتەخوازین هەندێک زانیاری لەبارەیانەوە بزانین، یان ژیانیان چی بەسەرهاتووەو خەریکی چی کارێکن. لەکۆبوونەوەکاندا چەندە هەست بەچۆڵیی شوێنی کەسانێک دەکەین کەخەونی گەورەیان هەبوو و دەڵێین: ئایا فلان خەونەکەی هاتەدی و ئێستا شێوەی چی لێهاتووە؟ ریزەکانی قوتابخانەو ریزبوونی بەیانیانمان بەبیردێتەوە کەسەدان کەسی تێدابوو و هەندێکیشیان لەنزیکەکان بـوون!! ئەمڕۆ هاوڕێیانی زانکۆو یەکەم گۆڕانمان لەژیانماندا بیردەکەوێتەوە، کاتێ بۆ یەکەمجار وامان لێهات بووینە بەرپرسی زۆرکەس. هەروەها بۆ ژیانە تازەکەشمان..!

لەهەمووماندا یادەوەرییەکی گەورە لەوێنەو ئەلبومی تێدایە، چەندین بەرگ لەچیرۆک و بەسەرهاتەکان، ڕۆحەکانمان پێیان دەگەن و بەریەک دەکەون، هەندێجاریش لەوانەیە پێبکەنین، و

بڵێین چۆن بەوشێوەیە بووین؟ ئەوە جوانترین قۆناغەکانی تەمەنە هەرچۆنێکیش ژیابین هەر لەجوانترین دیدارەکانی یادەوەرییە، ئەوکات بێتاوانی لەژیانماندا زۆر بوو، تەنانەت ناکۆکییەکانیشمان جوان بوون، چونکە سادە بوون هەروەک سادەیی ئەو رووداوانەی بەسەرمان هاتن، بەرپرسیارێتی و خەمەکانی ئەوکاتمان بەوانەی ئەمڕۆ بەراورد ناکرێن و تەنانەت لێی نزیک نابنەوە!

ئەمڕۆ ئەوەی جوانە لەجیهانی تەکنەلۆژی و پەیوەندییەکان ئەوەیە کەوایکردووە زیاتر نزیکببینەوە لەوانەی لەبیرەوەریماندان، و توانیومانە لەدوای چەندین ساڵدابڕان کۆببینەوە، بەڵام خەمەکە لەوەدایە کەیادەوەریی راستەقینە بەبەستوویی بمێنێتەوە لەو ماوەیەی تەمەندا کەبێزار نابین و هەر دووبارەو دووبارەی دەکەینەوە، لەو کاتانەی بەخۆشی بەسەری دەبەین پێدەکەنین کاتێ بەیەک دەگەین، بۆئەوەی یادەوەرییەکی پاڵفتە بێت..!

ئەمڕۆ زۆربەی کات پەیوەندییەکانمان لەرێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوەیە، بۆیە یادەوەریی نوێمان لەوێدا لەناو ئامێرە ئەلەکترۆنییەکان و وێنە زۆرەکانماندا هەڵکۆڵراوە، کەرەنگدانەوەیە بۆئەوانەی بەسەرمان هاتووە یان چیمان کردووە یان تەنانەت چۆن بیرمان کردووەتەوە. هەندێجار دەبێتە پەیوەندیی خەیاڵی و هەندێجاریش هیچ بنەمایەکی نییە لەبەرئەوەی رۆحەکان بەیەک ناگەن، دڵەکان یەکتری ناناسن، رۆحەکانیش لەیەک نزیک نابنەوە تەنانەت نازانن ئایا بەیەکەوە دەگونجێن یان نا. بووەتە یادەوەرییەکی دوور لەهەستە راستەقینەکان، و ئەو هەستانەی لەکاتی پیربووندا پێویستمان بەوە هەیە بیرمان بکەوێتەوە. لەوانەیە هەندێک کەس دەستپێشخەری بکات و هەندێک کەسایەتی بناسێت، بەڵام زۆر کەمەو بەردەوامیی تێدا نییە، چونکە ژیان تەنها بووە بەچەند وشەیەکی سەرزارەکی، و پەیامی خێرا تەنانەت لەمامەڵەکانی دیکەشماندا.

پەیامی خێرا کەنە تێڕامانی تێدایە نەوەرگرتن و نەبەخشین، وامان لێهاتووە لەگەڵ بەیەکگەیشتی یادەوەریی کۆنیش هەربە نامە قسە دەکەین لەگەڵ ئەو کەسانەی توانیومانە لەیەک (گروپ)دا یەکبگرینەوە، چیرۆکەکان و وێنەی پێکەنینەکان یەک بەدوای یەکدا دێن، بەڵام کاتانێکی بەتاڵن لەو راستییەی لێمان ونبووە.

هێشتا یادەوەری پێویستی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتیی زیاتر هەیە، بەیەکگەیشتنی راستەقینە، و ژیان لەگەڵ هەمووان، لەگەڵ چیرۆک و رۆژەکانیان کاتێ رۆحەکان بەیەک دەگەن سبەینێش دوای تێپەڕینی چەندین ساڵی دوورو درێژ یادەوەرییەکانیش بەیەک دەگەن...!

٢٠١٤-٤-١٠

## ٢٣ عیشق..!

ئایا رۆژێک لەڕۆژان بیری کەسێک دەکەیت و نازانیت چۆن پەیوەندیی پێوە بکەیت، یان پەیوەندیکردنت بێزاری دەکات؟ ئایا تامەزرۆی ئەو کاتانەیت کەبەدی نایەت مەگەر لەزنجیرەیەک لەیادگاری کەبەتەنیا لەگەڵیان بژیت؟ ئایا تامەزرۆیت بۆئەوەی خۆت لەگەڵ دەروونی خۆتدا لەئاسایش و پارێزراویدا بیت، بەدوور لەهەموو شتە خەفەتهێنەرەکان و لەدڵخۆشیدا بژیت و لەئامێزی بگریت؟ ئەو یادەوەرییە لەناخماندا دەژی، بەبەردەوامیش دەمێنێتەوە. یادگاریی دڵخۆشی و بەختەوەری. تەنها پێویستە بیوروژێنین و دەریبکەین بۆئەوەی لەگەڵیدا بژیین...!

لەبارەی ئێمەی نووسەرەوە دەوترێت کەئێمە لەجیهانێکی گوڵئاسای خەیاڵیدا دەژیین، باوەش بەوشەکاندا دەکەین و رامیان دەکەین بۆئەوەی جیهانێکی تایبەت بەخۆمان هەبێت، هەروەها رۆحانیبوونێک کەوادەکات لەهەندێک واقیع دووربکەوینەوەو بەنوکی قەڵەم بچینە ئەو شوێنەی خۆمان دەیکێشین! بەڵێ نکوڵی لەوە ناکەین و ناڵێین بەوشێوەیە نیین، ئێمەش یادەوەرییەکی گەورەمان هەیە کە هەندێجار زۆر بێزارمان دەکات، هەندێجاریش دڵخۆشمان دەکات کاتێ لەدەروونماندا لەگەڵی دەژیین و ناچاری دەکەین کەشێکی تایبەتمان لەخۆشەویستی و دڵخۆشی و هەندێجاریش لەشێتیمان بۆ برەخسێنێت. ئێمە خەیاڵی یان ناواقیعی نیین، بەڵکو ئێمەش دەمانەوێت بژیین لەگەڵ ئەو شتانەی

هەستەکانمان داوای دەکەن، لەگەڵ شەقامی دەرەوە دەژیین، زۆر لەگەڵ واقیع، لەگەڵ هەندێک لەوانەش کەئاواتی بۆ دەخوازین و ئەزموونی دەکەین.

لەگەشتەکەی ئەمدواییەمدا بۆ میسر لەگۆشەیەکی (خان خلیلی) بووم، لەو قاوەخانەیەی کەئەدیبی گەورە نەجیب مەحفوز پێی راهاتبوو کەتیایدا بژی و لەرێی ئەو ژیانەوە ژیانی کەسە سادەکان وەربگێرێت، بەمەش شتی نایابی لەئەدەب بەرهەم هێنا، ئایا ئەوەی دەینووسی خەیاڵ بوو؟ نا بەڵکو بەراستگۆیی لەگەڵی دەژیا، ئەگەرچی هەندێجار راستی ئازاربەخشیش بێت چونکە ئەو راستییەکانی دادەماڵی و دەیخستە بەردەمت بۆئەوەی تووشی واقورمانت بکات، بەمەش هەوڵت دەدا بیگۆریت یان لەگەڵی بژییت و بەبێ هیچ پرسیارکردنێک برۆیت و تەنها لەیادگارییەکاندا بمێنیتەوە..!

ئێمەی نووسەر عاشقین، عاشقی دراماو خۆشەویستیین، مەرگەساتاوی نیین یان لەخەفەتدا نیین، بەڵکو دەوڵەمەندین لەخۆشەویستی و پێنووسیش لەگەڵماندا سرود دەڵێت و دەخوێنێت، ئێمە هیچ نیین جگە لەو مرۆڤانەی خەڵکی دەخوێنینەوەو هەندێجاریش لەگەڵیان دەژیین، لەوانەیە کاردانەوەکانمان لەهەندێ حاڵەتدا خەیاڵاوی بێت، یان لەوانەیە کاردانەوەمان سۆزداری بێت، بەڵام ئێمە مرۆڤی شێت نیین، بەڵکو شێتی پێنووسێکین کەدیلمان دەکات و کارێک دەکات ناچاربین لەدڵداریدا ببینە گەورەترین خۆشەویستی ئەو.

ئێمەی نووسەر لەناخماندا هەموو گفتوگۆکان دەمێنێتەوەو هەندێکیشی دەچێتە دەرەوە بۆ ئەوانیتر، تووشی پەتای وشەکان بووین پەتایەکی چەند جوان!! نامانەوێت لێی چاک ببینەوە؛ شەو لەگەڵمان دەمێنێتەوەو بەیانیش تامەزرۆی دەبین لەهەموو کاتەکانمانداو حەزدەکەین بگەرێینەوە بۆلای، هەروەها چەند

ژورێکی تایبەت و شوێنمان هەبێت لەگەڵ ئەو کە کەس نەیزانێت جگە لەخۆشەویستییە هەتیوەکەمان.

ئێمەی نووسەر بێ هەڵە نیین، هەڵە دەکەین و لەوانەیە لەخەونەکانماندا زیادەڕۆیی بکەین! واقیع بەرجەستە دەکەین و دەینووسین و لەوانەیە شتەکان بەجوانی وێنا بکەین و ناشیرینیش بێت، لەوانەیە قێزەونترین شتەکان لەدێڕەکانماندا جوان بن. بەهەرچییەک بمانەوێت کۆمەڵگەکان دەدوێنین، هەندێجار دڵڕەقین و هەندێجار راستیی ماندووکەرو ئازاربەخش دەخەینەڕوو لەبەرگی خۆشەویستی و ترسدا. هەستی زۆرمان تێدایە کەبەئاسانی دەرنایەت و هەرچەندێکیش بنووسین تەواو نابێت.

ئێمە عاشقی مەعشوقەی ئەو فکرو وشانەین، هەندێجار ماندوومان دەکەن و نامانەوێت رزگارمان بێت لێی، بەدوای پزیشکیشدا ناگەڕێین بۆی، بەڵکو دەردێکە کەهیواخوازین لەگەڵی بمرین، کەواتە پیرۆزبێت لەهەموو خاوەن پێنووسێک، عیشقێکە کەوازی لێ ناهێنێت..!

٢٠١٤-٤-٢٥

## ٢٤. داهێنەرەکان.. ماندوون..!

هەمیشە تامەزرۆین بۆئەوەی لەنێو دووتوێی کتێبەکاندا بخوێنینەوە لەبارەی ژیانی زۆر لەکەسە مەزنەکان، ناودارو داهێنەرەکان، لەهۆڵی سینەمادا بەدوایاندا دەگەڕێین و هیچ دوودڵ نیین لەوەی لەڕیزی یەکەمدا بین. چەند نیشانەیەکی راستەقینەن کەدەیانبینین و دەیانخوێنینەوەو بەچاوو گوێی هۆشیارو دڵێکی خوێنەرەوە گوێ بۆ هەر دێڕو وتەیەک دەگرین، وردبینی لەوردەکارییەکاندا دەکەین و بەدوای مێژووەکاندا دەگەڕێین، لەهەر بەش و دیمەنێکدا کەشوێنی نیشتەجێبوونی بەوردی دەکەوێتە کوێوە، هەژاری و دەوڵەمەندییەکەی، دڵخۆشی و خەفەتەکانی؟ بەدواداچوون بۆ ساڵەکان دەکەین بەبێ ماندووبوون و لەناخەوە ئاواتەخوازین کەکۆتایی نەیەت. بەچیرۆکەکانیان ئازار دەبینین و سەرسام دەبین بەکۆتاییەکانیان، ئەو وردەکارییانەی کەنەمانزانیبوون دیلمان دەکەن، ئەوە واقیعێکە کەبەرجەستەدەکرێت بۆمان بۆئەوەی بزانین: کەئاسان نەبووە..!

هەرچەند ئەو کەسایەتییانە جیاواز بن و چیرۆکیان هەرچەندێک جیاواز بێت، بەڵام لەشتێکی گرنگدا یەکدەگرنەوەو راستیی ئەوەی مێژوویەک هەیە، رووداوەکان هەن، شکست و پاشان شکست و سەرکەوتن. چیرۆکی وا هەیە کەپێت دەڵێت کەچۆن هەندێجار کەسەکە دەربەدەر بووەلەهەژاریدا مردووە، کەس لەژیانیدا نەیناسیوە، زۆرکەس خەڵەتاندوویەتی، کەسانێکی تریش پێکەنیون

پێی. بەئاسانی نەژیاون تا بەسەربەرزی کۆچ بکەن، زنجیرە کاتێکیان هەبووە کەشایەتییان بۆ دەدات بەتەرکیزیان، جیاوازییان، داهێنانیان، هیچ یەکێکیان لەدایک نەبووەو هەموو شتێکی هەبووبێت یان هەموو شتێکی زانیبێت. بەڵکو چیرۆکی تەمەنێکە لەگەڕان و گەڕان و گەڕان، تەمەنێک لەفێرکردن و راهێنانی خودو بەردەوامی و فێڵ لێنەکران. تەمەنێک لەگوێگرتن بۆ هەموو وشەکانی داڕوخان و داخستنی گوێ لەئاستیدا، تاکو بەهاریان سەوزبووە لەسەر عەرشی بیرنەچوونەوە، و دڵی هەموو چینەکان...!

ئەگەر هەموو رۆژێک بیانخوێنینەوە بێزار نابین، ئەگەر هەموو چیرۆکەکانیان ببینین بێزار نابین، وانەی تێدایەو ئەوەی کەچۆن ژیان بە ناوبانگ نییە یان بەژیانێکی دڵخۆشیی کاتی نەمرت ناکات. پێویستە بەهەموو دڵڕەقیەک بگەین، لەهەموو بارقورسییەکدا بژیین و هەڵیبژێرین کەچۆن لەژیانماندا خۆمان دەنووسینەوە بۆ خەڵکی، بۆئەوەی بەمردوویی بنووسرێینەوە. پێویستە لەقوربانیدانەکاندا هەبین و لەبەرژەوەندییەکان دووربکەوینەوەو لەکۆڕی کاتکوشتنەکان و ئەو خەونانە بەدووربین کەهیچ سودێکیان نییە. پێویستە تێڕوانینمان بۆ خۆمان رێکبخەین و سەرلەنوێ خوێندنەوە بۆ خۆمان بکەین و زۆر رووبەڕووی ببینەوەو شیکردنەوەی بۆ بکەین. چونکە هەر رێگایەک پیایدا رۆیشتبین چیرۆکێکی تێدایە کەپێمان دەڵێت دەبێ سبەینێ چۆن بێت، و چۆن پێویستمان بەوە هەیە کەئارام بگرین و ئارام بگرین، کەلەگەڵ هەموو شتێکدا بڕۆین و زۆر بخوێنینەوەو تاکو هەندێک شت تێبگەین. پێویستە شەکەتی ببینین و هەست بەجوانیی هەموو هەڵوێستەکان بکەین، شیرینەکان و تاڵەکانی. لەگەڵ هەموو رەگەزەکان تێکەڵاوی بکەین و وێنەیەک لەلایان جێبهێڵین کەلەبیر نەچێتەوە. کات بریتییە لەگەورەترین بەرەنگارییەکان و لەلای ئەوان شەو هاوشێوەی رۆژ بوو؛ بۆیە ترس لەتەواوبوونی کات و تەواونەبوونی خەون بۆ واقیعێکی بزوێنەر

دڵەڕاوکێ دروستدەکات. کاغەزەکان و نەخشەکان بەس نین، بەڵکو ئەوەی کەچۆن کاتەکانی تەمەڵی لەناخی خۆماندا دەربکێشین و گوێبگرین بۆ ئەو راستییەی ئایا ئێمە دەمانەوێت رۆژێک لەڕۆژان لەدوای مردن نەمر بین؟ و زیندوو بین بەبڕوانامەی مردنەوە. ئەگەر عەقڵەکانمان بچوک بێت ئەوا لەعەقڵی خەڵکیدا ناژیین، ژیانیش لەنێو مرۆڤەکاندا نامانهێڵێتەوە بەبچوکیی کارەکانمان و هەندێجار هەڵچون و پەلەپەلەکانمان.

کات نەخشەیەو نەخشەش ئەوەیە کەدەمانەوێت، پەیژە پلەپلەیە، لوتکە بەرزەو ورەش لەناوماندا شاراوەتەوە، پێویستە داهاتوو لەدوای ژیان لەناوماندا بژی!!!

٢-٥-٢٠١٥

## ٢٥.ئەو ئاستەنگانەی سەما دەکەن..!

بەپێنووس دەتوانیت هەرشتێک واژوو بکەیت کەبەدەستکەوت یان بەهەوڵدانی دەبینیت لەژیانتدا، بەپێنووسێک کتێبێک دەردەکەیت و بەرهەمهێنانی تابلۆیەک واژوو دەکەیت و خەت بەدیزاینێکدا دەهێنیت کەنە سنورو نەکۆتایی هەیە، ئەو پرسیارەی دەمێنێتەوە: ئەی دوای ئەوە؟ وەڵامەکان لەبەردەمتدا سەما دەکەن و هەموو ئاستەنگەکان لەبەردەمیدا دەپێرێتەوەو ئەوانیش دەکەونە سەما، ئاسان نییە بەرهەم بهێنین، لەوەش قورستر ئەوەیە لەلوتکەیەکدا بمێنینەوە کەلەوانەیە لەگەڵماندا خاوەن دەروون و عەقڵی وا هەبێت کەنەخۆشمان بخەن یان وابکەن بێهیوا ببین..!

ئاستەنگی راستەقینە لێرەدایە؛ لەوانەیە زۆرجار بڕیار بدەین کەلەحاڵەتێکی گۆشەگیریی جواندا بژیین، بەدوور لەهەمووان، تەنانەت بەدوور لەو دەروونەی خۆشمان کە تێکەڵ بەخەڵکی دیکەن، ئەمە خۆبەزلزانین و لەخۆباییبوون نییە، بەڵکو ئارەزووە بۆ ژیان و بۆئەوەی لەئاستەنگەکانماندا تەنها لەگەڵ خۆمان رووبەڕوویان ببینەوەو زاڵ ببین بەسەریاندا، و لەئەشکەوتە دابڕاوەکانمان بەشتی جوانەوە بێینە دەرەوەو بەپشتگوێخستنی ئەوەی لەبارەمانەوە دەوترێت و دەکرێت، لەبێهیواکردنەکان و حەزەکانی خەڵکی بۆئەوەی تەنها سەرچاوەیەک بن بۆ پاشەکشەکردنی ئێمە...!

لەبوارەکانی داهێناندا ئەوە دەروونە شتی جوان بەرهەمدەهێنێت، وادەکات زۆرێک لەناوماندا بەوێنەگەلی جوان و هەماهەنگەوە

بەرەو جیهان دەربکەون، ئەوە سەرچاوەی هێزمانەو خودی خۆمانە کەناکرێت بشێوێنرێت یان شەپۆلەکانی دەوروبەرمان بەرپەرچی بدەنەوە. ئەوە کەپێویستە پێوەی ماندوو ببین و ماوە نا ماوەیەک ئاوی بدەین لەشیلەی سازگاری ژیان، پێویستە لەگەڵمان گەورەببێت و لەئاستێکدا بێت کەسادە نەبێت. پێویستی بەوە هەیە کەئێمە هیچ نەبین جگە لەوەی کەخۆمان دەمانەوێت، شوێن تامەزرۆییەکانمان بکەوین و هەندێ کاتیش شێتیمان تێدابێت، لەناخماندا تینوویەتییەکی بەردەوام هەیە بۆئەوەی چۆن فێرببین، بافێری حەزی خوێندنەوە ببین چونکە ئەوە رامان دەکات، ئەوە هەستەکانمان رێکوپێک دەکات، ئەوە لەجیهانەکانی چەقبەستوویی و رۆتین دەرماندەهێنێت بۆئەوەی لەوانیتر تێبگەین، زۆر کاتیش لەیادەوەریی کاتدا دەیانسڕینەوە لەبەرئەوەی شیاوی ئەوە نین لەشوێنێک لەناو یادەوەریی ئێمەدا بمێننەوە..!

لەسەردەمی ئێستاماندا... ژیان بووە بەخێرایی و راکردن، رۆژێک ناڕوات مەگەر ئەوەی هەفتەکەش لەگەڵ خۆی دەبات. پرۆژەیەک تەواو نابێت و چووینەتە ناو دانەیەکی دیکەوە، لەبەرئەوەی هەوڵ نادەین فێرببین کەلە حاڵەتی وەستاویدا بین، عەقڵەکانمان لەماوەی (حەوانەوەی جەنگاوەر)دا بێت دەیکوژین بێئەوەی لەوە تێبگەین، با کەمێک بوەستین، با بە لەسەرخۆیی ئاستەنگەکانمان بناسین، با بیخەینە بەردەمی خۆمان و ماوەیەک لێی دووربکەوینەوە، لەگەڵ ئەوەی پێمان خۆشە بژیین و لەحاڵەتێکی دیکەدا بین جیاواز لەوەی تیایداین، درێژە بەوەستاوییەکەمان نادەین بەڵام بەشێتانەو بزێوانە دەگەڕێینەوەو هەندێجار بۆئەوەی لەگەڵ دەوروبەرمان پێبکەنین و دڵخۆشبین بەدەستکەوتەکانمان...!

با هەموو ئاستەنگەکان سەما بکەن ئەوە جوانترینی تابلۆکانە، با لەهەموو گۆشەیەکدا خەتکێشان و روشان هەبێت، با ئەو کەسایەتی و سیناریۆکان بێت، با لەسەردەمی چیرۆکەکاندا بێت لەبەردەم

گێڕەرەوە، با لەگەڵی بژیین بەتاڵی و شیرینییەوە، با لەکاتی خۆیدا دایبنێین و دواتر ئەزموون هەبێت نەک ناڕەحەتییەکان، با بەیانی و ئێوارە لەباوەشی بگرین، با لەبەرچاوەکاندا حاڵەت و هاوواتایی لەجوانی و پێشبڕکێکان هەبێت.

ئەو سەما دەکات و هەموو داهاتووەکان لەناومانداهەڵدەبنەوە... 

ئەو سەما دەکات و هەموو داهاتووەکان لەناوماندا بەرزدەبنەوەو بەدوای یەکدا دێن لەرێکوپێکی و دۆزینەوەی نوێدا، ئەو سەما دەکات و تۆو منیش لەپیشەگەریداین، با تەنها لەگەڵی سەما بکەین...!

٣٠-٥-٢٠١٥

## ٣٦.ڕەتکردنەوە=داهێنان=سەرکەوتن...!

تۆ بەکەڵکی هیچ نایەی، تۆ بەهرەت نیە، کارەکەت قبوڵکراو نیە، بۆت بڵاو ناکەینەوە، تۆ هونەرمەند نیت، نووسەر نیت، شاعیر نیت... نیت و نیت و نیت...! رستەکانی ڕەتکردنەوە بەدرێژایی هەموو سەدەکان و هەموو کاتەکان و هەموو پسپۆڕییەکان دووبارەدەبنەوەو مرۆڤەکان دەستیان هەڵنەگرتووە، پێویستە کاتێ ئەم وشانە دەبیستین لەناخی دڵمانەوە دڵخۆش ببین. ئەمانە بێهیواکەر نین بەڵکو لەڕاستیدا هاندەرو پاڵنەرن. وترا نیوتن هەرگیز فێرنابێت و ئەمرۆش ئێمە فێری ئەوە دەبین کەوتوویەتی! زۆرکەس هەن کاتێ دەگەڕێیتەوە بۆ کتێبی ژیاننامەکانیان دەبینیت لەشوێنێکی ژیانیاندا رستەی ڕەتکردنەوە بوونی هەبووە، ئێمە ئەم وشەیە پەیوەست دەکەینەوە بەتێگەیشتنەکانمانەوە، فێر ببە کاتێ دەیبیستیت زەردەخەنە بکەیت، چونکە ئەوە یەکەمین ڕێگای سەرکەوتنە...!

کاتێ گوێبیستی دەبیت بگەڕێرەوە بۆلای خۆت نەک بۆئەوەی وتوویانە، ئایا بەڕاستی تۆ بەکەڵکی هیچ شتێک نایەی؟ یان ئەو شتەی لەناختدایە پێویستی بەوە هەیە کە بەرلە خەڵکی بەرەنگاری خۆت ببیتەوە، بەتەنها لەگەڵی بمێنیتەوەو گەشتی فێربوونی خودی دەستپێبکەیت، لەهەندێ حاڵەتیشدا گەشتی گەیشتن دەستپێبکەیت، و سووربیت لەسەرئەوەی بوونت هەبێت هەرچەندە پێت بوترێت... «تۆ... نیت..!».

هیچ سەرکەوتنێک بەبێ ماندووبوون و شکستهێنان دڵخۆشکەر نییە، هیچ ڕۆژێک بڕوات وانەبێت کەتۆ داهێنەریت و گەیشتوویتە لوتکەی داهێنان، بێئەوەی خەڵکی ڕەخنەیان لێنەگرتبێت و ئەوان هۆکار بووبن بۆئەوەی تۆ لەشوێنێکی دوورتر بیت لەوان. لەوانەیە وشەکان وەکو تاوەباران بەسەرتدا بێنەخوارەوە، لەوانەشە دەرگاکان بەکلیل دابخەیت و لەوانەیە مرۆڤەکان پێکەنینیان بێت، هێندەی ئەو ژمارانەی دەیزانیت و ئەوەی نایزانیت. بەڵام دەزانیت تۆ کێیت و چی لەناختدا هەیە، هەموو ڕۆژێک لەهەموو دەرگایەکی داخراوەوە فێردەبیت کەدەرگاکانت خۆت دروستیان بکەیت و کلیلەکانیشی بەدەستی خۆتەوەبن. چاوەڕێی ئەوە ناکەین لەگەڵ سوارەکاندا بڕۆین و لەدەرگا قەرەباڵغەکانیانەوە بچینە ژوورەوە، لەگەڵ قەرەباڵغییەکەدا وندەبین، بەڵکو دەرگای تایبەتی خۆمان هەیەو بۆ هەرکەسێکی دەکەینەوە کەبمانەوێت، بەوەی دەمانەوێت بێتەژوورەوە دەڵێین، بێت بەشوێنماندا نەک شوێنی بکەوین، لەڕاڕەوەکانی هێمنیی تایبەتماندا لەگەڵمان دەڕوات تاکو پێی دەڵێین بوەستە دەکەوێتە جموجوڵ و دەڵێت «وااااو» تۆ «داهێنەر»یت...!

فێربە بۆخۆت نەک بۆ ئەوان، نامانەوێت ئەوان ئەو وێنەی ئێمە بێت، تەنها هەوڵ بۆ ناوبانگێکی بەتاڵ و سەرلێشێوێنەریش نادەین کەتەنها بەچەپڵەو هەڵبەزو دابەزی خەڵک بەردەوامیی هەبێت و ئەگەر ئەوان نەمان ناوبانگەکەش نەمێنێت، بەڵکو فێرببە کەسەرەتا بۆخۆت هەبیت، هەرکات ئەوانیتر ڕۆیشتن تۆ بمێنیتەوە، لەیادەوەریدا بمێنیتەوە کاتێ نمایش و جەماوەرەکە کۆتاییان پێهات. خاوەنی کات و ڕووداوەکان بەو کات لەعەقڵی ئەو کەسانەدا بنووسەرەوە کەتێدەگەن و لەداهاتووی دوای تۆدا دەنگ و شوێنپەنجەیان هەیە.

لەگەڵ داهێنانی ڕاستەقینە بژی کەئەو پەتای کەوتنەکان و ژانی شکانەکان و لەدایکبوونە لەقوڵایی ئازارەوە...! فێرببە

کەنەرێنیبوونەکانیان بکەیتە تیشک تا فیکرو عەقڵت رۆشن بکەنەوەو رێنمونیت بکەن بۆ ئەوەی ئەوان نایزانن، خەڵوەت بکە.. فێربیە..راهێنان بکە.. بگەڕێرەوە ئەگەرچی دوای چەند ساڵێکیش بێت بەڵام بەوشێوەیە نا کەئەوان گومانی پێ دەبەن.

تۆ داهێنەریت تائەوکاتەی دڵنیایت و فێری نهێنییەکە بوویت، رەتکردنەوە رێگای یەکەمە، سەرکەوتنیش رێپێوانی تەمەنێکە، داهێنانیش پاڵفتەی رۆحە کەداماڵراوەو هەموو ئەسانەکانی لێ تەکاوەو باوەشی بەنارەحەتیدا کردووەو هۆگری بووە...!

٢٠١٥-٧-١١

# ٢٧.هەستەکانمان.. لەگەڵ خودا..!

ئێمە لەیەک شەودا لەگەڵ چەند هەستێکی جیاوازدا دەژین، لەناخماندا دەگۆڕێت و لەگەڵ حەزەکانمان و هەموو ئەو هەستە گۆڕاوانە دەدوێت، خەمباردەبین بەدوورکەوتنەوە لەمانگێکی پیرۆز، هەروەها دڵخۆش دەبین بە جەژنێک کەخودا تیایدا ڕێزمان لێ دەگرێت بەهۆی ڕۆژوو و نوێژەکانمانەوە، چاودێریی جەژن دەکەین و دەگریین بۆ جیابوونەوە لەو ڕۆژانەی کەحەوانەوەیەکی دەروونـی و هێوری بـوون بۆمان. کێ لەئێمە لەگەڵ دەروونی دانەنیشت؟ کێ لەئێمە خەڵوەتی لەگەڵ نەکرد؟ کێ لەئێمە لەخودا نـەپاڕایـەوەو بەگریانەوە داوای لێ نـەکرد؟ کێ لەئێمە داوای لێخۆشبوون و لێبوردن و دوورکەوتنەوە لەئاگری لێ نەکرد؟ کێ لەئێمە داوای لەپەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی نەکرد کەهەڵەکانی داپۆشێت و بەهەشت بکاتە ماڵڕو ئارامگای؟ کێ لەئێمە لەخودا نەپاڕایەوە کەکۆتاییەکی باشی پێ ببەخشێت؟ کەتەنها پێویستمان بەوەیەو داوای دەکەین بۆئەوەی ئەم ژیانە جێبهێڵین..

هەستەکانمان جوانن کاتێ بێگەرد بن، ساف و داماڵراو بن لەژیانی دنیاو پەیوەست بن بەخوداوە، هەستی حەوانەوەو دڵنیایی و کاتێ دەمانەوێت ڕاستگۆبین لەگەڵ خۆمان، ئەوا ئەو ڕاستییەیە کەپێویستە بەدرێژایی ساڵلەدڵماندا بێت، ڕاستگۆیی لەپاڕانەوە، باوەڕو دڵنیایی بەخودا، داواکاری و ملکەچی و جەختکردنەوە لەداواکە. پێویستە لەرەمەزاندا پێش خەڵکی تر لەگەڵ خۆمان

بژیین، قورئان لەدەستماندا بێت هەروەک لەناو مۆبایلەکانماندا بێت تا هەرکاتێکی بەتاڵ بقۆزینەوەو پەڕەکانی بکەینەوەو بیخوێنینەوە، سەردانی یەکتری بکەین، خێر بکەین و هەست بەئازارەکانی دەوروبەرمان بکەین، ژیان بەردەوام دەبێت بەوەی تیایدایە بەدرێژایی سالڕ، خێرو زەکاتیش پاداشتەکانیان بەدرێژایی ساڵدەبێت و کاریگەرییەکەیان تەواو نابێت. هەژارو نەدارەکان هەمیشە چاوەڕێمان دەکەن کەلە بەشی خودا بەشیان بدەین نەک لەوەی هی ئێمەیە، پارە پارەی خودایەو ئەمانەتە لەلای ئێمە، ئەوەی لەرەمەزاندایە لەو ڕۆژانەدا ئەو پاڵفتەبوونەیە کەبەسەر دەروونماندا هاتووە بۆماوەی مانگێک و داوا لەخودا دەکەین بۆ چەند ساڵێکی تریش بمانگەیەنێتەوە بەڕەمەزان؛ بۆئەوەی سەرلەنوێ بژین لەگەڵ ئەو ڕۆحانیەتەی داوای دەکەین.

با لەژیانماندا هاوسەنگ بین، هەستەکانمان پێویست ناکات بڕۆن، کردارەکانمان پێویستە زۆر نەگۆڕێن، چ جای کەسێک نوێژی کردبێت، بەڵام لەیەکەم ڕۆژی جەژنەوە واز لەنوێژ بهێنێت؟!! ئایا دڵخۆشی بەوشێوەیە دەبێت و ژیان لەگەڵ خوا تەنها بۆ ماوەیەکەو بێئاگا دەبین لەخۆمان و پێویستییەکانمان؟! نموونەیی نیین، و ناواقیعی نیین، گاڵتەوگەپ دەکەین و سەرقاڵ دەبین و جارێکی تر لەهەموو خەمەکان و کارەکانمان بێئاگا دەبین. کێشەکان دەگەڕێنەوەو فشارو گۆڕانکارییەکان دووبارەدەبنەوە، با لەگەڵ بەشێکی ئەوە بین کەلەڕەمەزاندا هەبووین.

هەستەکانمان حەزی بەردەوامیمام بۆ دروستدەکەن، بەوەی کاتی خۆمان هەبێت لەڕۆژەکانی هەفتەدا بۆئەوەی ئەو کارانەی لەرۆژە دیاریکراوەکاندا ئەنجامامان دەدا دووبارەی بکەینەوە، باهەستەکانمان بکەین بەپەیوەندی، بەهاوسەنگی، بەردەوامیی هەبێت و ڕەنگدانەوە بێت بۆ ئێمە، با ئێمەو کەسێتیمان بێت، هەرکەس هەست بەجگە لەوە بکات و بزانێت دەروونی چی دەوێت،

لەجیهانێکی جوانی هەستەکاندا دەبێت، واتای ڕەزامەندی دەزانێت و لەو بەختەوەرییە تێدەگات کە لەهەموو شوێنێک بەدوایدا دەگەڕێت.

هەستەکانمانە کەلەنێوماندا دەژی و دەمانگۆڕێت، پێویستمان بەو هەیەو بەهۆیەوە بەردەوام دەبین لەو تەمەنەی کەماومانە، دەسا خودایە پەیوەستمان بکە بەخۆتەوە، لێمان خۆشبەو لێمان ببورە چونکە ئێمە تاوانبارو کەمتەرخەمین..!

٢٠١٥-٧-١٨

## ٢٨.تەرکیزی لای داهێنانە..!

لەهەموو قۆناغێکی تەمەندا لەئەزموون و حەزدا دەبین بۆئەوەی هەموو شتێک تاقیبکەینەوەو هەموو کارێک بکەین، بەتایبەت لەسەرەتاکانی تەمەنەوە کەوادەکات لەپەرتەوازەییدا بین و پێویستمان بەزۆر شت بێت تاکو هەست بەو وزەیە بکەین کە لەناخماندایە. ئەمە وامان لێ ناکات تەرکیز بکەین یان لەکارێکی دیاریکراودا رابوەستین، بەڵکو دەبینیت کەڕۆح تینووە بۆئەوەی هەموو رۆژێک شتێکی نوێ تاقیبکاتەوە، لەگەڵ ئارەزوویەکی تازە. لەوانەیە کەسێک پرسیارت لێبکات کەئارەزووەکانت چین و وەڵامت دەداتەوە بەوەی ئارەزووەکانم بریتین لە... ! بەڵێ ئەوەیە بەڵام تۆ لەگەڵیاندا بۆ تەمەنێکی درێژ بەردەوام دەبیت، بێئەوەی رۆژێک بگەیتە ئەوەی کەبڵێیت «ئەوە منم». ئەزموون گرنگەو تاقیکردنەوەی شتەکان هەمووی جوانییە، ئەوەش پێداویستییەکی سەرەکییە کەهەموو کارەکان پیادە بکەین بۆئەوەی خۆمان و تواناکانمان بناسین... بەڵام کەی بەو راستییە شارەزا دەبین کەچیمان پێ خۆشەو جیاوازیمان چییە؟!

تەنها بەیەک ئارەزووەوە ناوەستین وەکو کاری رۆژانەمان، بەڵکو بۆ زۆر شتی تر تینوو دەبین، شارەزایی کەڵەکەبوو دەستپێدەکات و تەمەن دەست بەوتنی قسەی خۆی دەکات، لەقۆناغی پەرتەوازەیی و بێئاگابوونەوە دەستپێدەکات و پلە بەپلە دەگوێزینەوە بۆ قۆناغی تەرکیزو زانیاریی راستەقینەو بڕیاردان

لەسەر کارەکان، ئەوە بەئازار دەبێت بەڵام ئەوە بڕیارێکی کردەنییەو پێویستە هەڵیبژێرین و شیکاری بکەین بۆئەوەی هەڵبژێرین، کامیان نزیکترەو چی شتێک بەڕاستی تێرمان دەکات و وادەکات لەخانەیەکی تایبەت بەخۆماندا بژیین کەئاسودەمان دەکات و هەڵماندەگرێت بەرەو ئەو شتانەی پێویستمان پێیانە؟ بۆ دابڕاویمان و بۆ ناخمان و بۆ وەرگێڕانی ئەوەی کەئێمە کێین...!

ئەم ئازارو ژانە دەستپێدەکات تاکو لەکۆتاییدا دوانەیەک دێتە دنیاوە، ئەوە شیکاریی تایبەتی خۆمە کەئێمە پێویستمان بە دوو شتە کەبەیەکەوە بژین و قۆناغی غیرەکردن لەهەندێک لەئامێزیان بگرێت، تاکو یەکێکیان دەبێتە براوەو پلەی یەکەم بەدەستدەهێنێت، دووەمیش وەک حاڵەتێکی تایبەتی ئاسودەییبەخشی ویژدانی و سۆزداری دەمێنێتەوە. هەرکەس ئەم ئازارو ژانەی نەوێت خۆی دەخەڵەتێنێت، هەموو تەمەنی بەفیڕۆ دەڕوات بەبێ ئەوەی تێبگات کەبەڕاستی چی شتێک تێری دەکات...! بژاردەی یەکەم بریتییە لەڕێگاو ئەو کاتانەی بژاردەکانمان دەگرینەبەر؛ دەستدەکەین بەقۆناغی لەبیرچوونەوەی ئازارو ماڵئاواییکردن لەوانیتر بۆئەوەی کاتەکانیان ببێتە یادگاری بۆیان! لێرەوە دەرپەڕین و ژیانی راستەقینە دەستپێدەکات، خۆشەویستیی تایبەت و عیشق بۆ ئەو شتانە دەستپێدەکات کەئێمەن و ئەوەن کەدەمانەوێت. ئەزموونکردن کۆتاییهات و پێکەوەژیانی راستەقینە دەستپێکرد.

ملدان و شەیدایی و دابڕان ئەم قۆناغانە ناچارین بۆئەوەی جیاواز بین، گەڕانی راستەقینە بۆ ئامرازەکانمان دەستپێدەکات، هەمو شتەکان دەتوێنەوە بۆئەوەی بەرەنگاربوونەوەکان تەوەری راستەقینە بن. کات فەرمانمان پێدەکات و شوێن فشارمان لێدەکات ئێمەش لەناخماندا دەستدەکەین بەژیان لەگەڵ حەزە راستەقینەکانمان بۆئەوەی پێش خەڵکی خۆمان سەرسام بکەین. شڵەژان دەستپێدەکات و دەڕوات و تەرکیز شوێنی دەگرێتەوە،

یەکەمین هەنگاوەکانی داهێنان و ئایکۆنەکەی کەلەگەڵتدا دەژی لەبەرەنگاربوونەوەدا بیرت دەهێنێتەوە کەبەردەوامی تاکە دەرچەیە، هیچ شتێک لەیەکەم لەدایکبوونەکان قورستر نییە، بەڵام هەموو لەدایکبوونێک چیرۆک و قورسیی خۆی هەیە، دەبوو شتێکمان بکردایە بەبێ کاری هەڕەمەکی، بەڵکو بەتەرکیزێکی زۆرەوە کە بەرلە جەستەکانمان هەموو هەستەکانمانی تێدا کۆببێتەوە.

ئێمە لەپێش ئەوانیترەوەو ئەوەی رازیمان دەکات بەرلە رازیکردنی ئەوانیتر، لەوانەیە لەکاتێکدا ون ببین بەڵام هەرکات بگەڕێینەوە ئامادەگیی خۆمان تۆمارکردووە بۆئەوەی بتوانین ماوە نا ماوەیەک ون ببین، پەلە ناکەین بەڵکو ورد دەبین لەدیاریکردنی کاتەکانی ونبوون و دەرکەوتنەوە؛ تەنانەت دەروازەی داهێنان بریتییە لەوردبوونەوە، راستیی مانەوەش بریتییە لەوردبوونەوەی ناخمان و ناچارکردنی بەوەی ماوە نا ماوەیەک ئازار بچێژێت و ئازارێکی هەستی (حسی) و حەزێک لەژیاندا تاقیبکاتەوە بەجیاواز لەوانیتر، نابینە لاساییکەرەوە بۆئەوەی رۆژێک بڵێین ئێمە داهێنەرین، بەڵکو نوێکەرەوەین بۆئەوەی هەبین...!

٢٠١٨-٨-١٥

## ٢٩.خەفەت بخۆ..!

ژیان جوانیی زۆری تێدایە، ئەوەی وادەکات زەردەخەنە بکەین و بەخۆشحاڵی بژیین، لەکەشی ئەو خەیاڵ و خەونانەدا بژیینەوە کەئاواتەخوازین هەرگیز ئاوا نەبن. کێ حەزی لەخۆشحاڵی نیە، لەخوێندنەوەیەکی تایبەت و خەیاڵکردندا کەلەناخماندا بەیەکدادەچن و هەموو کاتەکان دەمانژێیننەوە؟ و کێ بەختەوەریی ناوێت؟ چەندە پارە خەرجدەکرێت بۆئەوەی گەشت بکەین، بازاڕ بکەین، بڕۆین و بگەڕێینەوەو هیچمان نەوێت جگە لەوەی باوەش بەخۆشحاڵیدا بکەین لەهەموو کات و شوێنێکدا...!

تێکەڵەیەک لەهەستەکان لەدەروونی مرۆڤانەماندا، رۆژێک لەڕۆژان لەئامادەگیی کاتدا داستانی بەختەوەری دەنوێنێت و بۆ هەمیشە دەمێنێتەوەو سوڕەکەی دووبارەدەکاتەوە، ئێمە ئەو تێکەڵە نهێنییەمان نییە هەموو بەیانییەک بیخۆینەوە؛ تووشی هیچ یەکێک لەهەستەکانی تر نەبین، بەڵکو بەباوەڕی من ئەوەی هەوڵی لەوشێوەیە بدات ئەوە سەرەتا ستەمی لەخۆی کردووە. ئێمە بەزۆر رۆژدا رۆیشتووین لەوکاتەوە کەمنداڵ بووین تا ئەوکاتەی ئەم ژیانە جێدەهێڵین، سکاڵامان لەمنداڵەکانمان هەیە کاتێ تووڕە دەبن و بیرمان دەچێت کەخۆمان چۆن دەگریاین کاتێ شتێکمان بەدڵ نەدەبوو! ئەمڕۆ زەردەخەنە دەکەین و هەوڵدەدەین رەفتارمان جوان بێت و داماڵراو بین لەهەستی توڕەیی کەزۆرجار پێویستمان پێیەتی، بەڵام لەهەندێ هەڵوێستداو بەدانایی. پەلە مەکە لەدەربڕینی

هەندێکی، بەڵام مەوداو کاتی خۆیشی پێبدە...

خۆت بێبەش مەکە لەخەفەت و گریان کاتێ پێویستت پێی هەبوو؛ چونکە فرمێسک ئەوەی لەناختدایە دەیشواتەوەو هەموو ئەو وزەی ئازارە بەتاڵ دەبێتەوە کەئەویش پێویستییەکی ژیانە لەکاتی خۆیدا، بۆئەوەی دواتر خۆتی لێ رزگار بکەیت. هەرکەس هەوڵبدات بەهێز دەربکەوێت لەهەندێک لەو هەڵوێستانەی داوای فرمێسکمان لێدەکات خۆی دەخەڵەتێنێت، ئەگەر کەسێک مرد کەخۆشت دەویست ئەوا بگری بەڵام مەیلاوێنەرەوە، فرمێسک بەسەر گۆناکانتدا دێتە خـوارەوەو تۆش بهێڵە رێگای خۆی بگرێتەبەر، گفتوگۆ لەگەڵ هەستەکانی ناخت دەکەیت و ململانێ دەکەیت، لێگەڕێ با هەریەکەیان مـەودای خۆی وەربگرێت و ئەوەی لێت دەخوازێت بیکات، تۆ ببە بەو دانا هاوسەنگەو ژیان بەدڵخۆشی و کێشەکانیشیەوە وەربگرە، لەگەڵ کێشە مەژی و مەیکە بەکارەساتێکی بـەردەوام، من کەسێکی پەروەردەیی یان دەروونناس نیم یان تەنانەت سەرکەوتوو نیم بەسەر دەروونی خۆمدا لـەوەی دەیڵێم، چونکە هەریەک لەئێمە هـەوڵ دەدات و هـەوڵ دەدات بۆئـەوەی ئـەوەی دەیبیستێت و دەیەوێت لەگەڵ دەوروبـەرەکـەی تاقیبکاتەوە، ئێمەش لێرەوە بەیەکەوە هەوڵ دەدەین بارودۆخەکان نەگۆڕێن بۆ چیرۆکێک کەماندوومان بکەن، تێکەڵ بەخەفەتەکانمان ببن، فشارەکانمان و دەستبکەین بەناسینیان، پاشەکشە بکەین، سەرەتا لەبەر خۆمان لەبازنەکەیداو لەگۆشەی زانیاری و هەوڵدانەوە سەیری بکەین، لەوانەیە سەرنەکەوین؛ شکستیش ئەگەرێکەو لەوانەیە بێهیوایی ئەنجامەکەی بێت، بەڵام ژیان هەموو رۆژێک شتی جوانمان پێنابەخشێت. لەوانەیە ئەوەی ئاواتی پێ دەخـوازین بەهۆی حیکمەتێکەوە بۆماوەیەک لێمان ونکرابێت، بڕوامان وانییە کەسانێتر جگە لەئێمە بەدەستیانهێناوەو لەماڵەکانی خۆیاندا ئـاسودەن، هـەندێ لەو شتانەی تۆ هەتە

ئەوان لێی بێبەش کراون، حیکمەتی خودا دادپەروەرە لەهەموو شتێکدا. بافێربین ئەوەی لەتواناماندایە بەکاری بخەین، یارمەتی یەکتر بدەین، هاوبەشی نزیکمان هەبێت بۆئەوەی لەگەڵمان بژین لەئەزموونە تایبەتییەکانماندا، با دڵەکانمان هەستکردن بەژیانی تێدابێت لەگەڵ ماندووبوون و خەفەتەکاندا.

خەفەت بخۆو باوەش بەکێشەکانتدا بکە بەڵام ڕێگا مەدە ژیان دیلت بکات و کاتەکان بتکوژن، چونکە دەمریت و ناشزانیت کەخۆت خۆتت کوشتووە!

هاوسەنگ بەو بەهاوسەنگی بژی و پشت بەخودا ببەستە...!

٢٢-٨-٢٠١٥

## ٣٠.ئەوانەی شوێنەکانیان ونکردووە...!

گەشت زۆر دەکەین و لەهەموو شوێنێک کەسەردانی دەکەین شتی زۆر دەبینین و یادەوەریی جوانی زۆرمان بۆ دەمێنێتەوە، کەپێمان خۆشە لەڕێگای گەڕانەوەماندا هەڵیانبگرین، و خۆمان دەپارێزین لەوەی لەگەشتەکەماندا شتێک بێزارمان نەکات، بەڵام چاوت لەئاست هەندێک شتدا دامەخە کەئەویش بۆخۆی ئەزمونێکی تۆیە لەگەشتەکەتدا بۆئەوەی فێرببیت...!

لەگەڕانەوەی چەندین جارەمدا بۆ شوێنێکی ئەم جیهانە، بەڵام ناوەکەی ناهێنم نەکو نەمتوانیبێت مافی خۆی لەجوانیدا پێبدەم، لەم شوێنەو شوێنی تریش زۆرێک دیمەنەکان دەستپێدەکات و دووبارەی دەکاتەوە بۆئەوانەی بەسەر شەقامەکاندا دەڕۆن، لەوانەیە کەسێک کەبەنیازی گەشتکردنە لەسەرەتاوە خەیاڵی ئەوە نەکات کەهەندێک لەو وێنانە ببینێت، شوێنی نیەو کەسوکاری نیەو تەنانەت تێگەیشتنیشی نیە، لەپێناسەیەکی سادەدا ئەوانەی لەسەر شەقامە خاوێنەکان دەیانبینیت خۆیان خاوێن نین، بەجلوبەرگی دڕاوو وێنەیەک کەتەنانەت ترست هەیە لەوەی لێیان نزیک بیتەوە...! ئەوەی ماڵی نیە، ئەوەی کەسوکاری نیە، ئەوەی کەس چاوەڕێی ناکات، لەوانەیە کچێکی منداڵ بێت کەشوێنی نییە! هەندێک دەبینیت تەمەنێکی کەمی هەیەو داوا لەخەڵکی دەکات و بپرسیت بەهەدەردان بۆچی؟ بۆچی کارناکات؟ بۆچی تەمەن و کاتی خۆی بەفیڕۆدەدات؟! بەڵام ئائەمە ژیانە بۆ هەندێک کەپێیان

دەڵێت:»بێ جێ و رێ.. دەربـەدەر...» کاتێ پیاوێکی بەتەمەن دەبینم کەسواڵ لەڕێبواران دەکات و دەپاڕێتەوە بۆ پارە، دەپرسم ئایا رۆژێک لەڕۆژان منداڵی نەبووە کەماندوو بووبێت لەپێناویداو کات و خۆشەویستیی بەخشیوە؟! کاتێ بەتەمەنێک دەبینم لەسەر کورسییەکی خاوەن پێداویستیی تایبەت بەڕوانینێکی تێکشکاوەوەو بەڕوخسارێکی خەمبارەوە قاپێکی پێیەو داوا لەخەڵکی دەکات، دەپرسم راستیی مرۆڤایەتیی ئەم شوێنە لەکوێدایە؟ بگرە پەیوەندیی مرۆڤانە لەکوێدایە لێرە؟! کاتێ کچێکی بچکۆلە دەبینیت بەجلێکی دڕاوو روخسارێکی چڵکنەوە کەلەنزیک تەلەفۆنێکی گشتی لەسەر زەوییەکە دانیشتووە، لەگەڵ جانتایەکدا کەلەدەرەوە ناڕەحەتیی مانەوەی پێوە دیارە، لەخەڵکی دەپاڕێتەوە بۆئەوەی پارەیەکی پێبدەن تا تەلەفۆنێک بکات دەپرسم: ئایا لەماڵەوە رایکردووە؟ یان لەبەر هۆکارێک بڕیاری داوە بەدەربەدەری بژی؟ لەناو شەقامدا چیرۆکەکان زۆرن، ئەو روخسارانەش زۆرن کەلێت دەڕوانن و وادەکەن سەلەنوێ زۆر بیربکەیتەوەو بڵێیت:»سوپاس بۆ خودا لەسەر نیعمەتی ئیسلام»...!

ئێمە لەژیانماندا زۆرجـار دەبەخشین، رێزو خۆشەویستیی زۆر دەبینین لەپێناو خێزانەکان، لەپێناو بەتەمەنەکان، ئای چەندە خەمبار دەبـم کاتێ بەتەمەنێک دەبینم کەلەسەر شەقامەکان کەلوپەلەکانی رادەکێشێت!! لەماوەیەکی رابـردوودا ئەو وێنەیەم لەسەرمایەکی بەهێزدا بینی، چۆنە ئەگەر ئاوڕبدەیتەوەو ئەو وێنەیە ببینیت و هەستت بەجۆرێک بێت وەک ئەوەی هیچ ئازارت نەبێت؟ چونکە دواجار تۆ مرۆڤێکیت کەهەست بەمرۆڤەکان دەکات جا ئاین و رەگەزی هەرچییەک بێت، ئەمەی فیترەتی ئێمەو فیترەتی ئەوانەی پەروەردەیان کردین بەوەی رێز لەگەورەکانمان بگرین و بەزەییمان بەبچوکەکانماندا بێتەوە، ئەو کاتانە زۆرن کەتیایدا لەلوتکەی نەزانیمانداین بۆ ئەو بەڵێنەی خاوەنین، تاکو یەکێک لەو

دیمەنانەی نووسیم دەبینین، بۆیە نابێت خۆمان لەو نیعمەتانەمان بێبەش بکەیت بەفەرامۆشکردنی مافەکانیان، با بۆ نیعمەتی ماڵ سوپاسگوزار بین، بۆ خێزان، و هەستی هەریەک لەوانەی لەماڵەکەدا بۆ ئەوانیتر، با پەیوەندیمان بەیەکەوە پتەوتر بێت و تێگەیشتنمان زیاتربێت بۆئەوەی هەمانەو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان لێی بێبەشن، کەرازی دەبن بەتەمەنەکانیان لەسەر شەقام لەدەرەوە بخەوێت، ئەوەی رازی بووە کەکیژۆڵەیەکی بچوک دەربەدەربێت لەنێو خەڵکیدا، با لەنوێژەکانماندا بڵێین خودایە نیعمەتی ئارامی و ئاسایش و نیعمەتی کەسوکارو شکۆمەندیمان بۆ بەردەوام بکە...!

٢٠١٥-٩-١٩

## ٣١. تامەزرۆیی وزەی هەستەکانە...!

هەموو رۆژێک گوێیەکانمان پێویستی بە وزە ئەرێنییەکان و مـەودای کاریگەرییان لەسەر دەروون و حەزو خولیاکانمان دەبیستێت، بەڵام چەند لەئێمە ژیانێکی راستەقینەی دەستپێکردووە؟ کاتێ دڵـەکان هـۆگری حـەزێک دەبـن، کاتێکیش دەروونـەکان ئاواتەخوازی پێویستییەکن کەلەجیهانەکانی ئەوانی دیکەدا نییەو لەژینگەی ئـەو گۆرانکارییانەدا نیە کەدەیبینێت و لەبارەیەوە دەبیستێت؟ ئـەوە لەناخیدایەو ختوکەی هەستەکانی دەدات، لەناخەوە لەبارەی زۆر، زۆر شتەوە دەچرپێنێت...!

کاتێ منداڵ بووین لێیان دەپرسین کەلەداهاتوودا دەتانەوێت ببن بەچی؟ وەڵاممان دەدایەوە: پزیشک.. ئەندازیار.. پارێزەر.. زۆرێک لەو ناونانانەی کەتەنانەت کاتێ ناویان دەهێنین هەستێکی جوانمان بۆ دروستدەبێت، و بەوەی داهاتوو تاچەند رۆشن دەبێت!! کاتێ دەستمان بەخوێندنەوە کردو ئەوکات نەماندەزانی ئەوە رێگایەکە کەلەوانەیە رۆژێک لەرۆژان بەهۆیەوە ببینە نووسەر یان سیاسیی خاوەن پێنووسی گرنگ بەڵام خەونەکان و شتانێک لەناخماندا بزواندیانین و بەکاریانخستین تاکو ئامێزمان بۆ گرتنەوەو ئەوان بوونە بزوێنەرمان، کاتێ دایکێک فلچەی دایە دەستی منداڵەکەی و نەیتوراند، بەڵکو پێکەنین و خۆشیی خستە ناخییەوە، کاتێ یەکەم وێنەو هێڵکێشانەکانی دەستپێکرد، شەیدایی بۆ کردە دیاری و بەردەوام بوو!

ئایا ئەو دەنگەت لەبیر ماوەو ئیستا لەگەڵی دەژییت؟ دەنگێک کەهەموو رۆژێک دەتبزوێنێت و بەدەنگێکی نزم کەکەس نایبیستێت قسەت بۆ دەکات هەموو بەیانییەک لیوانلیو لەشاگەشکەیی و حەزت دەکات، بەوەی هەستیت و پێشبڕکێ بکەیت لەپیناو ئەو شتەی لەناختدایە خۆشحاڵ ببێت؟ ئەوە ئەو شەیداییەیە کەتۆ تەنها دەیناسیت. زۆر لەگەڵی ژیایت و زۆرت پشکنی و هەمو شتەکانت ئەنجام دا لەپێشەو ئارەزووەکان، تەنانەت ئیستا دەزانیت تۆ کێیت و چیت هەیەو چی دەتبزوێنێت. کاتی شەیدایی راستەقینە لەناخماندا لەدایکدەبێت و دەزانین نزیکە راستەقینەکانمان کێن، شتێکمان تیدا لەدایکدەبێت کەتەمەڵ و دواکەوتووەکان لێی تێناگەن. وزەیەک لەجوانی و ئازادی و دەرکەوتن تیاماندا لەدایکدەبێت. هەستکردنی راستەقینە بەشتەکان تیاماندا لەدایکدەبێت، ئەوەیە شەیدایی...! بزوێنەری یەکەم و بەرهەمهێنەری بەردەوامی وزەی هەست، ئەگەر شەیدای نەبیت هەست بەکارەکەت ناکەیت، و هەست بەدڵخۆشی لەشتێکدا ناکەیت کەبەدەستت هیناوە ئەگەر ئەو شتەی دەتبزوێنێت شەیدایی تۆ نەبووبێت. تۆ لەژینگەی راستدا نابیت و لەکاتی راستدا نابیت ئەگەر ناسین و دڵنیاییت نەبێت بۆ ژیان لەرێی ئەو شەیداییەوە، شتەکان لەدەورووبەرت مردوو دەبن، هەموو رۆژێک دووبارەدەبنەوەو لەیادەوەریی تۆو دەورووبەرتدا خۆیان دووبارەدەکەنەوە بێئەوەی هەستت ببزوێنێت. خەڵکی ناناسیت و خۆشت دڵخۆش ناکەیت، مافیش نادەیت بەوەی لەخولگەی تۆدا دەسوڕێتەوە...!

پێویست ناکات وای دەربخەین کەئەوەی دەمانەوێت دەیزانین، گرنگ ئەوەیە گەشتی زانین دەستپێبکەیت، ئەوەش ناکرێت بەماندووبوون و لەوانەیە بەئازارچەشتن نەبێت. خۆت لەوانیترو لەزۆربەی شتەکان دابڕە، دەست بکە بەتاقیکردنەوەی هەرچییەک کەپێتخۆشە تاکو بازنەی شتەکان بچوک دەبێتەوە، کاتێک دێت

کەبەڕاستگۆیی دەزانیت کەلەچیدا دەتوانیت داهێنان بکەیت. ئەوکات خۆت و شەیدایی راستەقینەکەشت دەناسیت...!

لاساییکەرەوە مەبە بەڵکو فێرخواز بە، بەرپێکەر مەبەو گوێگرو راهێنراوبە.. تۆ لەگەڵ شەیدایی خۆت بژی نەک ئەوەی دەوروبەرت دەیانەوێت؛ تاکو ئەو رۆژە دێت کەتیایدا لەشوێنێکدا دەوەستیت و بەوپەڕی خۆبەکەمگرییەوە بەوانەی دەوروبەرت دەڵێیت: ئەمەیە پەنجەمۆری من...!

ژیان بەردەوام دەبێت و تۆ دەبیتە ئەو شەیداییەی دەتەوێت، لەهەموو هەستە جوانەکاندا دەژییت، هەوڵبدە هەمیشە داگیرساوو جێگیر بن و نەجوڵێن و نەکەون، ئارام لەسەر خۆت بگرە، دڵڕەق مەبە بەرامبەری و ماف و کاتی خۆی پێبدە، لەکاتی خۆیدا ئەوەت پێدەبەخشێت کەبەرلە خەڵکی خۆت سەرسام بکات.

بەشەیدایی لەگەڵ هەستەکانت بژی...!

٢٠١٥-١٠-٢

## ٣٢.مرۆڤ لەبیربکە.. لەگەڵ خودا بژی...!

هەوڵی زۆر دەدەین کەبجەنگین لەپێناو بەدەستهێنانی سوپاس و پێزانینێکی دیاریکراوو ئامادەگی و دەستکەوتی زۆر لەم جیهانەدا، دڵەکانمان پەیوەست دەبن بەمرۆڤانێکەوە کەدەسەڵات بەرزیکردوونەتەوەو شانازی بەکورسیەوە دەکەن، ئێمە گومانی باشیان پێ دەبەین کەهێشتا ئەوانەن کەپێشتر دەماننناسین بەدڵێکی بەسۆزو بەخشەرو هاوکار، کە چاکەی خەڵکییان دەوێت، بەڵام بەهەندێکیان تووشی واقورمان دەبن کاتێ تەنانەت سیفاتەکانی مرۆڤێکی خۆبەکەمزانیش تیایاندا دەگۆڕێت.... ئایا هەموو ئەوانە هێندە گرنگە؟

باسیان ناکەین و باسی خاڵە نەرێنییەکان و ترسەکانیان ناکەین، ترسیان کەزۆرتر لەکەموکوڕی و کەمبوونەوەی متمانەوە سەرچاوە دەگرێت، خۆمان دەدوێنین و تێری دەکەین لەو پێداویستی و خواستانەی دەیەوێت. کەس نیە نکوڵی ئەوە بکات کەحەز بەسەرکەوتن دەکات، کەپلەی بەرزبێتەوەو شوێنپەنجەی دیاربێت و بەباشە باسی بکرێت. نکوڵی لەوە ناکەین کەخۆشەویستی بۆ سەرکەوتن سیفەتێکی بنەڕەتییە، خولیاو ئارەزووە کەوادەکات هەوڵی گەیشتن بدەین و شکستهێنان رەتبکەینەوە لەدوای قبوڵکردنی و بەردەوام بین لەزاڵبوون بەسەریدا. هەموو ئەو شتانەی لەمنداڵیمانەوە خەونمان پێوە دەبینی تیاماندا دەمێنێتەوە، هەندێکمان بەناوبانگ و هەندێکیشمان

بەسەرکەوتنی تایبەتی، هەندێکیشمان خەونی نەبووە، بەڵام ئارەزووی دەخواست و بەهەموو هەستەکانی لەژیاندا دەیویست باس بکرێت. ئەمەیە دەروونی مرۆڤ کەبەکەم قایل نابێت، ئەوە پێویستییەکە بۆ هەناسەدان لەناو خەم و فشارەکاندا، ئەوە ڕۆحی مرۆییە کەدەیەوێت سوپاس و پیاهەڵدان داباریت بەسەریدا، کاتێکیش ئەمانەی بۆ نەکرێت..؟

لەبازنەی تەمەڵی و بێهیواییدا دەستپێدەکەین، لەبیرکردن و حەزی ئەنجامنەدانی هیچ شتێک، ئەمە ڕاستیی ئەو نەخۆشییەیە کەتوشمان دەبێت بەهۆی کەمیی پێزانین و کەمیی باسکران لەلایەن خەڵکییەوە بۆئەو کارانەی کردوومانن و پێوەیان ماندووبووین، ئایا ئەمە بەرەو بێهیوایی و ڕەشبینیمان دەبات؟ ئایا هەموو ئەمانە وادەکات ڕاستیی خۆمان لەبیربچێتەوە بەوەی ئێمە خاوەن خولیاو خاوەن خەون و تواناو لێهاتوویین؟ بەڵکو خاوەنی ئەو پێداویستیانەین کەبتوانین بەهۆیانەوە زۆر شت پێشکەش بکەین؟ ناکرێت ئەمە ئەو چارەسەرە بێت کەلەگەڵ ئێمەو ژیانی ڕۆژانەماندا گونجاوە چونکە لەکۆتایی ڕۆژەکەدا تووشی نەخۆشیمان دەکات. لەهەموو ئەوانە جوانتر هەیە، بامرۆڤ لەبیربکەین، ئەو مرۆڤە لەبیربکەین کە لەخۆی بایی بووەو با بوونی ڕاستەقینەیان لەبیربکەین و وەک تارماییەک ڕۆژانە مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، ئەوەی لەسەر ئێمەیە ئەنجامی بدەین و تەنانەت لەدوای سەعاتەکانی کارکردنیش بوونیان لەبیربکەین، با ئێمە خاوەنی زەردەخەنەی ڕاستەقینەو هەستکردن بەڕەزامەندی بین.

با مرۆڤێکی لاواز لەبیربکەین کەبەهۆی کورسییەکەیەوە لەخۆی بایی بووەو هەندێک هەواڵ تووشی لەخۆباییبوونی کردووە، با ئەو خۆبەزلزانانە لەبیربکەین کەبەبێ تێگەیشتن و بیئان بەوەی ئەوان تەنها بلقێکن و ڕۆژێک کۆتاییان دێت و زۆرکەس بەکۆچکردنیان دڵخۆش دەبن بەداخەوە. با یادی ئەو شتانە بکەین کەجوانترینی

ناو ئەم بوونەوەرەن، با بەخششەکانی خودا یادبکەین.. با هەموو ڕۆژێک دڵسۆز بین ، با یادی ئەوە بکەین کەرزقی بەدەستە، باتەوەمان لەیادبێت هەرکەس فێڵ لەکەسێکی تر بکات خودا پشتی تێدەکات، با دڵنیابین لەوەی جوانترین شت بەدەستدەهێنین لەخوداوە نەک لەمرۆڤێکی لاوازەوە.

با لاوازی و خەم لەبیربکەین و هەندێک کەس پشتگوێ بخەین، با لەهەموو کاتێکدا لەناخەوە پەیوەست بین بەخوداوە بەدڵنیاییەکی ڕاستەقینەوە کەئەو ڕێزمان لێ دەنێت، بەوەی هەرشتێک لەلای خوداوە بێت لەوە گرنگترە کەخۆمان هەوڵی بۆ دەدەین. بەدڵنیاییەکەوە ئەم قسەیە دەکەم کەخۆم زۆرجار لەگەڵی ژیاوم: چاوەڕێی پیاهەڵدان مەکەو چاوەڕێی سوپاس مەکە لەکەسەوە، بەڵکو با بەدڵسۆزی لەنێوان خۆت و خودادا بمێنێتەوە چونکە ئەو هەلی پێداویت بۆئەوەی بچیتەپێش و خاوەنی کاری باشە بیت لەم ژیانەدا، ئەوکاتیش پاداشتت دەداتەوەو پێت دەبەخشێت و ئەوان لەبیردەکات.

لەیادت بێت.. با مرۆڤ لەبیربکەین و لەگەڵ خودا بژیین...!

٢٠١٥-٢-٣

## ٣٣. رابردوومان...!

ئێمە ئێستا لەگۆشەیەکی داهاتوودایین و ژووری کۆنکرێتی و شۆڕشێکی زانیارییەکان لەئامێزیان گرتووین، لەماڵێکی گەورەدا چەند ژوورێکی زۆر لەیەکیان دابڕیوین، لەکۆبوونەوەی خێزانیشدا ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتی و ئامێرە ئەلیکترۆنییانە هاوڕێ و خۆشەویست و هاودەمن، کەواتە ئایا ئارەزووت هەیە کە ڕۆژێک لەڕۆژان بگەڕێیتەوە بۆ ژیانی باپیرەو داپیرەت؟

ئێمە زۆرتر بۆ رابردووین؛ چونکە ئێمە هەرچەندیش گەشەبکەین هێشتا ئەو ڕۆحانەین کەبەدوای ئارامیدا دەگەڕێین، کاتێ کەشوهەوا خۆش دەبێت زۆرینە شەیدای چوونەدەرەوەو شەوەکانی برژاندن و هێورین، بۆئەوەی دەستەکانمان بەر ساردیی لمەکان بکەون، فراوانیی زەویش جەستەکانمان لەباوەش بگرێت، چاوەکانمان غەمزە لەگەڵ ئاسۆیەکی بەرزدا بکەن کەئاسمانێکە سنوورو بەیەکەوە بەستنی بۆ نییە، هەروەها دەنگێکیش نییە بۆ هەراسانکردن...!

رابردوو شیوەنێکە بۆ کاتەکان، راستییەکان و مێژووە، باپیرەمە کەناڵاندی بۆئەوەی ئێمە بژیین، و گەشتی کرد بۆئەوەی خێزانەکەی لەباشیدابن. ئەو چارەنووسە شاراوە بەڵام بەچێژەیە، ئەو بەشداریپێکردن و مافی دراوسێ و ژیانە بەیەکەوە. رابردوو چیرۆکی نەنکمە کاتێ لەپێش خۆردا هەڵدەستاو کەمێک پێش گەڕانەوەشی لەشەودا دەخەوت، ئەو گەرمایییە لەناو

ماڵدا کەژوورەکانی بەڕووی یەکدا دەکردەوە هەموو شتەکان لەحەوشەیەکی فراواندا بەخۆڵەکانی و بەکەلوپەلە سادەکانییەوە. سەردەمێکی جوان. سەردەمی یەکەم کاتێ قورس و ئاستەنگ هەبوو، گەشتکردن ماڵئاوایی بوو، زۆرکات هەم دایک و هەم باوکیش بوو، ئەو کاتە بوو کەهیچ تیایدا زۆر نەبوو جگە لەگەرموگوڕیی ژیان و پرسیارکردن و مانەوە بەیەکەوە، رابردوو پشتیوانی و سڵاوکردن بوو بەبەیانیان و ئێواراندا.

رابردوومان چیرۆکی ئەو نەنکەیە کاتێ نەوەکان لەباوەشیدا دەخەوتن و چیرۆکی باپیرەیانی بۆ دەگێڕانەوە، و چیرۆکی دراوسێکەی تەنیشتیان. ئارامگری و خۆڕاگرییە لەنەبوونی باوک و هاوسەرو هاودەمدا، و وەفادارییە لەپەروەردەکردنی منداڵەکان و رەفتاری جواندا.. دەنگی ئەو خۆبەخشەیە کاتێ دەنگەکان لەلەبەرکردنی قورئانی پیرۆزدا بەرزدەبنەوە، قوتابخانەی یەکەم و پۆلی یەکەمە کەزەویی راخستووەو بەرگەی خۆر دەگرێت بۆئەوەی «ئەلف و بێ» بخوێنێتەوە. بەخشینە بەهەرکەس پێویستی پێی بێت و بریتییە لەخۆبەکەمگری و هەندێک شانازی...!

رابردوومان بەرامەیەکە لەخۆشەویستی، کاتێ بەهەموو شوێنێکدا بڵاودەبێتەوەو دەگوازرێتەوە، رابردوومان بریتیە لەپشت و پەناو بەڵگەمان لەناڕەحەتی و پرسەو پێویستیدا، ئەو دەنگەیە کەون نەبووەو پێویستی بە (چەند نامەیەک) نیە، رابردوومان میراتێکە شیوەنمان تێدا دەگەڕێنێتەوە، لەوێنەی ئەوانەی ئەمڕۆ دەیانبینین کەپیربوون و پێویستیان بەوە بوو کەئێستا بەشکۆمەندییەوە لەناوماندا بوونایە، دەیانبینیت لەچرچەکانی زەمەن و دەنگی ئامادەنەبوون و یادەوەریی یەکەم یادگاریدا کەدەیزانن لەبەرئەوەی خۆشیان دەوێت. رابردوومان سەربەرزیی ئەوانە لەنێوەندی زریان و هەستانی شەپۆلەکاندا، و لەسەربەرزیی دەروونیاندا بەوپەڕی بەخشندەییەوە. ئەمڕۆ بیریان دەکەین لەکاتێکدا لەنێوماندان و

هەندێکیان نەماون، رابردوومان بەسەرهاتەکانیان و دەمەتەقێی ئێوارەکانیانە لەکۆڕی سادەیی و ژیاندا، ئەوان دەنگێکن کەلە عەقڵی ئەوەی ئەمرۆ دەژی و شەیدایانە ون نابێت.. رابردوومان ئارامگریی دایکەکانە، دڵخۆشی و خەفەتەکانیان لەنێو منداڵەکان و چاوەڕوانیکردنیان لەوانەی دیارنین، رابردوومان وەک سەردەمێکی جوان لەناوماندا دەمێنێتەوە لەسەردەمی (یەکەمە هەڵبژاردەو باشەکان)... هەر بە رابردوومان دەمێنێتەوە...!

٢٠١٥-١٢-١٩

## ٣٤. کۆلیسترۆڵی فەرمان...!

مـرۆڤ لەمیانەی بەڕێکردنی ژیانیدا لەفێربووندایەو لەم خوێندنگە بۆ ئەو خوێندنگە دەگوێزێتەوە، خەیاڵ دەکات و خەون بەسبەینێوە دەبینێت کاتێ گەورە دەبێت و دەبێتە خوێندکارێکی زانکۆ، لەکاتێکدا کەمنداڵە هەموو شتێک دەهێنێتە پێش چاوی خۆی تاکو لەداهاتوودا کارێکی باشی هەبێت، ژیانیشی بەجۆرێک بێت کە کەسی تر ژیانی لەوشێوەیەی نەبووبێت، ئەو منداڵە گەورەدەبێت، خوێندن تـەواودەکـات و ڕێگایەک دەستپێدەکات کەبە دڵسۆزی و خۆشەویستییەوە باوەشی پێداکردووە بۆئەوەی ببەخشێت و بەشێک بێت لەنیشتمانێکی جوان کەپێشکەشکردنی هەبووەو چروک نەبووە، دەستدەکات بەکێشانی پلانی پرۆژەکانی و ئەوەی چۆن بتوانێت گەشەبکات و خۆی بەرەوپێش بەرێت بۆئەوەی شیاوی هەر شوێنێک بێت کەتیایدا دەبێت. هەرچی دەزانێت پێشکەشی دەکات و لەهەر شتێکدا کەداوای لێبکرێت دەبێتە نموونە، ئەمەیە ئەو گیانەی هەریەک لەئێمە بەکاردەخات، چاوەڕێی بەرژەوەندییەکی تایبەتی و کەسی ناکات، هەمووان لەقوتابخانەی چاکەدا پەروەردە دەبێت قوتابخانەی (زاید)، و دەزانێت کەبەبەهاترین شت کەهەیەتی نیشتمانەکەیەتی، ڕۆژێک لـەڕۆژان بیر ناکاتەوە مەگەر لەوەی هەموو ڕۆژێک لەبەرەنگاربوونەوەدا بێت و خولیاکانی لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ساڵەکانی کارەکەیدا گەورەببن...!

باس لەزۆر لەئەزموونەکان دەکەیت و ماندووبوونی دابەشدەکات بەسەر ڕۆژەکانیدا، هەوڵ و دڵسۆزییەکانی، لەدوای بێهیوابوونی، لەوانەیە مردنی زۆرینەی خەیاڵەکانی. ئەمە حاڵەتێکی نەرێنییە کەبەواقیعی لەگەڵتدا دەژی بەدەست تۆ نییە بەڵکو لەو شێوانەیە کەبەردەوام دووبارەدەبێتەوەو کەسانێک وەک نەخۆشییەکیان لێدێت کەتوانای جەستەی خاوێنیان نییە، هەموو بیرکردنەوە بێسودەکانی لەناو لەشیدا دەبێتە چەوریی کەڵەکەبوو.

هەموو وشەکانی کەهیچیان تێدا نیە جگە لەرەخنەو تێکشکاندن، هەموو هەستەکانی کەهیچ گەشبینییەکی تێدانیە، لەناو دەروونی تۆدا کەڵەکە دەبن و هەموو ڕاڕەوەکانی هەناسەدان و داهێنان دادەخات. لەگەڵ ڕۆژەکاندا دڵڕەقی و حەزنەکردن لەبەخشین لەناو خوێنبەرەکانتدا کەڵەکە دەبن، کاتەکە دەگۆڕێت بۆ مۆتەکەیەک. هەموو ئەو هەستانەو ڕووداوەکان کەڵەکەدەبن و ڕێڕەوی خوێن دادەخـەن، و دەگۆڕێن بۆ کۆلیسترۆڵ کەلەوانەیە ببێتە هۆی کوشتنت، کۆلیسترۆڵی فەرمان!! ئەو فەرمانەی خەونت پێوە بینیبوو و بەدرێژایی تەمەنت ئاواتەخوازی بوویت ئێستا هەر خۆی بووەتە نەخۆشییەکەت...!

ئایا ئەوانەی هۆکاربوون بۆ ئەم ڕووداوە خۆیان تێدەگەن؟ ئایا ئەوانە دەزانن کەداهاتوو و پشتیوانی داهاتووی نیشتمان لەناودەبەن؟ بۆچی مرۆڤ دان بەوەدا نانێت کەهەر کاتێک فیکرو نەوەی خۆی هەیە؟ ئەوەی پێش خۆی ڕەتناکاتەوەو بەڵکو بەیەکەوە دەژین و یەکتری تەواودەکەن و هەردوکیان دەبنە مێژوویەکی بەردەوام؟ بۆچی دەیکوژێت لەکاتێکدا پێویستی پێیەتی بۆئەوەی سبەینێ کاروانەکە تەواوبکات و بەئەو و بەمنداڵەکانیشی ببەخشێت؟! ئازار زیاددەکات و خوێن دەخنکێت و سییەکان ماندوودەبن و ڕۆح لەهەناسەدان دەکەوێت، بۆ خۆت یان لەناوچوون بەهۆی بەردەوامییەوە هەڵدەبژێریت، یان چارەسەرکردن بەپێکەوەژیان

پاکۆچکردن بۆ گۆڕانکاری...! لەوانەشە سەرلەنوێ بازنەکە دەستپێبکاتەوە...!

لێرەدا پرسیارێک و سەرسوڕمانێک هەیە، لەڕاستیی وتارەکەدا ئەوکەسەی بۆی دەوترێت دەیبینێت و دووبارەی دەکاتەوە...! چۆن نەخۆشییەکە وایلێهاتووە کەلەبەرچاوەو دەردەکە لەشوێنێکدایە کە ڕیشەکێش ناکرێت و باس ناکرێت؟! سەیرم لەو کەسە دێت کەژیان بەردەوام نییەو کۆچکردن راستییەکەیە، کەواتە چۆن مانەوە بریتی بێت لەیادکردن و وەفاداری باوەشپێداکردن و ناوبانگ و چیرۆکەکەش گۆڕانی بەسەرنەیەت، ئەوەی ستەمی کرد کۆچ دەکات و ئەوەی خۆی سەپاند کۆچ دەکات، هەرکەس خۆی بەگەورە زانی و خۆی لەبەرزییەوە بینی نەمر نابێت.. ئەوە نەخۆشی و نیشانەیەو هەمیشە داواکاریی جەستە سەلامەتەکانە، چیرۆکانێکن کەدواکەوتن هەڵناگرن، لەسەردەمی ئێستاماندا داهێنەر لەباوەشی بۆگەنی و نەبوونی هۆشیاری و تێگەیشتندا دەمرێت بەوەی ژیان ناوەستێت، هەریەکەمان لەگۆشەیەکداین و هەریەکەشمان ڕۆڵمان هەیە، رزقەکان لەئاسماندا دابەشکراون و هیچ مرۆڤێک ئەوەی پێ نەدراوە کەستەم لەدروستکراوەکان بکات بەدەردی خۆبەزلزانین و لەخۆباییبوون... لەڕاستیی کۆتاییدا ئایا کۆلیسترۆڵەکە پێویستی بەبانگەوازی زیاتر هەیە؟؟!

٢٠١٥-١٢-٢٨

## ٣٥. وزەو هەستەکان...!

شاگەشکە دەبین بەشتەکان و دەخوێنین بۆ کارەکان و بەدەستکەوتەوە شانازی دەکەین و بەپیاهەڵدانیش دەژێینەوە، لەناخماندا وزەو هەست هەن کەوشەکانی سوپاس و چاکەکردن بەرامبەرت ختوکەیان دەدات، هەموو یادەوەرییەکی جوان لەدڵەکانماندا دەژی کەلێوانلێو بوون لەخۆشەویستی و بەختەوەری، هەموو ساتەکانی ڕێزلێنان و پێزانین لەعەقڵماندا دەمێننەوە، هەموو ئەو شانۆیانەی چووینەتە سەریان و هەموو ئەو شوێنانەی سەردانمان کردوون ، هەموو ئەو روخسارانەی پێیان بەخشیوین و هەموو ئەوانەی قسەمان لەگەڵ کردوون، لێیانەوە فێربووین و هێشتاش لەیادەوەریماندا مەودای چاکەو منەتباریمان هەیە بۆیان، کات هۆکارە، کێ بەرەنگاریمان دەکات و لەئاگاییدا دەمانهێڵێتەوە، ئەی دواتر؟

چەندە کەسانێکی زۆر بیرمان لێ دەکەنەوە؟! چەندە چاوەڕێن پێیان ببەخشین لەوەی کەسانیتر بەئێمەیان بەخشیوە؟! بەوەی راستیی ئەزموون و بەخشین بگوێزینەوە، وێنەیەکیان بۆ دروستبکەین کە لەکەسانیتر زیاتریان پێبدات، و بەسووربوون و بەهەوڵدانەوە بەردەوام بین، ئەو روخسارانەی بەشەرمەوە لەبەردەم دەرگاکانماندا راوەستاون پێویستیان بەوەیە کەبوەستین و چەندین سەعات لەکات بخوازین بۆئەوەی پێیان بدەین، نەک لەبەرئەوەی ئێمە لەوان باشترین بەڵکو لەبەرئەوەی خودا بەئێمەی

بەخشیوەو پێی دڵخۆش بووین بۆچی نەیبەخشین بەکەسانیترو لەپێش ئەواندا خۆمان پێی دڵخۆش ببین!! وزەیەکە کەنوێ دەبێتەوەو بەردەوام دەبێت لەبەخشین، وزەیەکی بەخشین کەدانامرکێتەوە لەبەرئەوەی لافاوێکە کەبەردەوام دەبێت و درێژدەبێتەوە. کەس نکوڵیت لێ ناکات بەڵکو نزات بۆ دەکات و جوانترین کاتەکانی تۆ یاددەکاتەوە، هیچ ناڵێت جگە لەوەی دەڵێت خودا پاداشتی چاکەی فلان کەس بداتەوە...! کەس نییە لەئێمە کەهیچ نەبێت تا بیگەیەنێت تەنانەت ئەگەر شارەزایی و ڕۆژێکیش بێت، دایک لەگوشراوی ژیانی خۆی دەبەخشێت، باوکیش لەئەزمونی باوو باپیرانییەوە دەزانێت، کات بەمشێوەیەی ئێستای نابێت و ژیانیش بەمشێوەیە نامێنێتەوە، بەڵام ئەمە درێژکراوەیەکە کەدەگەڕێتەوە بۆ بنەمای مێژوو و لەداهاتوودا دەمێنێتەوە، بەهۆیەوە خۆمان دەبینین و بەرچاوڕوون دەبین بەوەی چی ڕوودەدات لەدوای ئێمە.

با واز لەزۆرێک لەخۆپەرستی و بەرژەوەندییە کاتییەکان بهێنین، دەستگرتن بەپێداویستییەکانمانەوە، لەبیرمان بچێت کەکەسانێک هەن دەیانەوێت فێرببن ئێمەش بێبەشی دەکەین و حەزێکی ڕاستەقینەی داهێنان و دەستکەوتی تێدا دەکوژین. با هەریەکەمان ئەرکەکانی خۆی بەشداری پێبکات، با دڵیشی پرشنگدار بێت بەبەخشین، چونکە هیچ شتێک بەردەوام نابێت، نە پلەو نە ناوو نە کورسی جگە لەوکاتانەی لەگەڵ کەسێک قسەت کردووەو لەوەی خودا پێیداویت فێرت کردووە، بەوەش تۆ بوویتە وزەیەکی بەخشینی جوان کەچاکەی هەڵگرتووەو پەخشی دەکات...!

سەرم سوڕدەمێنێت لەکەسانێک کەبۆ ماوەیەکی زۆر لەشوێنێکدا دەمێنێتەوەو خۆی لکاندووەو بەپلەو کورسییەکەیەوە لەترسی دوای خۆی، دەوروبەرەکەشی بێهیوا دەکات، هەمووان بەبازنەکەی خۆیەوە دەبەستێتەوە بەبێ ئەوەی بجوڵێت و ئەوەی هەیەتی بیگەیەنێت، زانست دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی خاوەنەکەی

بەخشیوەو پێی دڵخۆش بووین بۆچی نەیبەخشین بەکەسانیترو لەپێش ئەواندا خۆمان پێی دڵخۆش ببین!! وزەیەکە کەنوێ دەبێتەوەو بەردەوام دەبێت لەبەخشین، وزەیەکی بەخشین کەدانامرکێتەوە لەبەرئەوەی لافاوێکە کەبەردەوام دەبێت و درێژدەبێتەوە. کەس نکوڵیت لێ ناکات بەڵکو نزات بۆ دەکات و جوانترین کاتەکانی تۆ یاددەکاتەوە، هیچ ناڵێت جگە لەوەی دەڵێت خودا پاداشتی چاکەی فلان کەس بداتەوە...! کەس نییە لەئێمە کەهیچ نەبێت تا بیگەیەنێت تەنانەت ئەگەر شارەزایی و رۆژێکیش بێت، دایک لەگوشراوی ژیانی خۆی دەبەخشێت، باوکیش لەئەزمونی باوو باپیرانییەوە دەزانێت، کات بەمشێوەیەی ئێستای نابێت و ژیانیش بەمشێوەیە نامێنێتەوە، بەڵام ئەمە درێژکراوەیەکە کەدەگەڕێتەوە بۆ بنەمای مێژوو و لەداهاتوودا دەمێنێتەوە، بەهۆیەوە خۆمان دەبینین و بەرچاوڕوون دەبین بەوەی چی روودەدات لەدوای ئێمە.

با واز لەزۆرێک لەخۆپەرستی و بەرژەوەندییە کاتییەکان بهێنین، دەستگرتن بەپێداویستییەکانمانەوە، لەبیرمان بچێت کەکەسانێک هەن دەیانەوێت فێرببن ئێمەش بێبەشی دەکەین و حەزێکی راستەقینەی داهێنان و دەستکەوتی تێدا دەکوژین. با هەریەکەمان ئەرکەکانی خۆی بەشداری پێبکات، با دڵیشی پرشنگدار بێت بەبەخشین، چونکە هیچ شتێک بەردەوام نابێت، نە پلەو نە ناوو نە کورسی جگە لەوکاتانەی لەگەڵ کەسێک قسەت کردووەو لەوەی خودا پێیداویت فێرت کردووە، بەوەش تۆ بوویتە وزەیەکی بەخشینی جوان کەچاکەی هەڵگرتووەو پەخشی دەکات...!

سەرم سوڕدەمێنێت لەکەسانێک کەبۆ ماوەیەکی زۆر لەشوێنێکدا دەمێنێتەوەو خۆی لکاندووەو بەپلەو کورسییەکەیەوە لەترسی دوای خۆی، دەوروبەرەکەشی بێهیوا دەکات، هەمووان بەبازنەکەی خۆیەوە دەبەستێتەوە بەبێ ئەوەی بجوڵێت و ئەوەی هەیەتی بیگەیەنێت، زانست دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی خاوەنەکەی

لەعەقڵی کەسانی تردا بمێنیتەوەو داهێنان شوێنپەنجەی خۆتە کاتێ بە وشەیەک لەناخی خۆتەوە دەیبەخشیت، بەکارێک، بەهەڵوێستێک، ئەوکات مێژوویەکت بۆ دروستدەکات کەتەنها لەکتێبەکاندا کورت نابێتەوە کاتێ کاریگەر دەبێت لەسەر داهاتووی کەسێک، چونکە تۆ بەشێک لە کلیلەکانی بەختەوەریت پێبەخشیوە لەوەی کەخودا وەک هۆکارێک خستوویەتییە دەستی تۆ. کەس لەرزقێک بێبەش مەکە، چروکیش مەبە بەهەر بەخشینێکت، ببە بەنموونەیەک بۆ وزەیەکی لەبن نەهاتوو و وێنەیەکی بەخشین کەتێکناچێت، کاتێ کۆچ دەکەین هەموو کارەکانمان کۆتاییان پێدێت، لەوانەیە کەس یادمان نەکاتەوە جگە لەوەی کەفێرمان کردووە یان پێمان بەخشیوە بەبێ هیچ خۆ بەرزگرتن و زۆرلەخۆکردنێک، دڵمان تەوەرو هەستەکانمان وانەیەکن کەئەوەی دەمانەوێت پێشکەشی بکەین پێی دادەپۆشین... بەختەوەر دەبیت و هەموو هەستەکانی رەزامەندی دەورت دەدەن؛ چونکە تۆ چروکیی زانستت نەزانیوە، هەروەها دەستێک بوویت کەبۆ بەخشین و خۆشەویستی درێژ بوویت...!

٢٠١٦-١-١٦

## ٣٦.هاوڕێیەتیی جیهانی...!

خۆشیی گەشتکردن لەوەدایە کەخەڵک و شوێنی جیاواز دەبینیت و لەژینگەکانیاندا قوڵ دەبیتەوە، هەروەها فێری ئەو شێوازانە دەبیت کەهەن تا فێرت بکەن کەخودا چۆن مرۆڤی دروستکردووە، بەجۆراوجۆرییەک کە لەژمارە نایەت، هەروەها چۆن بیروباوەڕەکان سەرچەشمەی ئەو دڵانەن کەباوەڕیان پێیەتی، و بەبێ هیچ پشێوییەک دەڕوات تاکو نیعمەتی خودای دێتەڕێ و لەسەر ڕێگاکەی دەڕوات...! چێژی ژیان لەگەڵ بیانییەکاندا ئەوەیە مرۆڤایەتیت پاڵفتە دەکات و فێرت دەکات کەتۆ بەتەنها نیت لەسەر ئەم زەوییە، هەروەها تۆ گەورەی ئەم بوونەوەرە نیت، هەریەکە پێگەیەکیان هەیە کەلەوانەیە لەوەی تۆ گەورەتربێت لەلای پەروەردگاری بونەوەر، خاوەن پایەو ڕێز بێت، تۆ نازانیت بۆچی لێرە لەنێویاندایت، و بۆچی ڕۆژێک لەڕۆژان گەشتت کردووە بۆلایان تا بیانناسیت، بەڵام ئەوە دەزانیت کەبە پێی خۆت ڕۆیشتوویت تابزانیت کەژیان لەڕوانینێکی سنوردار گەورەترە...!

کارکردن لەگەڵ فرەڕەگەزەکان لەوڵاتانی جیهانەوەو گەیشتن پێیان نیعمەتێکە لەلایەن خوداوە، پێت دەبەخشێت، بۆئەوەی بزانیت کەچۆن ئەوەی دەیزانیت تاکە شت نیە لەم جیهانەدا، هەربۆیە زانایانمان گەشتیان کردووەو لەبەرئەوە گەشتکردن سودی خۆی هەیە. کاتێ لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانییەکان کاردەکەیت دەزانیت کەئەو جیاوازییانەی لەماوەی گەشتکردندا لەگەڵی ژیاویت

بزوێنەری راستەقینەیە بۆ ئابووری و بۆ ژیان، هەروەها گەلانێک هەن کەلێت تێدەگەن کاتێ تۆش تێدەگەیت لەوەی ئەوانی تێدان، کاتێ لەسەر مێزێکی گفتوگۆ دەبێت کەخەڵکی دەوڵەتانی جیهانی تێدایە، فێربە گوێ بۆ هەموویان بگریت و بزانیت مەبەستەکانیان چیە، و خۆیان و گەلەکانیان چییان دەوێت...!

چێژی ناسینی خاوەن رەگەزنامەکانی تر ئەوەیە دەتوانیت هاوڕێیەتی دروستبکەیت کەکارکردن ناوەڕۆکەکەیەتی، هەرکات دەبێتە بەشێک لەژیانە کۆمەڵایەتییەکەت ئەوا تۆ دڵی نوێ بەدەستدەهێنیت لەدەرەوەی ژیانی رۆژانەت، دەچیتە قۆزاخەیەکی نوێوە کەڕێکت دەکاتەوەو فشارت لێدەکات و وادەکات ببیتە جێی تێڕوانین، تا دەگوشرێیت و دادەگەیتە ژان و ئازارو بەئازادی و بەمتمانەو خاوەنی رەوشت و سیفاتی جوانەوە لێی دەردەچیت...!

هاوڕێیەتیی جیهانی هاوڕێیەتییەکە وادەکات فێربیت کەچۆن لێبوردەیی بنەمای ژیانە، هەروەها قبوڵکردنی مرۆڤەکان بەشێوەی راستەقینەی خۆیان سیماو سیفاتێکە کەئاینەکەمان و پێغەمبەری نازدار (درودو سڵاوی خودای لەسەربێت) بانگەوازی بۆ دەکات... سەیری کەسانی دەوروبەرت مەکە کە چی لەبەردەکەن و چییان هەیە، بەڵکو لەدڵی تێبگەو لەگەڵی بژی و گوێ بگرە بۆئەوەی پێت دەڵێت و ئەو خۆشەویستییەی لەئامێز بگرە کەپێشکەشت دەکات، بەدەر لەهەر بەرژەوەندییەکی تایبەتی.

لەسروشتی کارکردنی جیهانیدا وێنەیەک لەدوای خۆت جێدەهێڵیت کەئەوە نییە چی وتەیەکت پێشکەش کردووە، بەڵکو ئەوەیە کەکەسێتیت چۆن بووە لەڕاڕەوەکان و کۆبوونەوە دوانییەکان و لەکاتی نانخواردندا، کاتێکیش لەگەڵیان دەڕۆیت لەسەر رێگاکان و دەبیتە بەشێک لەژینگەی چالاکییەکانیان لەدوای دانوستان و گفتوگۆکان...! چێژی هاوڕێیەتیيە جیهانییەکان ئەوەیە کەتیشکێک لەو ژیانەت پێدەبەخشێت کەنەتزانیوەو تامی هەندێک

لەو بەهاراتە ساردەی لەناختدا دانوستاندنت لەگەڵ دەکەن و لەڕووکەشت دادەماڵن، و لەگەڵیان دەتخاتە سەر یەک زەوی ئەگەرچی زمانەکانیش جیاواز بن، بەزمانی خۆشەویستی و ڕێزگرتن لەگەڵیان دەدوێیت...!

هاوڕێیەکی خۆشەویستی جوان بە، و واز لەهەندێک لەو لەخۆباییبوونە بهێنە کەسودت پێ ناگەیەنێت، لەو دروستکراوانەی سەرزەوی بە کەخودا لەخۆڵ دروستیکردوون، خۆبەکەمگربەو وەک کانزای ئاڵتون لەعەقڵی مرۆڤەکاندا بمێنەرەوە...!

٢٠١٦-٢-١٣

لەو بەهاراتە ساردەی لەناختدا دانوستاندنت لەگەڵ دەکەن و لەڕووکەشت دادەماڵن، و لەگەڵیان دەتخاتە سەر یەک زەوی ئەگەرچی زمانەکانیش جیاواز بن، بەزمانی خۆشەویستی و ڕێزگرتن لەگەڵیان دەدوێیت...!

هاوڕێیەکی خۆشەویستی جوان بە، و واز لەهەندێک لەو لەخۆباییبوونە بهێنە کەسودت پێ ناگەیەنێت، لەو دروستکراوانەی سەرزەوی بە کەخودا لەخۆڵ دروستیکردوون، خۆبەکەمگربەو وەک کانزای ئاڵتون لەعەقڵی مرۆڤەکاندا بمێنەرەوە...!

٢٠١٦-٢-١٣

## ٣٧. گەلی لێبوردن...!

پێکەوەژیان لەگەڵ کۆمەڵگە دەرەکییەکان ژیانێکی ترە کەوادەکات سروشت و عەقڵی مرۆڤەکان بناسیت، هەروەها وادەکات بزانیت چۆن هەندێکیان گەیشتوونەتە قۆناغێک لەڕەوشت و بەرزی، کەئەواتەخواز دەبێت مسوڵمان بووایە، بەڵام ئێمە تەنانەت بەو بیرکردنەوەیەش ناتوانین بزانین ئەوان لەلای خودا چۆنن .لەچاو ئێمەدا. چەند زانا هەیە کەبەشداربووە لەگەیاندنی خزمەت بەمرۆڤایەتی و زۆر لەو نیعمەتانەی ئەمڕۆ سودیان لێ وەردەگرین ئەوان دەستیان تیایدا هەبووە، ئایا کەس هەیە نزا نەکات بۆ داهێنەری فێنککەرەوە لەهاویندا بۆ داهێنانەکەی؟ تەنانەت ئەگەر لەڕووکەشدا بڵێین زۆربەکارهێنانی فێنککەرەوەکان یەکێک بووە لەهۆکارەکانی گەرمبوونی زەوی و دیاردەی قەتیسبوونی گەرما، کەتا ئەمڕۆش زانایان چارەسەرێکیان بۆ نەدۆزیوەتەوە! بەڵام نکوڵی لەوە ناکەین کە هەر زانایەک گوشراوی بیرو زانستی خۆی پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە بەبێ بیرکردنەوە لەوەی لەوانەیە زیان بەشتێک بگەیەنێت. ڕاستیی بابەتەکە ئەوەیە کەبونیادێکی مەزن و بیرۆکەیەکی بەرزە، ئایا ناحەقی بەرامبەر ئەو زانایانە بکەین بەوەی لەئاستیان کەمبکەینەوە تەنها لەبەرئەوەی لەسەر ئاینی ئێمە نەبوون؟ بەڵکو بەپێچەوانەوە، ڕێزیان دەگرین و پێزانین بەرامبەر ئەوەی پێشکەشیان کردووین، زۆر ئاواتەخوازیشین بۆئەوەی چاومان بەیەکێکیان بکەوتایە بۆئەوەی سوپاسی بکەین...!

لێبوردەیی لەدڵدایەو کردارەکانی پەیامبەرن، بەرزیی فیکر

ئەوەیە ڕێزی ئەوە بزانین کەخزمەتی کردووین، هەروەها ڕێز لەوە بگرین کەرەوشتی بەرامبەرمان بەرزە، لێبوردەیی ئەوەیە بزانین کەشارستانیەتەکان بریتین لەتێکەڵبوون و یەکگرتنی مرۆڤەکان، هەروەها یەکترناسینیان و پێدانی ماف بەخاوەن مافەکان، با بەرز بین و وەک خۆبەکەمگریی زانایان و ڕەوشتبەرزیی مسوڵمانە پێشینەکان بژیین، بۆچی هەندێک کەس پێیانوایە ئەوان خاوەنی تەرازووی ڕاست و هەڵەن؟ و ئەوان دەتوانن بڕیار لەسەر خەڵکی بدەن بەوەی دۆزەخین یان بەهەشتی؟ کەس نیە بزانێت دوای جێهێشتنی ئەم دنیایە چۆن لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت. با هەندێ شتی بچوک وازلێبهێنین و دیدمان بۆ ژیان بگۆڕین، ژیان کەسانێکی تێدایە کەهانت دەدەن بۆ کاری چاکە، لەکاتێکدا ئاینی نیە، بەڵکو مرۆڤایەتییەکی گەورەی تێدایە، کەسانێکیش هەن کەبانگەشەی ئاین دەکەن و منداڵی بێتاوان دەکوژن و خێزانەکان دەربەدەر دەکەن و ئەوەی ئێمە خۆشمان دەوێت (ئاین) دەیشێوێنن...!

چەند باڵیۆزی ئاشتی هەبوون کەتامی خەویان نەکردووەو پەناگەی ئاوارەکان بەسەردەکەنەوەو بەدەستی خۆیان نان بەمنداڵەکان دەدەن!! ئایا ڕقمان لێیان بێت تەنها لەبەر هەندێک هەڵسوکەوت یان ئەو جلانەی لەبەریاندایە؟ چەند پزیشک هەیە کەبەڕاستی پیشەکەیان ئەنجامداوەو پاڵپشتیی نەخۆشیان کردووەو بەدوای چارەسەرکردنیەوە بوون بێئەوەی بیانەوێت بزانن کێیە!! چەند دەوڵەمەند هەیە کە بەبەزەیی خودا کەخستوویەتییە دڵییەوە بەشی هەژارانی داوەو کردوویەتی بەهۆکارێک بۆیان!! و چەند کرداری جوان هەیە کەئارەزوومان بووە ئێمە خاوەنی بووینایە، ئەوکات دەبووینە باشترین گەیەنەر بۆ باشترینی ئاینەکان!! ئەوە ڕاستیی یەکەمە کەپێغەمبەر (درودو سڵاوی خودای لەسەربێت) ئومەتی ئیسلامیی لەسەر بنیات ناوە، چۆن لەکاتێکدا لەڕۆژی ڕزگارکردنی مەککەدا بەقورەیشی دەفەرموو «بڕۆن ئێوە

سەربەستن» لەکاتێکدا پێشتر ئەوان ئازاریان دابوو. وانەیەک بوو لەلێبوردەیی و پێکەوەژیان و لەبیرکردنی رابردوو، و دەستکردن بەژیانی خۆشەویستی و چاکەو بەخشین، ئاینەکەی ئێمە ئاینی خۆشەویستی و لێبوردەییە، پێغەمبەرەکەمان (درودو سڵاوی خودای لەسەربێت) پێغەمبەری مرۆڤایەتییە، با ئێمەش گەلی لێبوردەیی و پێکەوەژیان و ئاشتی بین....!

١٣-٢-٢٠١٦

## ٣٨.روخسارانی گەشتکردووە...!

لەفڕۆکەخانەکانی جیهان کاتێ بەرەو رۆژهەڵات یان رۆژئاوا دەڕۆیت، چاوت دەچێتە سەر ئەو روخسارانەی دێن و ئەوانەی دەڕۆن، ئەو خێزانە گەشتکردووانەی دەڕۆن، قوتابیان کەبڵاوەدەکەن، روو لەرۆژئاوا دەکەن، کەسانێک لەرۆژهەڵاتەوە روودەکەنە رۆژئاواو بەپێچەوانەشەوە بەمەبەستی گەشتیاری و ئاشنابوون بەجیهان، هەندێ روخساریش دەبینیت کە بەرلە قاچەکانی رادەکات. لەجیهانی کارکردندا لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێک دەڕۆیت بەجۆرێک کەجەستەو عەقڵەکان نازانن لەکوێن و سەربە ناوچەیەکی کاتین. لەوێ ئاژەڵەکان دەبینیت کەلەشوێنێکەوە دەگوێزرێنەوە، هەموو روخسارەکان ئاین و ئاراستەکانیان جیاوازن، بەڵام هەموویان لەسیفەتێکدا بەشدارن کەکەس ناتوانێت نکوڵیی لێبکات، خودا بەسیفەتی مرۆڤ دروستیکردووە، لەڕیزی کارە چاکەکاندا کەسانێکی خێرخواز هەن کەڕوودەکەنە فڕۆکەخانەکانی جیهان، وەک جوڵەیەکی مرۆیی بۆ یارمەتیدانی کەسانیتر، حەزیان دەیانبزوێنێت بۆئەوەی ژیانیان سودێکی جێی باسی هەبێت، بەوەی ژیان بەوانیتر دەبەخشنەوە، ئەو گەشتیارانە چەندە دڵخۆشبوون بەچاکەکاری، بۆئەوەی دڵخۆشی بگوێزنەوەو بژین لەگەڵ ئەوەی لەژیان بێبەش بووە بەهۆی دۆخێکەوە کەدەسەڵاتی خۆی تێدانیە، بەڵام ئەو مرۆڤێکە لەسەر ئەم زەوییە دەژی و گەشتکردن بووە بەئەرکێک بۆی...!

لەهەموو فرۆکەخانەکانی جیهاندا چەندین چیرۆک هەیە کەهەمووان لەدانیشتن و چاوەڕوانییەکاندا تیایدا دەژین، رەنگە چاوەڕێی سەعاتەکان بکات بۆئەوەی بەکەسوکارەکەی بگاتەوە، یان لەوانەیە چاوەڕێی سەعاتەکان بکات بۆئەوەی رووبەڕووی ئایندەی خۆی ببێتەوە، یان لەوانەیە چاوەڕێی سەعاتەکان بکات بەڵکو بەرەو ژیانێکی جوانتری ببات، گەشتیارانێکیش هەن کەگەشتکردنیان پێ باش بووە تەنانەت بۆئەوەی دووربکەونەوەو بەشێک لەفشارو ماندووبوونەکانی ژیانیان لەبیربچێتەوە. هەریەکەمان گەشت دەکەین و هەریەکەشمان ئاواتەخوازین کەلە دورگەیەکی دووردا بین؛ بۆئەوەی ماوەیەک دوور بین لەهەندێ شت بۆئەوەی ماوەیەک دواتر بگەڕێینەوە بۆلای، بەڵام ئێمە نازانین کەچۆن هەندێ دەوڵەت و شارو گوند هەن کەهێشتا لەدووریی ئێمە دەژین کەنازانن فرۆکە چییەو تەنانەت شێوەی فرۆکەش نازانن، هێشتا لەجیهانەکەی خۆیاندا دەژین وەک ئەوەی بونەوەر تەنها ئەوان بن. بەڵکو چەند کۆمەڵگایەک هەیە کەبەیەکەوە دەژین و خۆشەویستی و بەختەوەری بڵاودەکەنەوە بەدابڕانی خۆیان، چونکە دەزانن کەژیان جوانە بەوشێوەیەی کەهەیانە بژین...!

لەهەموو فرۆکەخانەکاندا چیرۆکەکان دەخوێنیتەوەو یادی ئەو کاتانەت دەکەویتەوە کەڕابردووە، ئەوانەی فێریان کردیت کەچۆن ژیان گۆڕانی بەسەردا دێت لەگەڵتدا هەرکات جوڵەت کردو هەرکات بلیتت بڕی و دەروازەی چاودێریت تێپەڕاند...! یەکەم گەشتت لەگەڵ مندا بهێنەرە پێش چاو مەبەستم بیرخستنەوەیەتی. گەشتی بۆ بکەو لەگەڵی بژی لەخەیاڵی خۆتدا، ئەوکات هەنگاوەکانی یەکەمت چۆن بوو، کاتەکەشت چۆن بەڕێکرد لەگەڵ هەموو رێوشوێنەکان و ئەو ترسانەی بۆت دروستبووبوو. هەندێ گەشت ناڕەحەتیی تێدایەو هەندێکیش چێژ، کەفکری خۆت و زانیاریت لێکدانەوەی بۆ دەکات کەبۆکوێ گەشت دەکەیت؟ هەمیشە ئەو ئەزموونی یەکەمە هەیە

کەئەزموونەکانی دیکە بەشوێنیدا دەڕۆن بەوپەڕی متمانەو سانایی بەهۆی شارەزابوونەوە...

تۆ دەژیت و هەندێجار گۆڕانت بەسەردا دێت بەبێ ئەوەی بیزانیت، کۆمەڵە جانتایەک پێشت دەکەون، بەڵام پێداویستییەکانی تۆیان هەڵگرتووە، تۆ ئەو مرۆڤەیت کەهەندێک لەو شتانەت هەڵگرتووە بۆماوەیەکی دیاریکراو کەپێویستت پێیەتی، لەگەڵ کەمتریندا خۆت دەگونجێنیت و چێژ لەکەمترین روکەش دەبینیت، لەو گەشتەدا لەهەموو شتێک دادەماڵرێیت و دەبیتەوە بەمرۆڤە سادەکە، تۆ کێیت، لەگەڵ هەموو ئەو ملیۆنانەی گەشت دەکەن، یەکێکیت لەوان، لەگەڵیاندا دەبیتە یەکێک لەڕوخسارە گەشتکردووەکان و گەشت دەکەیت...!

٢٠١٦-٢-٢٧

## ٣٩. ئازاوەی خێزانی...!

خێزان ئەو دامەزراوەیەیە کەلەنێوانی دیوارەکانیدا هەموو جۆرە وەزارەت و لایەن و کەرتەکانی لەئامێز گرتووە، بەو دایکە دەستپێدەکات کەوەزیری پەروەردەو فێرکردن و تەندروستی و هاوکاریی نێودەوڵەتی و خزمەتگوزاریی کۆمەڵگەو زۆر شتی ترە، باوکیش خاوەنی وەزارەتی دارایی و بەرگری و مانەوەو ژینگەو هیترە...! دامەزراوەیەکی بچوکە کەلەناویدا ژمارەیەک دەژین کەخێزانەکە پێکدەهێنن یان بابڵێین گەلێکی سادە، پێکەوە دەژین لەگەڵ هەموو جیاوازییەکان و حاڵەتە گۆڕاوە تایبەتییەکان...! براکان هەن کەگەورەدەبن و جیهان ئاشکرا دەکەن، ململانێی بێتاوانانە لەناخیاندا دەستپێدەکات بۆ پارێزگاریکردن لەشتومەکەکانیان، هەندێجاریش دەبنە دڕندە لەزیادەڕۆیی لەبەرگریکردندا، زۆرێک لەئێمە هێشتا ئەو جەنگە بچوکانەمان لەبیرماوە لەنێوان ئەو خوشکانەی کە لەکۆتاییدا (قژ) دەبووە قوربانی، بەوەی هەرلایەک دەستیدەکرد بەڕاکێشانی، چونکە لاوازترین خاڵی کچەکانەو ئازارەکە بەخوراندنی سەری دەستپێدەکرد...! هێشتاش کوڕە بچوکەکان بەدەست شەڕدەکەن یان هەندێ کەلوپەل، بەڵام جەنگێکن کەهیچ نین جگە لەدەربڕینێک بۆ ئەو گۆڕانەی ڕوودەدات و گەورەدەبن بۆئەوەی یادی بکەنەوەو لەو دڵەوە کەیەکتریان پێ خۆشدەوێت پێبکەنن...!

لەگرنگترین وەزارەت و بەهاکان لەم دامەزراوەیەدا بریتییە لەخۆشەویستی و خەمخۆری بۆ ئەوانیتر، ڕێزگرتن و پرسینەوە لەدۆخی یەکتر، هێشتا هەموو شتە مادیەکان کەمەندکێشمان دەکەن و سەرقاڵمان دەکەن، بەڵام هەموو ئەمانە دەڕۆن و تەواودەبن و مرۆڤ دەستدەکات بەگەڕان بەگۆشەی دیوارەکاندا بۆ چیرۆکەکانی خۆشەویستی و تێکەڵبوون، چیرۆکەکانی قوربانیدان و لەخۆگرتن، براکان پشتیوانن بۆ یەکتری و خوشکەکانیش کۆمەڵگەیەکن بۆ یەکتر، هەموو ئەو ئاژاوەگێڕییە خێزانییەی پێی هەستاون پڕیان دەکات کەلەسەری گەورەبوون، بەڵام ئەمە وایکردووە زیاتر پەیوەست بن بەیەکەوە، ئەو پەیوەستبوونەی وایکردووە بەیەک ڕێگادا بڕۆن وەک خێزانێک کۆیکردوونەتەوە...!

کۆمەڵگاکەمان بەبەهای تایبەتەوە پەیوەستە، کەڕێز لەهەموو ئەندامانی خێزان دەگرێت و گرنگیی بۆ دادەنێت و بەبوونێکی دەزانێت کەیەکێکی تر پێویستی پێیەتی، لەوانەیە هەندێکات هەندێ کێشە ڕووبدات، لەوانەشە ژیانی دنیا بمانبات و هەندێ لەخۆباییبوونمان بۆ دروستبکات کەدەبێتە هۆی کوشتنی بەزەیی و خۆشەویستیمان، و ئەو منداڵییەی کۆیکردبووینەوەو ئەو دایک و باوکەی پەروەردەیان کردین و چاوەڕوان بوون تاکو دامەزراوەکەیان بەدامەزراوی و جێگیری بمێنێتەوە، لەبیربکەین...! نکوڵی لەوە ناکەین کەچەندە کێشەکان زۆربوون و دۆسیەکان زیادیان کردووەو دەنگەکان بەرزبوونەتەوەو پەیوەندییەکان کۆتاییان پێهاتووە، بەڵام ئەوە کاتەکانی لاوازین کەشەیتان قۆستوویەتییەوە...! بەهای ماددە چییە بەبەراوردکردنی بەبڕێک خۆشەویستی؟! و کاتێ دوژمنایەتی براکەم یان خوشکەکەم دەکەم، ئەو سامانە چییە کەکۆیدەکەمەوە؟! ئایا ئەگەر لەناکاو دنیای بەجێهێشت هەستم چۆن دەبێت؟ ئەو یادگارییە کامەیە کەلەناخمدا دەمێنێتەوە؟ ئەو ماددەیەی لەسەری کەوتینە ململانێ؟؟ دنیایەکی

لەناوچوو جیای کردینەوە؟ دەروونە لاوازەکان ناچاریان کردین لەیەک دووربکەوینەوە؟ هەڵوێستانێکن کەلەساتی خۆیدا هاتوون، بەڵام ئێمە دەستمان بەرنەداوە لێیان، بەمەش پەیوەندیی کەسایەتی و خزمایەتیی پچڕاندووە؟ چەند برا هەیە بۆ براکەی پەشیمان دەبێتەوە، و چەند خوشک هەیە کە لەباوەشێکی هاوشێوەی باوەشی دایکی جیادەبێتەوەو لەپەشیمانیدا دەگری؟ و چەند برا هەیە کەلەئازاردا دەگری بۆ خوشکەکەی کەلەدوای دایکی ئەو دایکێکی تر بوو بۆی؟ چەند خوشکیش بۆ برایەکی دەگری کەلەوانەبوو ببوایەتە پشتیوانی...!

هیچ شتێک هاوتای ئەو تووەی یەکەم و ئەو ئاژاوەگێڕییەی یەکەمجار نییە، و ئەو ژیانە پاکەی کەیەکەمین خۆشەویستیی تێدابوو و نەما...! ئایا ژیان ئەوە دەهێنێت کەبەو دڵڕەقییەوە بژیین کەبێبەشمان بکات لەیەکتری؟

٢٠١٦-٣-٥

## ٤٠.لەدەستدانی ئەوەی خۆشماندەوێت...!

هەندێجار شتانێک لەدەستدەدەین کەخۆشەویستە لەلامان و لەپاڵماندایە و لەهەموو شوێنێک لەگەڵمانە، نزیکە لەدڵمانەوەو خۆشمان دەوێت و دەبێتە هاوڕێیەک ئارامیمان دەداتێ تەنانەت لەدووریماندا. ئەوان شتانێکن کەگرنگ نیە گرانبەها بن یان هەرزان، چونکە ئەوە پەیوەندیی هەیە بەهەست و کەسەکانەوە، ئەوە هەست و ویژدانە کەرەنگی داوەتەوە لەبێگیانەکانداو رۆحێکی پێبەخشیوە کەشوێنمان دەکەوێت. کاتێ لەگەڵتدایەو لەناکاو لێت وندەبێت بەبێ مەبەست، لەوانەیە کەسێک بیدزێت، یان لەشوێنێک جێتهێشتبێت، یان بەبێ ویست لێت دەبرێت، لەوکاتەدا ئازارمان پێدەگات نەک لەبەرئەوەی شتانێکن کەخۆشمان دەوێن، بەڵکو لەکەسێکەوە بووە کەخۆشمان دەوێت!

کەمێک لەگەڵم بیربکەرەوە، کاتێ هەست بەو ئازارە دەکەیت دەتگوشێت و هەست بەخنکان دەکەیت و دەستدەکەیت بەگریان، ئایا لەوساتەدا بیرت کردووەتـەوە کەئەوەی پێی بەخشیویت زیندووەو لەلات دەژی و لەوانەیە پێویستی بەوە هەبێت تۆش گرنگپێدان و خۆشەویستیی زۆری پێ ببەخشیت. لەڕاستیدا ونکردنی شتەکان ئەزموونێکی بچوککراوەیە بۆ ئەو هەستەی کەبەڕاستی کەسێکی خۆشەویست لەدەستدەدەین، ئەوە حاڵەتێکی ناسەقامگیری و قبوڵنەکردنی واقیعێکە کەسەپێنراوە بەسەرماندا، بەڵام بیرخستنەوەیەکە بۆئەوەی زیاتر نزیکبین لەوەی کردوویەتییە

دیاری بۆمان و تا زیاتری پێببەخشین و بەشێوەیەکی جوانتر خۆشەویستییەکەی لەئامێز بگرین. ژیان بەبوونی ئەوان و ئەوەی لەگەڵ دیارییەکان پێمان دەبەخشن بەنرخە، ئەوان ئەو تیشکەن کەلەچاوەکانتدا بەبینینیان دەبریسکێتەوە، ئەوان تامی ئەو ژیانەن کەدەمانەوێت دەستی پێوە بگرین. ماددەکان گرێدانێکن بەڵام ئەوان دڵێکن کەپێویستیان پێمانە کەلەنێویدا بین و لەسنگیدا جێگیر ببین.

ئـازار بچێژە بـەڵام فێربە کـەچۆن هەستەکانت بگۆڕێت بەخۆشەویستی بۆیان، و چۆن سەیریان بکەیت و کاتی زیاتریان پێبدەیت، لەوانەیە شتەکان بەنرخ بـن، بـەڵام خۆشەویستییان بەنرختره، و ئەوەی پێمان دەبەخشن شیاوی ئەوەیە پارێزگاریی لێبکەین، بـەڵام ئەگەر ونبوو مـانـای وانیـە ئەوانیش ونبوون، راستگۆییان بـەردەوامـە، ئـەوان چاوەڕێت دەکـەن و ترسیان لەسەرت هەیە. کاتێ هەندێک لەشتەکانمان ون دەکەین دەزانین کەئێمە پەیوەستین بەکەسانێکەوە کەشایستەن، بـەڵام بەهۆی سەرقاڵییەکانمانەوە لێمان دوورن، بەهۆی دوودڵیمانەوە یان لەوانەیە بەهۆی باوەڕمانەوە بەوەی کەهێشتا لەژیاندا کات ماوە. نازانین سبەینێ ونکردنە قورسەکەو قەبارەی ئـازارەکە چۆن دەبێت، بەڵام تێدەگەین کەلەوە دڵڕەقانەترە کەهەستی پێدەکەین بەرامبەر مادەکان، ئیتر بۆ هەلێک نەدەین بەکات بۆئەوەی ئازاری زۆر ببینین؟ با هۆشیارتربین بەرامبەر ڕاستیی ژیان، کەسانێک هـەن کەهەست و دڵێکی بەخشەریان لەنێو پەراسووەکانیاندا هەڵگرتووە، بۆئەوەی ببنە بەشێکی گەورە لەژیانماندا و هاودەممان بن و هاودەمیان بین. تەنانەت کاتێکیش جیاوازبین ئەوان بەهۆی خۆشەویستییانەوە دەستهەڵدەگرن و قبوڵمان دەکـەن، چونکە ئەوان پێکهاتەی ئێمە دەزانن!

خۆشەویستی پوختەی هەموو ئەزموونەکانە، گرنگیپێدانیش وادەکـات بـەردەوام بێت، با دەروونەکانمان رام بکەین لەسەر

هەستکردن بەلایەنی بەرامبەر، بەکەسوکار، یا بەکردار گرنگیپێدانەکانمان رەنگبداتەوە، رەنگە تەنها هەستێک کەلەناو تاریکیی سنگماندایە بەس نەبێت. بەختەوەریی راستەقینە بەوەیە کەپێیان بڵێین، هەستی پێ بکەن، بەرجەستە بێت، و ئەوان بەشی هەرە گەورەو راستی بن لەژیانماندا. بائازارمان پێبگات بۆ ونکردنی شتەکان ئەوە دەهێنێت، چونکە لەکەسێکەوە بووە کەشایستەیە، بەڵام بائازار تێپەڕێنین بەوەی بەبڕێکی زۆرتر خۆشەویستی ببەخشین، تیایدا چروک نەبین، بەڵکو لەبەخشینیدا دەستکراوەبین. گرنگی بدەو خۆشت بوێت بەرلەوەی ونی بکەیت...!

٢٠١٦-٥-١٤

## ٤١.پێوەندی کۆیلایەتی...!

جوانـه بەشێوەیەک بژین کـەدوای چەند ساڵێک شانازی بەخۆمانەوە بکەین بەوەی زۆر شتمان بەدەستهێناوەو دەستکەوتی گرنگمان هەبووە، هێشتاش خولیای ئەوەمان هەیە لەداهاتوودا ببینە پێشەنگ، دەستکەوتمان هەبێت بەبێ وەستان، و بەبێ سنور ببەخشین، لەوەش جوانتر ئەوەیە لەگەڵ گشتدا بژین لەبالآیی و گەشەدا. لەگەڵمدا بیر لەخۆت بکەرەوە دوای چەند ساڵێک کەبەتەنها وەستاویت و تەماشای دواوە دەکـەیت، بۆئـەوەی روویـداوەو لەداهاتووشدا روودەدات، ئەو هەستە چۆن دەبێت کاتێ ڕۆژێک لەڕۆژان بیرت بکەوێتەوە کەتەنازولت لەدەروونی خۆت کردووە...! لەرەوشتت و لەبەهاکانت؟!

بەداخەوەین بۆئەوەی کەهەندێک کەس پێیانوایە لەژیانیاندا رزقیان پەیوەندیی هەیە بەمرۆڤێکەوە، بۆیە بەزۆر شت هەوڵدەدات بۆ رازیکردنی ئەو کەسانە تەنانەت ئەگەر خۆشیان ببنە قوربانی، ئەو خۆهەڵواسین و زەردەخەنانە، و بڕێک زیادەڕۆیی، تەنها بۆئەوەی بوارێک نەمێنێتەوە بۆ رەتکردنەوەی داواکاری و پێویستییەکانیان، یان راگەیاندنی جەنگی تووڕەیی لەدژیان، دەبینیت کەبە دەمامکی ساختەوە دەژین لەگەڵ خۆیان پێش ئەوانیتر، ئەوانن ساختەکارییان هەڵبژاردووە، هەروەها پاش ماوەیەکی کورت دەیانبینیت کەخۆیان ناناسنەوە، لەوانەشە لـەم گەشتەیاندا کەسانێکی راستەقینەیان لەدەستدابێت بۆئەوەی دەست بەخەیاڵاتەوە بگرن...!

ژیانی رۆژانـە یـان ژیانی کۆمەڵایەتیمان، کـارو فەرمانمان، هەرچییەکیان بێت، پێویستە بەمەبدەئەکانمان و رەوشتی بەرزمان لەگەڵی بژین، نەک وەکو حەربا رەنگی خۆمان بگۆڕین و لەگەڵ هەموو نموونەیەک بژین، بەتایبەت ئـەو جۆرەیـان کـەوادەکات لەناوەوە وزەمان بەفیڕۆبچێت، بەڵام بەمردنی هێواش قایل دەبین؛ بەگومانی ئەوەی کەئەمە ژیانە، لەدوای ئەم پێکەوەژیانە مرۆڤێک لەڕوخساریاندا نابینم، بەڵکو بوکەڵەیەکن هەندێک بەرژەوەندی و ترسێکی زۆرو لەبیرکردنی گرنگترین راستیی بونەوەر دەیانجوڵێنێت.

ژیانمان وابەستەیە بەخوداوە، رومان لەلای خودایە، سبەینێش لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکات کەئەمانەتەکەمان چۆن پاراستووە، کۆیلایەتی ئەو کۆت و بەندە نییە کەلەڕابردوودا دەکرایە دەستی کۆیلەکان، بەڵکو کۆیلایەتی ئەوەیە کەوابزانیت ژیانت لەدەستی کەسێکی دیاریکراودایە، بەوەی ناتوانیت بژییت ئەگەر لەژێر خەیاڵاتی رەزامەندیی ئـەودا نەبێت، کێ داوات لێدەکات کەپاشکۆ بیت، ئەو قایل بکەیت و هەمیشە هۆکارێک بیت لەپێناوی ئەودا، دڵنیابە کەتۆ لەدەستی پارێزراو نابیت، چونکە ئەوانە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا رەنگیان دەگۆڕن و تۆش هاوڕێیان نیت، کاتێکیش پشتت لێدەکەن سەیری پشتی خۆت دەکەیت و بۆ ئەوان نا بەڵکو بۆ خۆت پەشیمان دەبیتەوە، لەجەنگی مادەو پلەبەرزکردنەوەدا ماوەیەک دۆڕاو بە، بەڵام لەلایەن خوداوە بۆت دێت، ئەوە رزقێکە کەلێی بێبەش دەبیت و پێشت دەدرێت، بەڵام؛ خۆت مەدۆڕێنەو کارێک مەکە لەناخەوە دەروونت بۆت بگری. چونکە بەهای مرۆڤ بەندە بەپێگەی و ئەوەی بۆ خۆی دەیەوێت، بەبەهاو رەوشتییەوە، بەجوانیی هەڵسوکەوتییەوە، کەس نییە شیاوی ئەوە بێت بکرێتە کۆتێک لەسەرمان، لەبەرئەوەی خودا بەئازادی دروستیکردووین و خۆی سەرپەرشتیمان دەکات و لەگەنجینەکانی خۆی بەشمان دەدات.

سەیری پشتەوە بکە، چەند کەست لەدەستداوە، و چەندە پێچەوانەی خۆت بوویت، و چەندە بەنابەدڵی بەخشیوتە، و چەندە زۆرت لێکراوەو دووڕوویی‌یت نواندووەو ئازارت چەشتووە، و چەندە بەشداربوویت لەئازاردانی خەڵکی لەپێناو کەسێکدا، و چەندە دەستپاک نەبوویت بەرامبەر رەوشتی خۆت، و چەندە سازشت لەبەهاکانی خۆت کردووە؟ و ئێستا چەندە ئازار دەچێژیت کاتێ دێڕەکانم دەخوێنیتەوە؟ ئەگەر فرمێسکێک کەوتە خوارەوە یان هەستت بەتەنگی کرد ئەوا تۆ یەکێکیت لەو کۆیلانە، خۆت لەکۆتەکەت رزگار بکەو پەیوەست بە بەخوداوە، و هەموو ژیانت بدەرە دەستی ئەو نەک مرۆڤێک...!

٢٠١٦-٦-١٤

## ٤٢.جیهانبیوونی (جینگا)...!

لەنێو کۆمەڵێک ماڵی هەژار، کۆڵانی تەنگ، ئەو شوێنانەی تەنانەت غازیشیان تێدا نیە، هێشتا دایکەکان جلەکان دەشۆرن و لەخاولیدا هاوبەشن، منداڵەکان لەزۆربەی کاتدا یاری دەکەن، گوێ بەقسەی گەورەکان نادەن، مەگەر لەهەندێ حاڵەتدا نەبێت، بۆئەوەی خۆیان لەسزا دەرباز بکەن، دروشم وتنەوەو هات و هاوار کەلەخۆشیدا سەما دەکەن، قاچە بێ پێڵاوەکان، هەندێ روخساریش کەبەماندویەتی و نارەحەتی شۆردراون، بەڵام بۆ خۆشەویستی و ژیان سەما دەکەن، ئەو ئەفسانەیەی لەسەدەی شانزەدا لەبەرازیل لەدایکبوو لەدڵی خەڵکی (جینگا)دایە، لەدڵی ئەفریقاوە وەک کۆیلە هاتوون و تێکنەشکاون، بەڵکو رایانکردووەو لەدارستانەکاندا فێری یارییەکانی کوشتن بوون لەسەر شێوازی جینگا، تا ئەوکاتەی ئازادییان بۆ راگەیەندرا، ئەوکات ئەوەی دەیانزانی خستیانەڕوو لەیاریی جیهانی باڵادەستی و سیاسەت و لەهەمانکاتدا لەیاریی تۆپی پێدا. جینگا ئەوەیە کەدەیبینین سەما دەکات لەنێوان پێیەکانی یاریزاناندا لەتۆپی پێی بەرازیلییەکاندا، شێوازەکانی دەگۆڕێن، بەڵام گەلەکەی یەکخستووە بەوەی هەموویان بەیەک شێوازی تایبەتی خۆیان بەدڵخۆشی یاری دەکەن.

جینگا، کەگەلی بەرازیلی ویستیان بیکوژن دوای دۆڕاندنی لەکاسی جیهانی ١٩٥٠، چونکە بڕوایان وابوو کەئەوە شێوازێکی شارستانیانە نیە، ئەوەبوو لەساڵی ١٩٥٨ گەڕایەوەو وایکرد کاسەکە

بەرن، لەساڵی لەدایکبوونی ئەفسانەی تۆپی پێ (بیلیە)، ئەمە ئەو ڕووداوانە بوون کەلەڕێی فیلمێکی نوێوە بینیم، کەباس لەژیانی ئەو ئەفسانەیە دەکات، کەبەناوی پێشکەوتنەوە بانگەشەی ئەوەی کرد کەشێوازی (جینگا) شارستانیانە نیە! ئەوەی لەڕووداوەکانی ئەم چیرۆکەدا کەمەندکێشی کردم، بریتی بوو لەسووربوونی باوک بۆ چەسپاندنی ئەو میراتییە لەدڵی کوڕەکەیدا (بیلیە)، بۆی دووپات کردەوە کە «جگە لەخۆی کەس نەبێت، متمانە نەدۆڕێنێت، گرنگی مەدە بەوەی لەبارەی تۆوە دەوترێت، خۆت بەو باوەڕت بە جینگا هەبێت»، ئەمە ئەو وتەیە بوو کەپێش نزیکەی ٦٠ ساڵوتراوە، ئەوەی وایکردووە ئێمە ئێستا کڵاو بۆ ئەو ئەفسانەیە دابگرین، هەروەها گەلی بەرازیلی سەما دەکات و کاتێ یاری دەکات، جیهان دڵخۆش دەکات، رۆڵی باوک لەژیان و گەشتی بیلیە گرنگ بوو، بنەما لەهەر شتێکدا ئەوەیە هەوڵی لاساییکردنەوەو چاولێکەری نەدەین، تەنها لەبەر هەندێ بیروباوەڕ کەپێیوایە ئەمە ڕێگای پێشکەوتنە، با خۆمان بین بەوەی هەمانەو بەمیراتمان، بەمەش وادەکەین جیهان ڕێز لەبوون و شێوازەکەمان بگرێت. لەساڵی ۱۹٥۸دا جینگای بەرازیلی بووە بەناوبانگترین شێواز لەجیهاندا لەیاریی تۆپی پێدا؛ لەبەرئەوەی گەلەکەی دەستیان گرت بەمیراتی باب و باپیرانیانەوە.

دڵخۆشبووم بەوەفاداریی کەسێتی بیلیە، ئەو هاوڕێیانەی کەهەمیشە بیری دەکردن، ئەو منداڵییەی کەلەچوار کەسدا کۆبووبووەوە کەباوەڕیان پێی بوو، یەکێکیشیان بەو باوەڕەیەوە مرد، ئەو منداڵییەی لەیادەوەریی خۆماندا هەڵمانگرتووە، هێشتا ئەو ڕاستییەیە کەمێژووی هەرشتێک دەنووسێتەوە کەپێی دەگەین، چیرۆکەکە شایستەی سەرسوڕمان بوو، لەو وزە ڕاستەقینەیەی تیایدابوو کەنیشانت دەدات بارودۆخ هیچ نیە جگەلە بەڵگەیەک بەدەست ئەو کەسانەوە کەنایانەوێت کورسیی تەمەڵی و هەوڵنەدان

جێنەهێڵن. بۆیە کاتێ بیلیە بەڵێنی بەدەستهێنانی کاسی جیهانی بەباوکی دا، بەڵێنەکەی لەبیر نەچوو، لەدوای هەشت ساڵەتەمەنی ١٧ ساڵیدا بۆی هێنایە دی، ئەی ئێستا چۆن ئێمە ڕێگا دەدەین خەونەکانمان لەدەستمان دەربچن و نەتوانین دەستیان پێوە بگرین لەپێناو خۆمان و ئەوانەدا کەخۆشمان دەوێـن؟ فێری جێنگای تایبەت بەخۆت ببەو دڵخۆشبەو دەوروبەریشت دڵخۆش بکە.

٢٠١٦-٨-١٩

## ٤٣.خەون نامرێت...!

جانتاکەی هەڵگرتووە بەلەشە گەورەکەی کەپێویستی بەدابەزاندنی کێش هەیە، بەزەردەخەنەوە لەبەردەرگا پێشوازی لەگەشتیارەکان دەکات، بەڵێنی هەموو هۆکارێکی حەوانەوەت پێدەدات، هاودەمیت دەکات، ئەوەی دەتەوێت و ناتەوێت بۆت شیدەکاتەوە، لەهەموو کاتەکاندا کەسێتییەکی روخۆشە، نابینیت کەسێتیی تێکەڵ بەمیزاجەکانی خۆی بکات، گرنگی نادات بەوەی کآ بەلایدا دەڕوات، بەڵام مامەڵەت لەگەڵ ناکات بەوشێوەیە نەبێت کەپێویستە! (هارقی) کەسێتییەکە کەلە (کەنەدا) بەلایدا رۆیشتم، لەمیانەی ژیان و سەردانە دووبارەکانمدا لەوێ، ئەو خەونێکی تایبەت بەخۆی هەبوو، بەڵام وازی لەخەونەکەی هێناو رازی بوو بەکاری جانتاهەڵگرتن لەئوتێلێکدا، لەکاتی پشوداندا دادەنیشت و جگەرەی دەکێشا، ئازاد دەبوو، دەتبینی بیری دەکردەوەو ورددەبووەوەو هەناسەکانی بەکوڵێک دوکەڵەوە دەکردە دەرەوە کەگەورەو بچوک دەبوون بەپێی قەبارەی ئەو بیرانەی لەمێشکیدا بوون، رۆژێک لێم پرسی: پێویستت بەوەیە جگەرە بکێشیت؟ وتی نا!

چەند ساڵێک تێپەڕی و کەسێک لەسەر شەقام لەبەردەم ئوتێلەکەدا رایگرتم، «مریەم ئەوە تۆی؟» ئەو هارقی بوو، کەماوەیەک پێشتر وازی لەکارکردن لەئوتێلەکە هێنابوو و کەس هیچی لەبارەوە نەدەزانی، بەڵام جارێکی تر گەڕایەوە بۆ

وەرگرتنەوەی کارەکەی، بەم پرسیارە دەستمپێکرد: بەڵێ منم، ئێستا لەجگەرەکێشان هاتیتەوەو کاتی حەوانەوەت بوو؟ وتی: وازم لەجگەرەکێشان هێناوەو گەڕاومەتەوە بۆ تەواوکردنی خەونە راستەقینەکەم، نەمتوانی بمێنمەوە لەژیانێکدا بەبێ ئامانج و گرنگی، سەرگەرمی و شەونشینی کاتی خۆی هەیەو دەڕوات و ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کەدەتانەوێت، سەردانمان دەکات و دەمانهەژێنێت! هەمیشە خەونی ئەوەی هەبوو ببێتە پەرستارێکی راهێنراو، یارمەتیی خەڵکی بدات و خزمەتیان بکات، ئەمە ئەو سروشتەی بوو کە ئەوکەسەی سەردانی ئوتێلەکەی بکردایەو مامەڵەی لەگەڵی بکردایە هەستی پێ دەکرد، ئەمڕۆو پاش دوایین دیدارمان لەدووساڵلەمەوبەرەوە، هارڤی خوێندنی تەواوکرد، وازی لەجگەرەکێشان هێنا، کێشە زیادەکەشی لەدەستدابوو، بووبوە پەرستارێکی دڵخۆش!

ئەمە لەخۆمەوە نانوسم، یان نایڵێم، ئەو کەسێتییەک بوو کەجیاوازبوو لەوەی من لێم دەخوێندەوە، بەڵام ئەم چیرۆکە شەش ساڵی خایاند بۆئەوەی بێتەدی، گرنگ نیە چەندە لەتەمەنمان تێپەڕیوە، ئەوەی بەسەرمان هاتووە، ئەوەی پێمان وتراوە، ئەوەی پێی گەیشتووین، خەڵکی چۆن سەیرمان دەکەن، ژیان چی بەسەر هێناوین، و قوربانیدانەکان چۆنن، کات گرنگ نیە ئەگەر هێشتا ئەو خەونە ببینین لەخەوەکانمانداو بەیانیان بەم پرسیارە بەخەبەرمان بهێنێتەوە «چیمان بەسەرهاتووە؟»، هارڤی نموونەیەکە هەموو رۆژێک لەگەڵی دەژیین، زۆرکەس واز لەخەونەکانیان دەهێنن بەهۆکاری خەیاڵی، کاتی، هەرکات بەسەردەچێت دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردن بەشێوەنەکانی، هەرکەس بەبیانووی قەدەرەوە دەست لەخەونەکەی هەڵبگرێت، و بەوەی ژیان زۆری رۆیشتووەو هێندەی کات نەماوە بەهەدەری بدات، ئەوە بەڕاستی ژیانی خۆی بەهەدەر داوە، چی بەهایەکی هەیە بژیین لەدەرەوەی ئەوەی خۆمان

دەمانەوێت و خەونەکانیشمان دەورمـان لێبدەن و بەدەورماندا بسورێنەوەو بیرمان بخەنەوە کەئینتیمامان نییە بۆئەوەی ئەمڕۆ ئەنجامی دەدەین، بەڵکو ئینتیمامان بۆ ژیانێکی گرنگتر هەیە کەلە عەقڵی تایبەتیماندا دەژی، لەوانەیە کاتێکی زۆرمـان بوێت تاکو دەگەینە ئەوەی دەست بگرین بەوەوە کەخۆشمان دەوێت، بەڵام هەرکات زانیمان شەرم نەکەین لەوەی بەرەوپیری بڕۆین، شەرم نەکەین لەتەمەن، کات، کۆمەڵگا، بەڵکو سەرەتا ئەوەی دەمانەوێت بیسەپێنین بەسەر خۆماندا، بۆئەوەی ڕێزی بگرین و دواتریش ئەوانەی دەوروبەرمان ڕێزمان بگرن، و بەبێ ملکەچکردن بژیین، چونکە خەون هەر دەمێنێت و نامرێت!

٢٠١٦-٨-٢٧

## ٤٤. کێ دەنووسێت..؟!

لەتێڕوانینی تایبەتی منەوە نووسین بریتییە لەڕەنگدانەوەی ئەوەی لەناخماندا زاڵە، ئامرازێکە کەنووسەر رامی دەکات تاکو ئەوەی لەدەرونیدایە بیخاتەڕوو، تاکو ئەو چیرۆکەی لەناخیدا گوشراوە بەخەڵکی بڵێت، و خۆی ئازاد بکات لەدڵەڕاوکێی وشەکان بەشەوو بەڕۆژ!

هی ڕۆژێک پێنووس موڵکی تاکەکەسێک نەبووە، یان پسپۆڕییەک، هەندێک کەس وانازانێت کەسێک لە وانەی عەرەبیدا دەبێتە نووسەر، ئەوانەی لە وانەی زانست و پزیشکیدان ناتوانن نووسەر بن! ئەوە بەهرەیەکە کەبەپێی کات دەگۆڕێت بۆ کارێکی پیشەیی، لەکاتی خوێندنی زانکۆدا زۆرمان بینیوە لەدکتۆر، ئەندازیار، زانا، هونەرمەند، هتد... کەخاوەنی زمانێکی رەسەنی جوانن کەوادەکەن پێویستت بەوە نەبێت لای خوێندکارانی بەشی زمان بگەڕێیت، ئەوانە سەرکەوتوو دەبن لەوەی دەینووسن، ئێمە بەردەوام لەپێشبڕکێی ئەدەبیدا بووین، دەمانبینی ئەوەی زۆرینەی کات خەڵاتە ئەدەبییەکانی دەبردەوە چینە زانستییەکە بوون. لەپێشانگای کتێبیش ئەو دیمەنە دووبارەدەبێتەوە. کەس ناتوانێت تەنها بەخوێندنێکی ئەکادیمی، یان بەبیردۆزی زانستی، یان تەنانەت بەرهەمی هەندێک پاشخانی فیکری، پێویستە خاڵی ببێتەوە لەپاشەکەوتی عەقڵی، و بوێریی ئەوەی هەبێت لەگەڵ کاغەز گفتوگۆ بکات کەوەکو بوکێکی سپی چاوەڕێ دەکات، بوێریی

دەروونیدا شاردراوەتەوە، پێی وایە هێشتا زۆری ماوەو چاوەڕێی باشترە، ئەمەش حاڵەتێکی تەندروستە لای نووسەر کەبەتێڕوانینی خۆی دیاریی دەکات بەوەی سبەی پێنووسەکەی باسبکرێت نەک لەدایکبووی کاتێکی دیاریکراوبێت و دواتر دیارنەمێنێت، بەڵام ئەمە حاڵەتێکە ئەگەر زۆر درێژەی کێشا دەبێتە درێژخایەن و خاوەنەکەشی بەرهەمی نابێت یان رووناکی نابینێت و بەمەش ئەوەی نووسیویەتی کۆن دەبێت. پرۆسەی هاوسەنگی بریتییە لەهێڵی جیاکەرەوە لەنێوان داهێنان و دەرچوون و جێهێشتنی بۆئەوەی لەپلەکانی خوارەوەدا بمرێت.

٢٠١٦-١١-٥

## ٤٥.خۆشەویستی پێویستییە...!

پێغەمبەر (درودو سڵاوی خودای لەسەربێت) دەفەرموێت:»کەستان باوەڕی نیە تاکو ئەوەی بۆ براکەی پێیخۆش نەبێت کە بۆخۆی پێی خۆشە»، خۆشەویستی حاڵەتێکی مرۆییە، رەسەنە تیاماندا، لەبنەماکانی ئاین و بەها رەوشتییەکانمانە، کەس نکوڵی لەوە ناکات کەخۆی خۆشدەوێت، چاکەی بۆخۆی دەوێت و خولیای چاکەی بۆی هەیە، کاتێکیش چاکەیەک دەکەیت و خۆشەویستی دەبەخشیت بەدەوروبەرت ئەوا لەڕاستیدا خۆت دڵخۆش دەکەیت. بەخشین حەوانەوەیەو بەخشینی خۆشەویستی لەڕێی بەخشینەوە بەوانیتر حەزێکە بەوەی کەبەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئێمە لەدۆخی خۆشەویستیدا بین. هەژار بەهەژاری لەدایکبووە، بەڵام لەدایکنەبووە بەبێ هەست، لەدایکنەبووە بەبێ وزەی خۆشەویستی، کاتێ بەشوێن یەکێکیاندا دەگەڕێیت تاکو خۆشەویستیی پێببەخشیت ئەوا لەناخەوە دڵنیابە لەوەی دڵخۆش دەبیت و هەستێکی خۆشەویستیی زۆرت بۆ دەگەڕێتەوە. تۆ پێویستت بەخۆشەویستییە، تەنها نایکەیتە دیاری بەڵکو داواشی دەکەیت.

کێ لەئێمە نایەوێت کەسانی دەوروبەری گرنگیی پێبدەن، کێ لەئێمە نایەوێت هاوڕێی زۆر لەدەوری بن کەخۆشیان بوێت پێشئەوەی ئەم ئەوانی خۆشبوێت، و کێ لەئێمە لەوکارانەی دەیکات داوای خۆشەویستی ناکات، مرۆڤایەتی لەسەر

خۆشەویستی راهاتووە، خۆشەویستیش هەستێکە کەلەناخماندا تێکەڵ دەبێت و هەستی بەختەوەریمان پێدەبەخشێت، کەواتە چۆن بەشێک لەخۆویستیمان تێدابێت؟! کاتێ پێغەمبەر (درودو سڵاوی خودای لەسەربێت) ئاراستەی کردووین بەخۆشەویستنی برا باوەڕدارەکەمان و پەیوەستی کردووە بەباوەڕەوە، وانەیەکی گەورەی پێداوین بەوەی ژیان رێک نابێت بەخۆویستی، و کاتێ دەرگا بەسەر دەوروبەرماندا دادەخەین. ئەمڕۆ ژیان بەجۆرێکە بەبێ ویستی خۆمان رامانده‌کێشێت بەشەپۆلێکی خێرا کەزۆر لەمرۆڤایەتیی لەبیربردووینەتەوەو نازانین چۆن خۆشەویستی بکەینە دیاری، ئێمە بەشێوەیەک دروست نەبووین وەک ئەوەی ئامێرێک بین بجوڵێین بەبێ ئەوەی هەست بەکەسانی دەوروبەرمان بکەین، بۆئەوەش دروست نەبووین کەڕۆژانە لەڕۆتینێکی وشکدا بژین، دروست نەکراوین بۆئەوەی تەمەن بەقۆناغەکانیدا بمانبات بەرەو وشکیی هەستەکان، بەخشین لەژیاندا تۆوی خۆشەویستییە، پاراستنی ژیانی خەڵکی و هەستەکانیان و بەشداربوونمان لەگەڵیان رۆحی بەخشینە.

خۆشەویستی ئەو شەپۆلە دیلکەرەیە کەدڵمان پێی دەگەشێتەوەو دەیگوشێت بۆئەوەی دڵخۆش و شادومان بین، خۆشەویستی کاتێ لەدەورمان پێدەکەنێت دڵخۆشمان دەکات، خۆشەویستی بەختەوەرییەکە کەخاوەنی نیین، بەڵام لەڕێی ئەوەی پێویستیەتی داوای دەکەین و ئێمەش پێویستمان پێی دەبێت، خۆشەویستی وێنەیەکە لەبەشداریکردن و برایەتی، دارنین لەخۆویستییەکانی ژیان بۆئەوەی دابەشی بکەین لەگەڵیان، خۆشەویستی بەهرەیەکە لەخوداوە، خۆشیویستووین بۆئەوەی دروستکراوەکانیمان خۆشبوێت، دەرگاکانی بەخۆشەویستی کراوەن و چاوەڕێمان دەکەن و هەموو رێگاکانی گەڕانەوەمان بۆ دەکاتەوە کاتێ پێویستمان بەئاسودەیی دەبێت، کەواتە ئێمە چۆن رژد بین لەکاتێکدا خودا

نیعمەتمان پێدەبەخشێت؟!! خۆشەویستی وێنەیەکە هەموو رۆژێک بیری لێدەکەینەوە، بەڵام خۆی بوونی هەیە کاتێ دەروونەکانمان بەرزدەبێتەوە بەئازارنەدانی دەوروبەرمان، بەدەستدرێژی نەکردنە سەری، بەدروستکردنی کێشە بۆی، خۆداماڵین لەخۆبەزلزانی و لەخۆباییبوون، خۆڕازاندنەوە بەخۆبەکەمگری و بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی جوانی خۆمان. خۆشەویستی تۆیت لەڕێی ئەوانیترەوە، لەخۆشەویستییەکدا نامێنیتەوە ئەگەر لەوانە نەبیت کەڕێنمونی دەکەن بۆ خۆشەویستی، کەواتە پێداویستیی خۆت پشتگوێ مەخەو دەستپێشخەربەو خۆشەویستی ببەخشە...!

٢٠١٧-١-٧

## ٤٦.ژیانی دوای کۆچکردن...!

زۆر کەس لەچاوتروکانێکدا جێیان هێشتین، چەند خۆشەویست لای خۆشەویستەکانی کۆچی کردووە!! لەهەموو ماڵێک و هەموو رۆژێک ماوەیەکی زۆرە کەگوێمان لەحاڵەتەکانی لەدەستدان دەبێت، ئەو حاڵەتی کۆچکردنانەی هێشتاش ئازارمان دەدەن، لەهەموو تەمەنەکان و بەهەموو جۆرەکانی هۆکارو رووداوەکان، هەمووان باوەڕیان بەوە هەیە کەهەموو کۆتاییەکان نووسراون، هەمووشمان رۆژێک کۆچ دەکەین و لەدوای خۆمانەوە دنیا جێدەهێڵین، و بەدەستی بەتاڵەوە جێیدەهێڵین.

ژیان ناوەستێت، خەفەتەکە لەدڵی خۆشەویستانتدا قوڵە کاتێ کۆچ دەکەیت، هاوار دەکات و دەگری، هەست بەتاڵیی جیابوونەوەو بۆشاییەکەی دەکات، یادو بۆنەکان دەمێننەوە، هەموو یادگارییەکان و هەموو رووداوەکانی داهاتوو پێیدەڵێن کەکەسێک کۆچی کردووە، بەڵام ئەمە بەزەیی پەروەردگارە بۆئەوەی ئارامی و خۆڕاگری و نیعمەتی لەبیرچوونەوەمان پێببەخشێت، بۆئەوەی بیرمان نەچێت، بەڵکو بەدیدگایەکی تازەوە بژیین.

ئەوەی کۆچ دەکات لەلامان زیاتر پێویستی پێمان دەبێت کاتێ کۆچ دەکات، خۆشەویستی ئەوەیە ئێمە ببینە ئەو دەستەی بۆی بەرزدەکرێینەوە، ئەو دڵەی نزای بۆ دەکات و ئەو کردارەی پێی رێدەکات، و ئەو وێنەیەی سەرلەنوێ دەیژێنێتەوە بەکردارە جوانەکانی، ئێمەش کاتێ کۆچ دەکەین دڵنیاییمان چۆن دەبێت، و

ژیان لەدوای ئێمە چۆن دەبێت؟ مردن ئەزموونێکی راستەقینەیەو کارەساتێکە کەژیانێکی نوێ پەروەردەو دروستدەکات، جا ئایا پێی رازیبین یان نا، باوەڕبوون بەخودا دەبێتە بزوێنەری بەهێزو بەردەوام، کەواتە «کل من علیها فان ویبقی وجه ربک ذو الجلال والاکرام» پەروەردگارمان دەمێنێتەوە کەئاگاداری دۆخمانەو لێمان تێدەگات، ئەو خودایە دەمێنێتەوە کەکاتێ پێویستمان پێی بوو دەستبگرین بەژیانەوە داوای لێ دەکەین بەدەستی پارانەوەوە.

چۆن کۆچ دەکەین؟ نەک کەی کۆچ دەکەین؟ مۆڵەتەکە دیارنیەو کاتیش نازانین، بەحیکمەتێکی خودایی لێمان شاردراوەتەوە، بۆئەوەی هەموو رۆژێک لەدڵەڕاوکێدا نەژیین، بەڵام پێی راگەیاندووین کەلە چاوتروکانێک لێمان نزیکترە، ئایا ژیان لەدوای ئەوە شیاوی ئەوەیە بە ئەو هەموو بارو نارەحەتییانەوە کەهەڵمانگرتووە رووبەڕووی ببینەوە؟ دڵ چەندە ئارام دەبێت بەئارامیی بێگەردی نوێژ؟ و چەندە چێژێکی گەورەیە کاتێ لەکاری خێردا هەوڵ دەدەین!!

چۆن چروکی بنوێنین لەوەی جێنشینێکمان هەبێت کەلە دوای خۆمان بەردەوام بێت؟ چۆن چروکی بنوێنین لەسەر گیانی خۆمان کەلەبەر دەستی خودادا دەبێت و رووبەڕووی دەبینەوە کاتێ ژیانمان بەدروستکراوی خودا گەیاندووە؟ زۆرجار دەپرسین، چۆن هەندێک کەس بەئاسانی دەتوانن بژین لەکاتێکدا ئازاریان بەخەڵکێک گەیاندووە، ئازاری داوەو بەرگەی نزاکانی گرتووە کەوەک ستەملێکراوێک دەیکات؟! چۆن دڵێک دەخەوێت کاتێ کەسێکی لەتامی خەوتن بێبەش کردووە؟! چۆن دڵێک خۆش و بەختیارەو لەدەوروبەرمان کەسێک هەیە کەچاوەڕێی کارێک یان وتەیەک دەکات کەدەروونە ماندووەکەی هێور بکاتەوە؟! ئایا لەمە زیاتری دەکەین؟ دیمەنی کۆچ ئازاربەخشە، نەکۆڵێکت پێیەو نە کەلوپەل، نەهاودەم و نەخۆشەویستێک، جگە لەخۆت کەس لەناو ئەو قوڕ و تاریکییەدا نییە، دەشۆردرێیت و شانەکان هەڵتدەگرن

و ژمارەیەک بەخاکت دەسپێرن، پاشان پۆل پۆل دەگەڕێنەوەو خۆت و ئەوەی کردووتە لەپێش خۆت کاتێ لەسەر زەوی بوویت دەمێننەوە. چەند کەس هەیە کەکۆچی دوایی کردووەو هێشتا بەچاکە یادی دەکەینەوە؟! ژیانی کەسێکی گۆڕیوە، شان بەشانی کەسێک وەستاوە یان لەوانەیە دەستی نەهێنابێتە ڕێی کەسێک، هەموومان کۆچەرین، بەڵام دەبێت ژیانمان لەنێو زیندووەکاندا چۆن بێت لەدوای کۆچکردنمان، بابیربکەینەوەو لێپرسینەوە لەخۆمان بکەین، و هەڵبدەین بۆ ژیانی کەسانی تر بۆئەوەی بژیین.
با لەدوای کۆچکردن بژیین!

٢٠١٧-١-٢٨

## ٤٧. سەیرو سەمەرە!...

چەند کەسێک بووین بەیەکەوە چووینە دەرەوە بەهۆی ئەوەی ماوەیەک بوو یەکترمان نەبینیبوو، بەمەبەستی ئەوەی یەکبگرینەوە لەشوێنێک کەتازە کرابووەوە، کافێیەکی نوێ بوو کەناوبانگی پەیداکردبوو، ئەوە وێستگەی یەکەممان بوو بۆئەوەی قاوەیەکی لێ بخۆینەوە، پاشان بچین بۆ چێشتخانەیەک کەلە شوێنێکی تر بوو، بەهۆی ناوبانگە زۆرەکەیەوە مەحاڵ بوو بتوانیت مێزێکی بەتاڵ بدۆزیتەوە تەنانەت کە شەش کەسی لەسەر نەبێت بەهۆی ئەوەی رۆژی هەینیش بوو کارەکە قورستر بووبوو، کارەکە ئاسان بوو و دانیشتین کەوتینە تاقیکردنەوە بۆئەوەی نهێنییەکە بزانین، سەیری لای راست و چەپمان دەکرد، شوێنەکە لێوانلێوبوو لەمرۆڤی هاوشێوە...!

هەموویان ئەوپەڕی خۆیان رازاندبووەوە کەبەبڕوای من بۆ قاوەخانە یان بۆ چێشتخانەیەک نەدەگونجا، بەڵکو بۆ بۆنەیەکی تایبەتی یان ئاهەنگێکی خێزانی یان هی هاوڕێیەتی دەبوو، بەڵام ئەوانەی لەوێ بوون هەموویان کۆپییەکی یەکتر بوون لەلاساییکردنەوەی شێوەی جل و بەرگ و خۆڕازاندنەوەیاندا، هیچ سیفەتێکی زیندووم لەو روخسارانەدا بەدی نەدەکرد کەتەماشام دەکردن، چونکە مۆبایلەکان زاڵ بووبوون بەسەر دوایین راستییەکانی پەیوەندی و قسەکردندا، هەرکە یەکێک دەهاتەژوورەوە دەستیدەکرد بەوێنەگرتن بۆ نیشاندانی شوێنەکەو

هەموو ئەو شتانەی لەسەر مێزەکەیە، پاشان سەرقاڵ دەبوو بەو کۆمێنتانەی بۆی دەهات و دانیشتنەکە تەواودەبوو. پرسیارێک دەمایەوە: ئەم هەموو خۆجیاکردنەوەو زیادەڕۆیکردنە لەجلوبەرگ و خۆڕازاندنەوەیە بۆ چییە؟ ئەم هەموو روکەشییە بۆ چییە تەنها بۆ وەستان لەڕیزەکاندا تاکو مێزێکت بەردەکەوێت و پاشان ئەوانەمان لەبیربچێتەوە کەلەگەڵیاندا هاتووین؟ لەوبڕوایەدام هیچکامیان هەستیان بەوە نەکردووە، چونکە هەریەک لەوانەی لەسەر مێزەکە بوون هاوشێوە بوون، بێئاگابوون...!!

ئەو چێشتخانەیەش کەبۆی چووین ژینگەیەکی جیاوازتری نەبوو، سەرەڕای ئەوەی بەڵێنمان دابوو وەکو کۆمەڵێک چێژی لێ وەربگرین، بەڵام سەرسام بووین و لەبارەی سەردەمێکەوە قسەمان کرد کەمرۆڤ تیایدا جیاوازی ناکات لەنێوان هەڵوێست و پێگەو پێویستیی هەر شوێن و کاتێک کەناومان ناوە (تێکەڵکردن و رازاندنەوەی رۆژو شەوو شوێن). ئەمڕۆ ئێمە نغرۆ بووین بەشوێنکەوتنی شەپۆلی تۆڕە کۆمەلایەتییەکان، کەوایکردووە هەمووان خۆیان هەڵدەکێشن بەوەی کەهەیانەو لەبیریان دەچێت کەڕاستییەکە ئەوەیە پەیوەندییەکی راستەقینە دروستبکەیت، هەست و سۆزەکانمان، تۆمارکردنی یادگارییەکان بۆ داهاتوو، یادگاریی راستەقینە کەتیایدا باس لەیەکتری بکەین و گوێ بۆ یەکتری بگرین، یادگارییەک بێت کاتێ دێتەوە بیرمان پێبکەنین و لەگەڵی بژین بەشێوەیەک وەک ئەوەی ئێستا روودبدات، چییان بیردێتەوە خاوەنی ئەو پەنجانەی کەناوەستن لەلێدان لەشاشەی مۆبایلەکانیان؟ ئەی کەسوکارمان چییان بیردێتەوە لەبارەی ئێمەوە کاتێ لەگەڵیان دادەنیشین، بەڵام قسەیان لەگەڵ ناکەین؟ ئەو باپیرەو داپیرەیەی کەلەمافیاندا کەمتەرخەمی دەکەین، کاتێکیش کۆچی دوایی دەکەن، دەگەڕێینەوە لەناو مۆبایلەکانماندا دەگەڕێین بۆ وێنەکانیان!

خەریکە ئەم ئالودەبوونە نوێیە دەبێتە هۆی کوشتنی دەوروبەرەکانمان و مرۆڤایەتیمان و راستەقینەمان وەک مرۆڤێک کەخودا دروستیکردووین بۆئەوەی پەیوەندی بکەین، راستەقینەی ژیان و چێژوەرگرتن لێی لەناوماندا دەکوژێت، خەریکە ئەرشیفی وێنەکان پڕدەبن لەوێنەی ناڕاست، تەنها لەبەرئەوەی کاتێکی زۆری گرتووین تاکو گۆشەکانی ڕێکبخەین بۆئەوەی وێنەیەکی جوانی لێ دەربچێت، بەڵان بەتاڵە لەناوەڕۆک و هەڵوێست...! ئەو ئالودەبوونەی ئەمڕۆ لەسەری راهاتووین پێویستی بەچاوپێداخشانەوەیە، مۆدێل، زیادەڕۆیی لەخۆڕازاندنەوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وایکردووە مرۆڤەکان وەک ئامێر تەنها بجولێت بەبێ مەبەست و ئامانجێک.. ئایا پێویستە کەمێک لەگەڵ خۆمان بوەستین و ببینین چەندە لەتەمەن و ژیانمان ماوە بۆئەوەی ئەم شتە رووکەشییانە بیدزێت؟؟؟

٢٠١٧-٧-١

## ٤٨.بۆیاخگەی (مەگدەلین)..پەند..!

گەشتێکم کردو چەند رۆژێکی خۆشم بەسەربرد، تاکو هاوڕێیەکم پرسی و پێیوتم:»ئایا چیرۆکی بۆیاخگەی (مەگدەلین) دەزانیت؟» وتم نا...! لەگرنگترین ئەوشتانەی بەدەستیدەهێنین کاتێ گەشت دەکەین بۆ وڵاتێکی تر، ئەوەی دەستدەکەین بەخوێندنەوە لەبارەی ئەو وڵاتەوە، و بەکلتوریدا شۆڕدەبینەوە، و شارەزادەبین لەو رووداوانەی بەسەری هاتووەو لەگەڵی ژیاون و چۆن ژیاون. نەک تەنها سەیری جوانیی سروشتەکەیان و ژیانی رۆژانەیان بکەین، بەڵکو وردببینەوە لەو رووداوانەی بەسەریان هاتووە، و تیایدا ژیاون، یەکەمجار بوو بزانم قاتوقڕیی (پەتاتە) هەبووە، ئەو رووەکەی لەئەمریکای باشوورەوە بۆیان چووبوو، رووەکێکی جوانکاری بوو لەنێوماڵەکانیاندا، تاکو لەکۆتایی سەدەی حەڤدەدا بووە خواردنی سەرەکیی هەزاران، پاشان لەناوچوو بەهۆی ئافاتێکی کشتوکاڵییەوەو بەوهۆیەوە زۆرکەس مردن، کەخۆی دەدا لەیەک ملیۆن کەس و نزیکەی هێندەی تریش ئاوارەبوون، ئەمەش تەوەرێکی سەرەکی بوو بۆ گۆڕینی شێوەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی (ئیرلەندا)، بەهەندێک شەقامدا رۆیشتین کەدیمەنەکانی ئەو قاتوقڕییەی لەڕێی چەند پەیکەرێکەوە دەنواند، تەنانەت لەچاوی هەندێک لەپەیکەرەکاندا ئازارەکەم دەبینی کەنە قسەی دەکردو نەهەستی هەبوو، ئەوەبوو ژیان لەگەڵ راستیی ئەوەی روویدابوو و چۆن برسێتی و دۆخی سیاسی مرۆڤەکان

بێزار دەکات و لەناویان دەبات...!

بۆیاخگەی (مەگدەلین)یان بۆیاخکردنەکانی مەگدەلین، کەدیاردەیەک بوو لەناو ئیرلەندا کەلەژێر رکێفی کڵێسادا بوو، کەبەڵگە بوو لەسەر مێژوویەکی تایبەت بەئافرەتان لەسەرکوتکردن و ئەشکەنجەیەکی تایبەت، هۆکارەکان گرنگ نین یان ئەوەی چی روویداو چۆن ئەم چیرۆکە کۆتاییهات و چۆن داوای لێبوردن لە ۳۰ هەزار ئافرەت کرا لەساڵی ۲۰۱۳دا، ئەوەی لێرەدا گرنگە بەلامانەوە ئەوەیە کەژیان چۆن دەگۆڕێت.. ئەوەی لەکۆمەڵگایەکی دیاریکراودا جێی قبوڵکردن نییە رۆژێک لەڕۆژان باو بووەو بووەتە بەشێک لەنەریت، بۆیاخگەی (مەگدەلین)هەروەها فیلمێک بوو لەبارەی چیرۆکێکی راستەقینەوە کەلەساڵی ۲۰۰۲ بڵاوکرایەوە، بۆئەوەی تیشک بخاتە سەر بابەتێک کەلەو سەردەمەدا دەوترایەوە، ئەمەش چەند ساڵێک حکومەتی سەرقاڵ کرد تاکو بڕیارێک دەربکات و داوای لێبوردن لەهەموو قوربانییەکان بکات، ئایا لەو چیرۆکانەو لەمێژووی ئافرەتەوە کەچۆن ئەو هەڵوێستانەی تایبەت بوون بەئافرەت بەوشێوەیە نەبوون کەئێستا دەیانبینین، ئەوانەی بانگەشەی ئازادی دەکەن پێش سەدەیەک لەمەوبەر ئەوان بوون کەزەوتیان دەکردو کپیان دەکردو بارودۆخیان دەڕەخساند بۆئەوەی خۆشەویست نەبێت و کۆمەڵگا حەزی پێ نەکات، ویژدانیان نەبوو بەرامبەری کاتێ ستەمی لێدەکراو کەسیش هیچی لەبارەیەوە نەزانی کاتێ کۆچی کرد، چەندە لەوانە شێت بوون، کەمێکیشیان توانییان خۆیان رزگاربکەن و بگەڕێنەوە بۆ ژیان.

ئەمە چاوخشاندنێکە لەنزیکەوە بۆ کاتێکی نزیک، وادەکات تێبگەین کەئێمە چۆن لەپێش چەندین سەدە رێزمان لێ نراوەو هێشتا هەندێک کەس نایزانن، زانیاری دەرگایەکە بۆ تێگەیشتن، تاکو بزانین ئاینەکەمان و کۆمەڵگاکەمان و تەنانەت بەشێک لەداب و نەریتەکانمان رێزیان گرتووین وەک ئافرەتێک و پارێزگارییان

لێ کردووین، چۆن سەرکردەکانمانیان ڕێنمونی کردووە بۆئەوەی مافەکانمان دابین بکەن و مافی زۆرمان پێبدەن لەبارەی فێربوون و کارکردن و سەرکردایەتیکردنەوە، لەو کۆمەڵگایانەی لەڕووی جوگرافییەوە لێمان نزیکن ئافرەت لەتاریکیدا بووە، ئێمە لەڕابردوو و هێشتاش لەڕووناکیداین، ئایا هۆشیارین و دەزانین لەچی دۆخێکداین بۆئەوەی سوپاسی زۆری خودا بکەین؟ پێویستمان بەستەم نییە بۆئەوەی سوپاس بکەین، یان بەتوڕەیی تاکو سوپاس بکەین، بەڵکو پێویستمان بەبیرخستنەوەو خوێندنەوەی مێژووە تاکو هۆشیاربین و تێبیگەین، لەچیرۆکەکانی ئەواندا پەندو وانە هەیە بۆئێمە.

٢٠١٧-٧-٢٩

## ٤٩.بێزاریی فیلمەکان...!

لەهەوڵدابوین بۆئەوەی کاتێکی خۆش لەگەڵ فیلمێکی هێمن بەسەربەرین، دوورلە فیلمەکانی جەنگ و توندوتیژی و خەیاڵە زانستییەکان کەزۆربەیان باس لەڤایرۆسی لەناوبەر دەکەن، یان بوونەوەرە ئاسمانییەکان زەوی داگیردەکەن، یان هەندێک لەفیلم کارتۆنەکان کەتانەت ئێستا هیچ هەستێکی دڵخۆشبوونیان تێدا نەماوە...! فیلمێک بوو کەناوی ئەکتەرەکانی کەمەندکێشی کردین، متمانەمان پێکردن بەوەی ئەوان پارەی خۆیان بەفیرۆ نادەن لەفیلمێکی بێبەهادا، هەموویان وەکو یەک بوون! لیستێکی تێدا نەبوو کەسەرنجت رابکێشێت و ببیتە بینەرێکی کەمەندکێشکراو بۆی. یان تەنانەت هەوڵ بدەیت کەهەموو هەفتەیەک بگەڕێیت بۆئەوەی بزانیت لەسینەماکان چی دەگوزەرێت.

ئەمڕۆ جیهانی وێنەگرتنی سینەمایی سەرنجمان رادەکێشێت، و دەبێتە شەفاعەتکارێک بۆمان بۆئەوەی کەمێک لەکات و پارەی خۆمان بەفیرۆ بدەین تاکو خۆمان لەسەر ئەو کورسییانە قەتیس بکەین و دەوروبەریشمان کەسانی نەناسراو بن، هەوڵدەدەین چێژوەربگرین لەوەی تەکنۆلۆژیاو وێنەی بینراوی سەرنجڕاکێش پێی گەیشتووە لەجیهانی خەیاڵ و دیزایندا. تامەزرۆی فیلمێکی دۆکیومێنتاری بووین، یان ئەوانەی لەسەر بنەمای چیرۆکی مێژوویی راستەقینە بەرهەمهێنرابوون، یان کەسایەتیی سەرنجڕاکێش کەکاریگەرییان هەبوویێت لەژیاندا. نکوڵی لەوە ناکەین کەهەر ماوە نا ماوەیەک

هەندێک فیلم دەبێت کەشیاوی گرنگیپێدان بێت. بەڵام بەکۆی گشتی هەموویان بوونەتە (نەخۆشخەر)...!

پرسیارەکەم ئەوەیە: ئایا ئێمە لەجیهانێکداین کەکەموکوڕیی هەیە لەبارەی کتێبی جوان بۆ فیلم، ئەو فیلمەی دەتگریەنێت لەکاتێکدا تۆ لەناویدا نیت؟ نەک لەبەرئەوەی لەجۆری ئەو فیلمە هیندییانەیە کەزیادەڕۆیی تێداکراوە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەکتەرەکانی زۆر بەڕاستگۆییەوە ڕۆڵەکانیان بینیوە، و قوڵیی چیرۆکەکەی و جوانیی وێنەکانی، و ڕاستیی دەربڕینەکانی ئەو روخسارانەی کەسەرسام دەبین بەڕاستی و ڕەونەقیان بەدوور لەو جوانکارییانەی هەندێک بەهۆیەوە زۆری لەخۆیان دەکەن. واقیعیبوون لەزۆربەی ڕێگاکانی ژیاندا گرنگە، بەڵام ئێمە هێشتا تامەزرۆی حەوانەوەین، بۆ دەربازبوون لەقەیرانی خەم و ئاڵۆزییەکانەوە بۆ جیهانی ئاسودەیی وێنە، هێشتا هیچ نابینین جگە لەشتی پڕوپوچ، ئەگەر بمانەوێت سەرلەنوێ چیرۆکە دووبارەکان بنوسینەوەو نواندنی بۆ بکەین، بەشێوەیەکی بکوژ دووبارەی دەکەینەوە وەک ئەو فیلمەی ئێمە ویستمان و تووشی شۆکی کردین. هیچی تێدا نەبوو جگە لەقەشەنگیی ئەکتەرە کچەکان و لێهاتوویی ئەورووپییەکان لەقسەی باق و بریق و ڕێکوپێکییەکی سەرسوڕهێنەر، لەگەڵ دۆخی لەسەرخۆیی لەکاتی قسەکردن و هەستان و دانیشتن وەک ئەوەی لەهەموو کاتەکاندا شازادە بن. بەوشێوەیە هێشتا ئاواتەخوازین لەفیلمێکەوە بۆ فیلمێکی تر لەهۆڵەکانی سینەمادا بمێنینەوە لەیەک ڕۆژدا، نەک هەموو هەفتەیەک بگەڕێین و فیلمێکی نوێ نەبێت کەسەرنجمان رابکێشێت.!

پرسیارم دەکرد کێ دیارنەماوە؟ نووسەر یان ئەو ئەکتەرەی خاوەن ڕەوشتێکی پەیوەست بێت بەپێشکەشکردنی شتێکی بەهادار؟ یان ئەو دەرهێنەرەی لەکارێکدا ماندوودەبێت کەشایستە بێت؟ یان ئەو ڕەخنەگرانەی لەکاتێکی دیاریکراودا بڵێن ئەم فیلمە

بۆچی؟ یان ئەو جەماوەرەی دادەبڕێن؟ یان دۆخێکی کاتییە بۆ ئەو کاتەی ئێمەی تێداین و پێویست ناکات زیادەڕۆیی بکەین لەبڕیاردان، و لەگەڵ ئەوە بڕۆین کەپیشکەش دەکرێت...؟

٢٠١٧-٨-٢٦

## ٥٠. وزەی بەخشین...!

ئایا رۆژێک لەڕۆژان چاوت داخستووەو بڵێی (سوپاس بۆ خودا) لەبەرئەوەی کەسێک پێیوتوویت «کاریگەریت لەسەر ژیانم هەبووە»، «وتەکانی تۆ هاندەرم بوون»، «پاڵنەرم بوویت»، «پێشەنگ بوویت بۆ من»، «بەهەڵوێستەکەت کاریگەر بووم»، «تۆ ئیلهامبەخش بوویت بۆم»...هتد! ئایا دڵخۆشبوویت بەو حاڵەتە ویژدانییە کەوادەکات هەناسەیەکی قوڵ هەڵمژیت و بڵێیت:»سوپاس پەروەردگارم»و باوەش بکەیت بەساتی منەتباری و خۆشەویستیی راستەقینە، بەختەوەرییەک کەپارەو ماڵی دنیا نایهێنێت هەرچەندە کارت کردبێت و هەوڵت دابێت؟

ژیانی کەسێکت گۆڕیبێت، ئەوەی بەشێک لەیادگارییەکانی تۆ بیت، یەکێک رۆژێک لەڕۆژان چیرۆکێک بگێڕێتەوە کەتۆی تێدابێت، یان ناوی لەلا ببرێت و بڵێت «خودا یادی بەرز رابگرێت»، شتی وات هەبووە؟

وزەی بەخشین، بێئەوەی خۆت هەستبکەیت ژیانی داهاتووی کەسێک پێکدەهێنێت، لەوانەیە کەسێک لەئێمە نەزانێت دەکرێت چی بکات، بەڵام ئەوانە هەل و گۆڕانکارین کەخودا پێمان دەدات بۆئەوەی کاریگەربین، نەک بەشێوازی وتەو ئەو قسانەی کۆتاییان نایەت، بەڵکو بەژیان لەگەڵیدا، بەوەی کاریگەر بین و خاوەن ئەزموونی راستەقینەبین، بەخشین قسە یاخود پارە نییە، بەڵکو تۆ بەخودی خۆت و وزەتەوە خاوەن توانایەک دەبیت کەئیلهامبەخش

بیت بۆ کەسانیتر! لەوانەیە هەندێک کەس پێیانوابێت ئەوانەی جیهان دەگۆڕن کەسانێکی پسپۆڕو تایبەتمەندو دەگمەنن، ئەوە ئەرکی ئەوانە، ئەمە ئەو بیردۆزەیە کە(هەڵەکارەکان) بڕوایان پێی هەیە، هەریەک لەئێمە دەتوانێت شوێندەستی دیاربێت و خاوەنی بەخشینێکی تازەبووەوە بێت. ئارامگرتن و بەردەوامی و ئەوەی کەسانیتر بەوشێوەیە بتبینن ئەوا تۆ کاریگەریت. بەوەی کۆشش بکەیت و دوودڵ نەبیت کاتێ کەسێک داوای شتێکت لێدەکات. ئەوەی کات نا کاتێک لەژیانی کەسێکدا بوونت هەبێت، لەکاتی خۆتی پێبدەیت، لەو ژیانەت کەڕۆیشت، و بەوەی بەختەوەرییەکی تایبەتی بۆ پێکبهێنیت، ئەوەی پێی هەڵدەستیت کەمتەرخەمیی تێدا مەکە، چونکە لەوانەیە ئەوەی ئەمڕۆ دەیکەیت مرۆڤێک بگۆڕێت کە لەدوورەوە چاوەڕێیە، لەشوێنێکەوە کەتۆ نایزانیت، تۆ نایناسیت، لەسەعاتێکدا کەلەوانەیە نەیزانیت، بەڵام ئەوە شکۆو نیعمەتێکە لەخوداوە، لەبەخشیندا زیان ناکەین، لەپارەو لەکاتدا، لەژیانیشدا، بەڵکو پاکی و بێگەردی بۆ خودا رۆحەکانمان نوێ دەبێتەوە، بەرەو ئاسۆیەکی گەورەتر هەڵدەزنێت، لەوانەیە دەوڵەمەند نەبیت، داهاتێکی کەمت هەبێت، بەڵام کەسانی دەوروبەرت نزای زۆرت بۆ بکەن، ئاواتی چاکەت بۆ بخوازن، دڵخۆشبن بەبوونت، لەبەر هەوڵەکانت بۆیان، لەبەر رابردوویەک کەلەگەڵیاندا ژیاویت، لەبەر رۆژێک کەبۆ هەتاهەتایە ژیانیانی گۆڕیوە، لەبەر چیرۆکێک کەگێڕاوتەتەوە، لەبەر کارێک کەکردووتە، یان بەهۆی خۆبەکەمگرییەکەوە کەلەگەڵیان نواندووتە...!

لەوانەیە ژیان لەکاتێکی کەمدا کۆتایی بێت، بەڵام خۆشەویستی تەواو نابێت، درێژدەبێتەوە بۆ چەندین ماوە، چەندین ژیان، کەسێک کەنایناسیت باست دەکات و خۆشی دەوێیت ئایا ئەمە بەکەم دەزانیت؟ «ئەگەر خودا تۆی خۆشویست کارێک دەکات خەڵکی خۆشیان بوێیت» ئایا ئەم واتا گەورەیەتان لەبیردەچێت،

خۆشەویستی خەڵکی نیعمەتێکی گەورەیە کەدروستنابێت ئەگەر هاتو بەخشەر نەبیت، خۆشەویست نەبیت، خۆبەختکار نەبیت، جیاوازبە کەسانێکی زۆر دەتناسن، ئامادەبوونە بێ مەبەستەکانت کەمبکەرەوە، دەرکەوتنە هەڕەمەکییە بێ تازەبوونەوەکانت کەم بکەرەوە، وێنەیەکی دووبارە، هەرگیز بەبێ دەستکەوت مەژی، خاوەنی بەخشین بە بۆخۆت، بۆئەوەی بچێت بۆ کەسانی تریش، هەمووومان ئاواتی زۆر دەخوازین کەبەبێ ماندووبوون و هەوڵدانی بەردەوام نایەتەدی، ئەزموونەکانت دووبارەبکەرەوەو پێشیان بخە، هەموو رۆژێک یادگارییەکی نوێ بنووسەرەوە لەگەڵ ئەو چیرۆکانەی کە کەسانیتر نەیاننووسیوە، تۆو بەخشینەکانت با حاڵەتێکی هەلاوێردە بن...!

٢٠١٧-٨-٢٣

## ٥١.چیرۆکی دەوڵەتان لەپیاوێکدا...!

ئایا کەس هەیە لەنێوماندا وڵات بەوڵات گەڕابێت و بەوشێوەیە ژیابێت؟ کەس هەیە ژیانی هەمیشە لەچاوەڕوانیی یەکگرتنەوەدا بووبێت بۆئەوەی بەکەسوکاری بگات، ئەو دایکەی تەمەنی چووەتەسەرو چاوەڕێیە هەمووان لەماڵێکدا بەیەکەوە بژین و نەوەکانی و لقی درەختێکی بەرهەمدار کەلە زەیتون بچێت لەدەوری بن؟ ئایا هەواڵەکانت بۆ هاتووە بەخۆش و ناخۆشیانەوە لەوایەرێکی درێژەوە کەپێی دەوترا تەلەفۆن لەماڵی هاوڕێیان و نەناسراوەکانەوە؟ ئایا شەوێک نەناسراوێکت لەئامێزگرتووە جگە لەهاوسەرو منداڵەکان؟ و ئایا ڕۆژێک زانیوتە برایەکت کۆچی کردووەو تۆش لێی دووربیت و کەسێک پێت بڵێت سەعاتێک لەمەوبەر ڕۆیشتووە؟

ئایا ئەو ئوتێلانە بوونەتە ماڵێک بۆت؟ و کات توانیویەتی لەناو تۆدا بوەستێت و تاکو یادەوەریی غوربەت و پەناهەندەیی نزیکەی ٤٠ ساڵبسڕیتەوە؟ ئایا باسی ئاوارەیی و پەنابەریت نووسیوەتەوە؟ ئایا لەمنداڵە شیرەخۆرەکەت دابڕاویت و بوویتە دایکێکی مێشک بڵاو، کەسبەینێ چیی لەخۆیدا هەڵگرتووە؟ حاڵەتی ڕاچەنینت لەلادروستبووە تاکو ببیتە پاشماوەی چیرۆکی بەتەمەنەکان کاتێ پێیان دەگەیت؟ چەند ساڵێک لەمەوبەر هەوڵت داوە ڕوخسارەکانیانت بەبیربێتەوە بۆئەوەی دڵخۆشبیت پێیان؟ ئایا لەنێو وڵاتاندا لەهاتوچۆدا بوویت و نەتزانیوە کامیان ناوبنێیت

نیشتمان؟ پاسپۆرتی زۆرو کاغەزی زۆرو ژیانێک کە لەچاوەڕوانیی جێهێشتندا دەستپێبکات لەچەندین شوێن؟ ئایا دۆخی ژیان لەژوورەکاندا راوەدووی ناویت تاکو سەقامگیری بێتواناو بەئازار بێت لەکاتی رۆیشتن و جێهێشتنی یادگارییەکاندا؟

ئایا ئەمرۆ لەنیعمەتی ئەوە تێدەگەیت کەتەمەنێک لەیەک شوێندا دەژیت، لەگەڵ دایکت و باوکت، براکانت و ئامازەت بۆ ناکرێت بەو پرسیارانەی کەسنوریان نییە، سەقفێک لەسەر سەرتەوەیەو هەموو ئەو ژیانەی دەتەوێت لەنزیکتەوەیە، هەرکات ویستت گەشت دەکەیت و بەبێ هیچ ترس و دڵەڕاوکێیەکیش دەگەڕێیتەوە، لەپشت سنورەکانەوە چاوەڕێ ناکەیت یان چەندین سەعات گیرناخۆیت بۆئەوەی کەسێک بتبات بەرەو دەرگای چوونەدەرەوە لەپاش چەندین پرسیارکردن؟ کێ لەپشت پەنجەرەوە لەوڵاتی کۆچدا تەماشامان دەکات، لەشوێنێکی دوورو ئاە هەڵدەکێشێت و دێتە دەرەوەو هەناسەیەک دەداتەوەو لەدەروون و دۆخی خۆی دەپرسێت، کەی کات دەبێتە ژیانی من؟ لەکاتدا بوومە دیل و نازانم چۆن بگەڕێمەوە؟

کەسانێکی زۆر هەن لەدەوروبەرمان، پەنابەرن، لەنیشتمان دوورن،لەکەسوکارو تەنانەت لەوەش کەبزانن لەکوێن؟!! چیرۆکەکانی پەنابەران لەوپەڕی دنیاوە چیرۆکێکن کەدڵ دەکەن بەئاو، زۆر بابەتی ئەدەبیی لێ کەوتووەتەوە کەئەمرۆ ئێمە دەیانخوێنینەوەو لەگەڵی دەژیین، دەژیین لەگەڵ ساتی چوونەدەرەوەو ساتی گەڕانەوە بۆ چارەنووسی نادیار دەژیین، وادەکەن لەگەڵیان بگریت بەهۆی غوربەتیانەوەو سوپاسی خودا بکەیت بۆئەوەی خاوەنیت، سەرەڕای ئێش ژیان لەناخیاندا لەناوناچێت، سەرەڕای دوورییان لەکەسوکار، و سەرەڕای دووریی مەوداکان، سەرسامت ناکات بەچاوچنۆکی و رق، چونکە ئەو سەرقاڵە بەوەی کەهەیەتی، نایەوێت ببێتە پردێک لەبەرزییەکانی کاتێکدا کەهیچ کاری نییە جگە

لەهەڵگەڕانەوەو سکاڵاکردن لەهاوڕێکانی. دڵت هەڵبگرەو لەڕێی کتێبێک لەکتێبەکانی لەبارەی گەڕانەوەی بۆ نیشتمان لەدوای چەند دەیەیەک، گەڕان و پشکنینی، بخوێنەرەوە بۆئەوانەی دەیانەوێت بگەڕێنەوەو نایانەوێت بگەڕێنەوە، وشەکان لەدڵتدا هەڵبگێڕەوەو بەرگەی ئازاری زۆر بگرەو سوپاسی خودا بکەو بڵێ «سوپاس بۆ خودا لەبەر نیشتمان» ئەوانەی پارێزگاریمان لێدەکەن، هۆنراوەی ژیان بخوێنەرەوە لەدێڕەکانیانداو وەسفیان بکە لەکاری رۆژانەو شەهیدەکانیان، دواتر دەزانیت لەهەموو شوێنێک قوربانیدان و خۆشەویستیی گەورە هەیە، کەکەس بۆ یەک شوێن نارەزایی نیە کەئەویش ناوی (نیشتمان)ە.

٢٠١٧-١٠-١٤

## ٥٢.زیرەکانە تۆماری بکە...!

چەند لێهاتووییەک هەیە کەلەسەرەتامانەوە نیمانە، لەسەرەتای دروستبوون و کاری فەرمانبەری، لێهاتووییەک کەبەئاسانی رێک ناکرێتەوە بۆمان و پێویستی بەچەند ساڵێک بگرە ژیانێک لەڕاهاتن و هەوڵ و کۆششی گەورە هەیە تاکو بەتەواوی شارەزای ئەو ئامرازانە بین کەپێویستمان پێیەتی و خزمەتمان دەکات و جیاوازمان دەکات. رۆژێک لەڕۆژان پرسیارت لەخۆت کردووە بۆچی هەندێک کەس تواناو شارەزایی هەیە لەنووسیندا؟ لەبەرئەوەیە کەخوێنەرە؟ گوێگرێکی باشە؟ کارلێک دەکات؟ هەوڵدەدات خۆی بەرەوپێش ببات؟ چێژە زانستییەکەی پڕخۆراک دەکات بەوشەو زاراوەو ماناکانیان لەشوێن و گفتوگۆ جۆراوجۆرەکاندا؟ لەکەسانی خاوەن زانست و شارەزاییەوە فێردەبێت؟ بۆچی لەتۆ جیاوازدەبێت و دەردەکەوێت؟ کەسانێک هەن نازانن کەزانیاریی نووسراو پێویستی بەوەیە کەئێمە لەشوێنکەوتووانی ژیانی نووسینگەیی خوێندنەوەیی، و لەو کەسانەبێت کەزمانی عەرەبی بەکەم سەیر نەکات...!

ئێستا لەسەردەمێکداین کەهەندێ لاوازی دەبینین لەنووسینی نووسینگەیی کارگێڕیی رەوان، کەبەڵگەیە بۆ هەستێکی دامەزراوەیی سەرکەوتوو، ئێستا ئەوکەسەی بتوانێت بەباشی راپۆرت و نامەی عەرەبی بنووسێت بەبێ هەڵەو بەیەکەمجار، ئەوە گەوهەرێکەو دەگمەن و هەڵاوێردەیە، لەوەش خراپتر ئەو کەسەیە نەزانێت چۆن بخوێنێتەوە! کەسێک دەناسیت کەڕاپۆرت بنووسێت بەشێوازە

جۆراوجۆرەکانی کەخۆی لەزیاتر لەسەدان راپۆرت دەدات؟
کەسێک کەلەسەر ئاستە جۆراوجۆرەکان راپۆرت دەنووسێت؟
کەسێک کەدەزانێت کاتێ بۆ وەزیر دەنووسێت نابێت نووسینەکەی
هاوشێوەی نووسینێک بێت بۆ بەرپرسی دامەزراوەیەک و لایەنێکی
حکومی...! نامەکان و راپۆرتەکان جیاوازییان هەیە لەگەڵیشیاندا
تێگەیشتن و هێز جیاوازیی زۆری هەیە...!

٢٨-١٠-٢٠١٧

## ٥٣.خۆت دەکەیت بەچی.. ئەوەی ماوە بۆ خۆتانی جێدەهێڵم...!

لەبیرتە کێ لەسەرەتاوە دەستەکانی گرتیت؟ کێ فێری کردیت کەفڵچە بگریت بەدەستتەوە؟ کێ چرپاندی بەگوێتداو وتی تۆ داهێنەریت؟ کێ یارمەتیی دایت لەهەڵگرتنی کەلوپەلەکانتدا؟ کێ لەگەڵتدا داهاتووتی خوێندەوە؟ کێ زەردەخەنەی کرد بۆ تابلۆیەک کەتۆ کێشابووت؟ وشەیەک کەنووسیبێتت؟ ئایا دڵخۆشییەکانی سەرەتات لەبیرماوە؟ کاتێ وتیان تۆ خاوەنی بەهرەیت؟ ئایا ئەمرۆ لەدوای تەمەنێک و نەوە لەدوای نەوە کەتۆ لەسەرەتاکانەوە خەونی زۆرت هەبووە کەکەسێکت لەگەڵ بێت هانت بدات؟ بکێشێت بەسەر شانتداو بڵێت بەردەوام بە، فێربە، راهێنان بکە، خۆڕاگربە، تاقانە بە...!

ئەمڕۆ بوویت بەهونەرمەندێک؟ نووسەرێک؟ ئەندازیارێک؟ مۆسیقییەک؟ پەیکەرتاشێک؟ هەموو ئەو بەهرانەی ئەمڕۆ خاوەنیت، و هەموو حاڵەتەکانی ماندووبوون و شەکەتی، هەموو قۆناغەکانی راهێنان و بەردەوامی، و ساڵانی ئەزمونکردن بۆ چەندین جار، ئایا ئەمرۆ لەبیرتدایە؟ ئەمڕۆ دەزانیت کەچۆن گەیشتیتە ئەوەی ئێستا، ئایا رۆژێک دێت ئارەزوو بکەیت کەبگەڕێیتەوە بۆ دواوە؟ هەریەک لەئێمە کاتێ سەیری دواوە دەکات دەڵێت:»شایستەی هەموو ماندووبوون و گرنگیپێدانێک بوو« بەبێ سەرەتاکان کۆتاییەکان هیچ تامێکیان نییە، هیچ هەستێک نییە بەرامبەر ئەو شتانەی هەمانە

ئەگەر تێکەڵ نەبێت بەئارەقەی شکستهێنانی یەکەمجار، لەگەڵ دووبارەکردنەوە بۆچەندین جارو چەندین جارو چەندین جار...!

لەنێوان منداڵی و پێگەیشتندا، لەنێوان خەون و راستیدا، هەموو ساڵەکان ئەمڕۆ بیرەوەرین، شارەزایی و ئەزموونن کەشایستەی ئەوەن بنووسرێنەوە، ئەگەر لەنێوان نەوەکاندا نەگوێزرێتەوە، هەموو ئەو ناڕەحەتییانە شایستەی ئەوەن تەمەنەکانمان وەربگێڕن، بۆئەوەی پردێک لەگفتوگۆ بنیات بنرێت، هەروەها بەچەند دێڕێک بۆ داهاتوو بنووسرێن کەچۆن نەوەکان یەکتری تەواودەکەن لەبەردەوامیی داهێناندا، لەبازنەی بزاوتی هونەری رۆشنبیری مرۆیی لەهەموو بوارەکاندا بەبێ جیاوازی، ئەوە ئەو سەرەتایانەیە کە هەندێجار لەگەڵ ریزی گەورەکاندا دەستپێدەکات و بچوکەکان دەیخۆنەوە، ئەوە ئەو سەرەتایانەن کەگەورەو بچوک هەڵدەگرن بۆ جیهانێک کەهیچ نییە جگە لەڕاستییەک کەئایندەیەکی پڕ دەستکەوتتر بنیات دەنێت، لێرەدا گەورە دێت بۆئەوەی باوەش بەبچوکدا بکات، کاتێ لەوەی پێی بەخشیوین بەشێکی پێشکەش بەکۆمەڵگا دەکەینەوە، وەڵامی چاکە دەدەینەوە بەگواستنەوەی شارەزاییەکانمان و کەسانێکی تر فێردەکەین... هەروەها بەوەی بوونمان هەبێت لەپێناوی خۆمان و ئەوانیتردا لەگەشتێکدا کەبە بەخشین نوێدەبێتەوە، لەبەندەرێکدا لەنگەر دەگرێت لەنێوان هەوڵە یەکەمینەکان و ئەو شارەزاییەی چەندین ساڵەتەمەن کورت دەکاتەوە لەدۆخێکی پیشەگەرانەی رەسەندا، بەچەند نموونەیەک کەدەتوانێت حاڵەتی تێگەیشتن و هەستی بینین نوێبکاتەوە...!

ئەمڕۆ پێویستمان بەو تێکەڵبوون و دەستپێشخەرییانەیە کەدایەنی مرۆیی بۆ هەموو جۆرە هونەرێکی ژیانی هەیە، تاکو دەبێتە جێنشینێکی بەردەوام، و جوانییەکی دووبارەبووەوە لەڕەسەنایەتی و قوڵایی کەتێکەڵ نەبووە بەهەر خێرابوونێکی سەردەم، ئەوەی کەچیتر منداڵەکان فێری واتای میراتگری و ئەزموونی پێشوو

ناکات، فێری لەسەرخۆیی و ڕاهێنان، ئارامگرتن لەسەر زۆر شت بەرلە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگا بەئەنجامێک کەلەوانەیە بمێنێتەوەو لەوانەشە بڕوات و نەیەتەوە.

٢٠١٨-١-٢٧

با بیانی بەخشەکانی خودا بکەینەوە... با هەموو ڕۆژێک دڵسۆزی بنوێنین، پاش ئەو کەسە بکەین کە ڕازی بە دەستی ئەوە، با لە یادمان بێت کە ئەرکەکەی نوێژی بەپانی بکات لە پارێزراوی خوداییە، پاشەڕۆژمان لە پاڕێت هەرکەس ئیل لەکەسێکی تر بکات خودا هیچی نییەکات، با دڵنیابین لەوەی جوانترین شت بەدەستدەهێنین لە خوداوە نەک لە مرۆڤێکی لاوازەوە.

با لاوازی و خەم لەبیربکەین و هەندێک کەس پشتگوێ بخەین، با لە هەموو کاتێکدا لەناخەوە پەیوەست بین بە خوداوە، بە دڵنیاییەکی ڕاستەقینەوە کە ئەو ڕێزمان لێ دەنێت، پاوەی هەرشتێک لەلای خوداوە بێت لەوە گرنگترە کە خۆمان هەوڵی بۆ دەدەین. بە دڵنیاییەوە ئەم قسەیە دەکەم کە خۆم زۆرجار لەگەڵی ژیاوم، چاوەڕێی بیانەدان مەکە و چاوەڕێی سوپاس مەکە لە کەسەوە، بەڵکو با بەدڵسۆزی لە نێوان خۆت و خودادا بمێنێتەوە، چونکە ئەو هەڵی پێداویت بۆ ئەوەی بجیابینی و خاوەنی کاری پاشنە بێت لەم ژیانەدا، ئەو کاتیش پاداشت دەداتەوە بێت دەبەخشێت و ئەوان لەبیردەکات.

لەیادت بێت... سەرزت لەبیرکە و لەگەڵ خودا بژی...!

PRICE

کتێبخانەی گۆڵدن بووک
بە چاپ و بڵاوکردنەوە
07701598762 - 07501444434
Goldenbook @ktebfroshe_warzer
GOLDEN BOOK

گروپی کتێبخانەی ( PDF )

ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان

وە بەرهەم و کاری نوێ




**کتێبخانەی ( PDF )** ›

Public group · **100K** Members